شیکار

گۆڤارێکی وەرزیی هزرییە
پەیمانگەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بۆ پرسە کۆمەڵایەتییەکان دەریدەکات
ساڵی هەشتەم – ژمارە (٢٩)

خاوەنی ئیمتیاز
یەکێتی ئافرەتانی کوردستان

سەرنووسەر
مەهاباد قەرەداغی
mahabad07@gmail.com
07504451932

دیزایینی بەرگ و ناوەوە
هێمن خدر
07504073710

پێگەی ئەلیکترۆنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان
www.helinmedia.org

پێرست

سەروتار...سەرنووسەر.................... ٥
تیۆری و مێژووی فێمینیزم (بەشی دووەم)..................... مەهاباد قەرەداغی.................... ٩
دەوڵەتی یاسا و دەوڵەتی فەتوا........................... حەمەسەعید حەسەن.................. ٢٣
ڕۆڵی پەروەردە لە هۆشیاری ژینگەییدا........................ ساردینا ئیبراهیم.................... ٣١
پێگە و وێنەی ئافرەت لە میدیادا .... د. بەهات حەسیب قەرەداغی....... ٤٥
شیری ڕەش / بیرەوەری ئەلیف شەفەق.................... وەرگێڕانی شێرزاد هەینی........... ٥٥
منداڵ و مردن و مردن لە ئەدەبی منداڵاندا.................... ڕەزا شوان.................... ٦٧
ئافرەتیزم توێژینەوەیەکی گرنگ لە بارەی پرسی ئافرەتدا .... سەدیق سەعید رەواندوزی......... ٨٥
کام خودنووسینەوەی ژنان؟ .... سەدیق سەعید ڕەواندوزی........... ٩٥
دۆزەخ بە جەستەوە .. ڕۆمانێک بە زمانی ئیتاڵی لەسەر ئەنفال .... تاریق بزێنی.................... ١٠٣
هێرۆ کوردە شاعیر و توێژەرێکی بوێر لە بواری ئەدەبی ئیرۆتیک............ ستار جەباری.................... ١٠٧
بەرزبوونەوەی ڕێژەی ئافرەتی خاوەن پرۆژە .... ئیراد مەنوچەر سان ئەحمەد....... ١١٩
چۆنێتی فێربوونی زمان........................... شەنگ مەحەمەد ئەدیب و ئەڤین سەعید ١٢٩
فرمێسکێکی قەتیسماو لە چاوی شانۆ.. بیرەوەری........................فرمێسک مستەفا ١٣٥

سەرنووسەر

ژمارە (٢٩)ی گۆڤاری شیکار دەستپێکی ساڵی هەشتەمی تەمەنی گۆڤارەکەمانە، چوون ژمارەی پێشوو(٢٨) حەوتەمین ساڵی تەمەنی گۆڤارەکەی پڕ کردەوە.
ڕاستییەکی تاڵ هەیە و پێویستە بە ڕاستگۆییەوە دەرببڕدرێت، ئەویش ئەوەیە دەرکردنی گۆڤارێکی وەرزی هزری تایبەت بە لێکۆڵینەوە و بە تاقی تەنیا، کارێکی ئاسان نییە و هەڵگرتنی ئەم ئەرکە لەسەر شانی خۆم وەک سەرنووسەری گۆڤارەکە لە خۆشەویستی بێسنوورم بووە بۆ نووسین و هەستکردن بەو بۆشاییەی بواری لێکۆڵینەوەی هزری لە پانتایی گۆڕەپانی رۆشنبیریی کوردی هەیە.
گۆڤارێکی وەک «شیکار» کە بووەتە سەرچاوەیەکی گرنگی بابەتە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووریی و پەروەردەییەکان و وەرزانە ژمارەیەکی لە قەوارەی کتێبێکی ٢٣٠ تا ٢٥٠ و هەندێ جاریش دەگاتە ٣٠٠ لاپەڕە، دەردەچێت، خۆی لە خۆیدا هی ئەوەیە دەزگایەکی گەورەی هەبێت و دەیان کەس کاری تێدا بکەن، بەڵام گۆڤاری شیکار بە تەنیا سەرنووسەر هەموو کارەکانی دەکات و لە یەک ژووردا کە ئۆفیسی سەرنووسەرە و لە مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستانە، کە خاوەنی ئیمتیازی گۆڤارەکەیە و منیش وەک سەرنووسەری گۆڤارەکە مەبەستم بووە ئەم گۆڤارە ببێتە زمانحاڵێکی بەهێزی ئەم رێکخراوە و ویستوومە ئەم رێکخراوە دێرینەی بۆ پاراستنی مافەکانی ئافرەتانیی کوردستان لەسەرەتای پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا دامەزراوە، بەردەوام لە گەشەسەندندا بێت. گۆڤاری شیکار؛ بە شانازییەوە بووەتە یەکێک لە سیما گرنگ و دیارەکانی ئەم رێکخراوە و هۆیەکی گەشەسەندنی، بە تایبەتی لە بواری فیکریدا، کە بێگومان بۆ رێکخراوێکی مەدەنی و پیشەیی فیکر پێویستە دیار و بەرجەستە بێت.

قەیرانی دارایی، لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ ەوە دەستی پێکرد و بە پەلامارەکانی داعش بۆ سەر کوردستان لە مانگی هەشتی ئەو ساڵەوە، قەیران زیاتر پەرەی سەند و نایشارمەوە کە چەندین جار ئەم گۆڤارە هەڕەشەی وەستانی کەوتە سەر و هاوڕێ خۆشەویستە نووسەرەکانم پشتیوان بوون لە نەوەستانی و بە خۆبەخشی بابەتە بەپێزەکانی خۆیان بۆ

دەناردم. وەک سەرنووسەری گۆڤارەکە، سوپاسی یەک بە یەکی ئەو هاورێ هێژایانە، ئەو قەڵەمە بەهێز و پێزانە دەکەم کە لە گۆڤاری شیکاردا بەشدار بوون و هۆی سەرکەوتنی ئەم پرۆژە هزری و رۆشنبیرییە بوون کە ئەوەتا لە سایەی پێنووسی بە بڕشتی ئەوان و پێسوازی گەرمی خوێنەرە ئەکادیمییەکان و مامۆستا و قوتابیانی زانکۆکان، حەوتساڵی تەمەنی خۆی بڕی و پێی نایە نێو ساڵی هەشتەمەوە.

یەکێک لەو نووسەرە هێژا و خامەئەڵماسییەی کە گۆڤاری شیکار شانازی پێوە دەکات و لە زۆرینەی ژمارەکانیدا لێکۆڵینەوەی بەپێزی بڵاو بۆتەوە، شاعیر و نووسەر و ڕەخنەگر حەمەسەعید حەسەنە، کە لەساڵیادی حەوتەمی تەمەنی گۆڤاری شیکار بۆ ڕێزلێنان لە ڕۆڵی پێشکەوتنخوازانەی لە بەرگریکردن لە ژن و لە ئازادی و هەوڵدانی بۆ کۆمەڵێکی پێشکەوتوو، هزر و خامەکەی بەکارهێناوە، خەڵاتی گۆڤاری شیکاری پێ دەبەخشێت. هیوادارین لە بەردەوامی گۆڤارەکەدا ساڵانە و لە ساڵانی داهاتوودا ڕێز لە نووسەرانی تریشی بنێین و خەڵاتی گۆڤاری شیکار پێشکەش بە نووسەرانی خامەبەهێزی کورد بکەین.

بەوپەڕی شانازی و خۆشەویستییەوە، ژمارەی ٢٩ ی گۆڤاریەکەتان دەخەینە بەردەست و هیوامانە سوودی لێ وەربگرن و وەک خوێنەری داهێنەر بەشداربن لە پێشخستنیدا و هەر سەرنج و تێبینییەکیشتان هەبێت بە پۆستی ئەلکترۆنی گۆڤارەکە، کە لە لاپەڕەی یەکەمدا نووسراوە، یاخوود بە ژمارە تەلەفۆنی سەرنووسەر، پێمی بگەیەنن و رەخنە و سەرنج و تێبینییەکانتان دەخەینە سەرچاومان.

تیۆری و مێژووی فێمینیزم

بەشی دووەم

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: مەهاباد قەرەداغی

پێشەکی:
لە بەشی یەکەمدا کە لە ژمارە (٢٨)ی گۆڤاری شیکاردا بڵاومان کردەوە، بابەتگەلێک لە چوارچیوەی تیۆری و مێژووی فێمینیزم باس کران کە بریتی بوون لەمانەی خوارەوە: پێناسەی دەستەواژەی فێمینیزم، مێژووی فێمینیزم، شەپۆلی یەکەمی فێمینیزم، شەپۆلی دووەمی فێمینیزم، سیمۆن دی بۆڤوار و ڕەگەزی دووەم، لوغزی مێینە، ئازادبوونی ژن لە ئەمریکا، شەپۆلی سێیەمی فێمینیزم، پۆست فێمینیزم، فێمینیزمی فەرەنسی، قوتابخانەکانی لیکۆلینەوەی فێمینیزم، بزوتنەوە و ئایدۆلۆجییەکان و موتربەکردنیان لەگەڵ فێمینیزم، ئەنارشا فێمینیزم، سۆشیالیست و مارکسیست فێمینیزم، ڕادیکاڵ فێمینیزم، لیبراڵ فێمینیزم، فێمینیزمی ڕەش، پۆست کۆلۆنیال فێمینیزم و و جیهانی سێیەم، فێمینیزمی فرەنەژاد، ئازادیخوازەکان و فێمینیزم، گۆشەنیگای فێمینیستی، پۆست مۆدێرن و پۆست بونیادگەری لە پەیوەندی بە فێمینیزمەوە، فێمینیزمی ژینگەگەرا، کۆمەڵ لە روانینی فێمینیزمەوە، فێمینیزم و مافە شارستانییەکان، پەیماننامەی سێداو» پەیماننامەی بنبڕکردنی هەموو جۆرە هەڵاواردنێک لە بەرامبەر مێینە»، زمان لە ڕوانگەی فێمینیزمەوە، پەیوەندییە هیترۆ سێکسوالێتییەکان لە روانگەی فێمینیزمەوە.
لەم بەشەدا باس لەم بابەتانە دەکرێت پەیوەیدت بە ڕوانینی فێمینیزمەوە: ئایین، تیۆلۆجی، بیناسازی، کولتوور و نووسینی ژنان، خەیاڵی زانستی، خەباتی ژێرزەمینی فێمینیستی ناسراو بە بزوتنەوەی ریۆت گررڵ، پۆرنۆگرافی، بزوتنەوەی دژە پۆرنۆگرافی، بزوتنەوەی سێکس پۆزەتیڤ، فێمینیزم و پەیوەندی بە بزوتنەوە سیاسییەکانەوە، سۆشیالیزم، فاشیزم، گوتاری زانستی، بایۆلۆژی و جێندەر، بایۆلۆژی پەرەسەندن، کاردانەوەی نێرینە، پرو فێمینیزم، ئەنتی فێمینیزم.
...
ئایین:
ثیۆلۆجی فێمینیست بریتییە لە بزوتنەوەیەک کە پێداچوونەوە بە ڕوانین لە دابونەریت، ڕێتواڵەکان، کتێبە پیرۆزەکان، و زانستی ئایین بکاتەوە لە گۆشەنیگایەکی فێمینیستانەوە. هەندێ لە ئامانجەکانی ثیۆلۆجی فێمینیزم بریتییە لە زیاترکردنی رێژەی ژنان لە نێو

سەرکردە و دەسەڵاتدارە ئایینییەکان، دووبارە تەفسیرکردنەوەی تێکستە پیرۆزەکان و زمانی خودا کە پێشتر ڕوانینی پیاوان زاڵ بووە بەسەریاندا و ئەمجارە لە روانگەیەکی فێمینیستانەوە، هەروەها دەستنیشانکردنی پێگەی ژنان لە پەیوەندی بە پیشە و دایکایەتی و خوێندنەوەی نوێی ئیماژی ژن لە نێو تێکستە پیرۆزەکاندا.
فێمینیزمی کرستیان بەشێکە لە فێمینیزمی ثیۆلۆجی و کار بۆ تێڕوانینێکی نوێ و تێگەیشتنێکی نوێ لە کرستیانێتی»مەسیحییەت» دەکات لەبەر رۆشنایی یەکسانی نێوان ژنان و پیاوانەوە. لەبەر ئەوەی ئەم یەکسانییە بە ڕێڕەوی مێژوویی خۆیدا پشتگوێ و فەرامۆش کراوە، فێمینیزمی کرستیان پێی وایە پێویستە بە تەواوی تێگەیشتنێکی نوێ لەبارەی مەسیحییەتەوە بێتە ئاراوە. ئەگەرچی ڕەوتێکی ستاندارد لەنێو فێمینیزمی مەسیعیدا نییە، بەڵام زۆربەیان پێیان وایە خودا هیچ هەڵاواردنێکی لەسەر بنچینەی بیۆلۆجی لە نیوان نیوان نێرومێدا نەکردووە کە کارەکتەر و سیفەتەکانی ژنان و پیاوانی پێ لە یەکتر جیابکرێتەوە. لە پرسی هاوسەرگیریدا لە ئایینی کرستیانیدا پیاوسالاری باڵادەستە و بە کەمڕوانین لە ژن و نادیدەگرتنی تواناکانی ژن لە بەراورد بە پیاواندا، چەسپیوە. هەروەها بایەخ بە پێگەی دایکان و باوکان بە شێوەیەکی گشتی و بە تایبەتیش لە نێو کەنیسەکاندا، دەدەن.

فێمینیزمی ئیسلامی؛ بایەخ بە ڕۆڵی ژن لە ئایینی ئیسلامدا دەدەن و ئامانجیان یەکسانی تەواوی نێر و مێیە بە بێ رەچاوکردنی جێندەریان، لە ژیانی تایبەتی و گشتیدا. فێمینیستە ئیسلامییەکان بەرگری لە مافەکانی ژنان، یەکسانی جێندەری، دادپەروەری کۆمەڵایەتی لەچوارچێوەی ئایینی ئیسلام، دەکەن.
پێشەنگەکانی بزوتنەوەی فێمینیستی ئیسلامی گوتارەکانی ژنانی سیکیولار و رۆژئاواییان بەکارهێنا و سوودیان لێوەرگرت بۆ داڕشتنی گوتاری فێمینیزمی ئیسلامی و خۆیان وەک بەشێک لە بزوتنەوەی جیهانی فێمینیستی پێناسەکرد. چالاکوانانی ئەم بزوتنەوەیە بۆ تێگەیشتن و گوتاری یەکسانی بە رەگوڕیشەی کتێبی پیرۆزی ئیسلام»قورئان»دا رۆدەچن و پرسیار دەوروژێنن و دەیانەوێت تەفسیرێکی جیاواز لەوەی کە پیاوسالارانەیە بۆ ئایەتەکانی قورئان و حەدیسەکانی پێگەمبەری موسوڵمانان موحەمەد، بکەن. هەروەها دەیانەوێت لە نیو شەریعەدا کە یاساکانی ئیسلامە، یەکسانی نێوان ژن و پیاو بچەسپێنن و بەمەش دادپەروەری کۆمەڵایەتی بێننە دی.
فێمینیزمی جوو، بزوتنەوەیەکە کار بۆ باشترکردنی پێگەی ئایینی، کۆمەڵایەتی، یاسایی ژنان دەکات لەناو ئایینی جوودیزم و بۆ دروستکردنی دەرفەت لە نێو ئاییندا

بۆ سەرکردایەتی ژنانی جوو. بزوتنەوە فێمینیستەکان، لەگەڵ ڕێبازی جۆراوجۆر و سەرکەوتنیاندا، چەندین بەشی تری لێکرایەوە هەر سەبارەت بە جوودیزم. بە پێی یودیث پلاسکۆ، ئەو کەسەی کە تەکەزی لەسەر فێمینیزم دەکردەوە لە ڕێفۆرمی جوایەتی، سەرەکیترین شت لە سەرەتاکانی فێمینیزمی جوو لەم بزوتنەوەیەدا جەختکردنەوە بوو لە دوورکەوتنەوە سەر نوێژی بەکۆمەڵی پیاوان یان منیا و خۆبوواردن لەپابەندێتی بەکاتەوەی ڕێسا ئایینییەکانی ناسراو بە»میتزڤۆت»، هەروەها نەتوانینی ژنان بۆ شایەتیدان و دەستپێشخەری لە داوای جیابوونەوەدا.

فێمینیزمی دیانیک ویکا یان ویکان فێمینیزم بریتییە لەو فێمینیزمەی کە فۆکەس دەخاتە سەر خواوەندە ژنەکان و بە فێمینیستی ئایینییش ناسراون، کە بەرگری لە مافەکانی ژنان دەکەن لەناو ئایینی جوودا. ئەمەش یەکێک لە چەندین جۆری فێمینیزمی ویکایە.

ثیۆلۆجی:

فێمێنیستی ثیۆلۆجی، بزوتنەوەیەکی فێمینیستییە کە بە چەندین ئایینەوە پەیوەستە و هەوڵ دەدات ڕووانینێکی نوێ لەبارەی داب و نەریت و ڕێسا و ریتواڵەکان، لە گۆشەنیگایەکی فێمینیستییەوە بێنێتە کایەوە. هەندێ لە ئامانجەکانی فێمینیستی ثیۆلۆجی بریتییە لە زیاترکردنی ڕێژەی ژنان لە نێو سەرکردە و دەسەڵاتدارە ئایینییەکان، دووبارە تەفسیرکردنەوەی تێکستە پیرۆزەکان و زمانی خودا کە پێشتر ڕوانینی پیاوان زاڵ بووە بەسەریاندا و ئەمجارە لە ڕوانگەیەکی فێمینیستانەوە، هەروەها دەستنیشانکردنی پێگەی ژنان لە پەیوەندی بە پیشە و دایکایەتی و خوێندنەوەی نوێی ئیماژی ژن لە نێو تێکستە پیرۆزەکاندا. لە ویکا «خوداژن» گرنگییەکی یەکجار زۆری هەیە، شانبەشانی خودای هاوشانی یان هاوسەری. لە بڵاوکراوەکانی سەرەتای بزوتنەوەی ویکاندا پەسنی وەک خوداژنی خێڵەکی نێو کۆمەڵی جادووگەران، کراوە، کە نە گشتییە و نەش گەردوونی، هەروەها وەک «بزوێنەری سەرەکی» ناسراوە لەنێو جیهانی جادوگەراندا.

بیناسازی:

بیناسازی لەسەر بنچینەی جۆری کۆمەڵایەتی لە پانزە ساڵی ڕابردوودا بوو بە جێگەی بایەخ. پیوش ماثور دەستەواژەی بیناسازی جێندەریانەی داهێنا سەبارەت بە دیزاین و پلانی بیناسازی لە گۆڤارێکی تایبەتمەند بە نووسیینی ژنان و نووسەرانی ژن. لەوێدا باسی ئەوەی کردووە کە پلان و دیزاینی بیناسازی کاریگەری زۆری هەیە لە دەستنیشانکردنی ڕۆڵی ژن و پێگەی ژن و بەرپرسیارێتییەکانی و مافەکانی و سنووردارییەکانی. ماثور ئەو

مانای جێندەری لە دەستەواژەی بیناسازی و مانا بیناسازیشی لە دەستەواژەی جێندەردا دۆزییەوە و تیشکی خستە سەر.

نووسینی ژنان:

نووسینی ژنان وەک کاتاگۆرییەکی جوودا دەرکەوت و لێکۆڵەران بایەخیان پێدا. لە ڕۆژئاوا، شەپۆلی دووەمی فێمینیزم هانی دووبارە گەشەپێدانەوەی بەشدارییە مێژووییەکانی ژنانیان دەدا و ئەو بەرهەمە ئەکادیمیانەی وەکو مێژووی ژنان و نووسینەکانی ژنان گەشەیان پیدرا لەسەر ئەو بڕوایەی کە پێشتر بە کەموکوڕییەوە لەم بوارانەدا ئاوڕ لە ژن دراوەتەوە. ڤێرجینا بالسین ئێت ئال گەشەی نووسینی ژنان لە سالانی ١٩٧٠کاندا بە «زۆر بەهێز» وەسف دەکات. لەو قۆناغەدا زیاتر فۆکەس کرایە سەر دووبارە نووسینەوەی ئەو بەرهەمانەی کە ژنان نووسیبووان. لێکۆڵینەوەکانی وەکو ڕۆمانی دەیل سپێندەر لە ١٩٨١ و جەین سپێنسەر «بەرزبوونەوەی ڕۆمانی ژنان» لە ١٩٨٦، پێشەنگن لە بواری پیداگرتن لەسەر ئەو بەرهەانەی کە ژنان دەیاننوسین. شانبەشانی ئەو بایەخدانە ئەدەبییە، لە بواری لێکۆڵینەوەشدا وەشانخانەکان دەستیان کرد بە دووبارە چاپکردن و بڵاوکردنەوەی دەقە کۆنەکان. وەشانخانەی ڤیراگۆ لەو وەشانخانە بازرگانیانە بوو کە دەستی کرد بە چاپکردنەوەی لیستێکی دوورودرێژ لە بەرهەمەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستە، لە ساڵی ١٩٧٥ دا. لە سالانی ١٩٨٠کانیشدا وەشانخنەی پاندۆرا بەرپرسیاتێتی چاپکردنی لێکۆڵینەوەکانی سپێندەری گرتە ئەستۆی خۆی و کتێبەکانی سالانی سەدەی نۆزدە و بیستی چاپ کردەوە کە لە لایەن ژنەوە نووسرابوون. لەم دواییانەشدا چاپخانەی برۆدڤیوو دەستی کرد بە چاپکردنەوەی بەرهەمەکانی ژنان لە سەدەی نۆزدە و بیستەم. زانکۆی کینتاکیش دەستی کرد بە چاپکردنەوەی ڕۆمانەکانی ژنان و سەرنجیان دا کە زۆرێک لە بەرهەمەکانی ژنان لە لیستی ستانداردی کتێبدا دانەنرابوون.

یەکێک لە پێشەنگەکانی بواری نووسینی ژنان چارلۆت پێرکینس گیلمان بوو، دیارترین بەرهەمیشی بریتی بوو لە «کاغەزدیواری شین».

خەیاڵی زانستی:

لە سالانی ١٩٦٠ەکاندا ژانری خەیاڵی زانستی پەیوەست کرا بە وروژاندنی سیاسەت و رەخنەی تەکنەلۆجی سەبارەت بە کۆمەڵگە. لەگەڵ سەرهەڵدانی فێمینیزم، پرسیار سەبارەت بە ڕۆڵی ژن لە یاری دادپەروەری وروژێنرا لەم ژانرە بیر فراوانکارە. دوو کاری

بەرچاو لەو بوارەدا «دەستی چەپی تاریکی» و ئەرسولا. ک. لو گوین (١٩٦٩) وجوانا رووس «مێی پیاو» (١٩٧٠)، تیشکیان خستە سەر جیاوازی ڕۆڵی ژن و پیاو بەهۆی جیاوازی جۆری کۆمەڵایەتییان لە میانەی دروستکردنی یۆتۆپیایەکەوە کە ڕۆڵی توخم دەسڕێتەوە. هەردوو نووسەر پێشەنگیش بوون لە واری رەخنەی فێمینیستانە لە ئەدەبی خەیاڵی زانستی لە شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، لە هەندێ وتاردا کە لە کتێبی «زمانی شەو»دا کە لە نووسینی کی گوین بوو،لە ١٩٧٩دا لەچاپ درا، هەروەها کتێبی «چۆنێتی سەرکووتکردنی نووسینی ژن»، لە نووسینی جوانا ڕووس کە لە ١٩٨٣ لەچاپ درا. کارێکی گرنگی تریش لە نووسینی ئۆکتافیا بەتلەر دەرچوو.

بزوتنەوەی بەڕەنگاربوونەوەی تێکدان grrrl

ئەم بزوتنەوەیە، بزوتنەوەیەکی دژ بە تێکدەریی و گەندەڵی ژنان بوو، وەک خەباتێکی ژێرزەمینی و شاراوەی ئافرەتان لە سەرەتای ١٩٩٠ەکان دەستی پێکرد و وا دادەنرێت لە دەستپێکی قۆناغی سێیەم و شەپۆلی سێیەمی فێمینیزم بێت. ئەم بزوتنەوەیە تەکەزی لەسەر فەلسەفەی (DIY) و دژایەتی پیودانگ و بەها شەڕانگێزەکان دەکرد. بزوتنەوەکە هەڵوێستێکی دژبەرانەی وەرگرت لەو ئاکارانە، چەندین ڕێکخراوی هونەری و کولتووری هەبوون سەر بەم بزوتنەوەیە بوون و دژ بە توندوتیژی خێزانی و توندت تیژی سسێکسی بوون و پەرەیان بە تواناسازی ژنان دەدا. ئەم بزوتنەوەیە چالاکی جۆراو جۆری سیاسی و هونەری و کۆمەڵایەتییان ئەنجام دەدا.
سەرەتای چالاکییەکانی ئەم بزوتنەوەیە لە سەرەتای ١٩٩٠ەکاندا لە واشنتنەوە دەستی پێکرد و پشتگیری دەکرد لە توانا هونەرییەکانی ژنان و دەربڕینە بوێرانە هونەرییەکانیان. زیاتر لە سەر کاری نووسینی ئافرەتان و هونەری ئافرەتانە چڕ دەبوونەوە و هانیان دەدان بۆ بوێرانەتر گوزارە کردن لە هەست و نەستی خۆیان و پیشاندان و پەرەپێدانی تواناکانیان.

پۆڕنۆگرافی و بزوتنەوەی دژە پۆڕنۆگرافی

شەڕی بزوتنەوەی فێمینیستی لە دژی چەوساندنەوەی سێکسی و لەشفرۆشی ژنان، لە سەرەتای ١٩٧٠ کان دەستی پێکرد و تا کۆتایی ١٩٨٠کان بوو بە بابەتی گفتوگۆ و مشتومڕی گەرم. گفتوگۆکان لەبارەی هاوسێکسبازی و هیترۆسێکسوالیتی و پۆڕنۆگرافی و سادیسمی سێکسی و بابەتە پەیوەندیدارەکانی ترەوە بوون.
نووسرانی فێمینیستی وەکو دیانا ڕوسێل، ئەندریا دورکین، کاثرین ماکینۆن، ڕۆبن مۆرگان،

دورشن لیدهۆلت و سوزان براون میلەر، پۆرنۆگرافییان وەک کرۆکی چەوساندنەوەی ژن دادەنا و وەک سوکایەتی کردن بە کەرامەتی ژن لێکیان دەدایەوە، کە هاوکات دەبووە هۆی زیاتر بوونی ڕێژەی توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان.
لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی بیستەم، چەندین ڕێکخراو لە ئەمریکا دروست بوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی بەرەلآیی سێکسی و هونەری پۆرنۆگرفی و رووتەمەنی و باسیان لە کاریگەری خراپی ئەو کارانە دەکرد لەسەر ژنان و کۆمەڵگە بە گشتی. ڕۆبین مۆرگان و ئەندریا دورکین چەندین وتاریان لە مەیدانی تایمز دا و ناوەڕۆکی ئەو کارە ڕووتەمەنییانەیان بۆ خەڵک لێکدەدایەوە بە مەبەستی دروستکردنی هۆشیاری لەسەر کاریگەری خراپی ئەو بابەتانە.

بزوتنەوەی سێکس پۆزەتیڤ

بزوتنەوەی سێک پۆزەتیڤی ژنان بۆ ئەوە دامەزرا کە بەرگری لە چێژی سێکسی بۆ ئافرەتان، ئازادی ڕادەربڕین و ناسنامەی تەواوەتی ژن بکات. لێکۆڵینەوەیەکی ئێلین ویلیس بەناوی «ئاسۆکانی شەهوەت.. ئایا بزوتنەوەی ژنان لایەنگری سێکسە؟» کە لە ساڵی ١٩٨١ بڵاوی کردەوە، بناغەی بزوتنەوەیەکی ژنان بوو بە ناوی پروسێکس فێمینیزم. دوای ماوەیەکی کەم زاراوەی سێکس پۆزەتیڤ فێمینیزم هاتە ئاراوە.
هەندێ لە فێمینیستە سێکس پۆزەتیڤەکان، نمونەی بێتی دۆدسۆن، لە سەرەتاکانی حەفتاکانی سەدەی پێشوو، چالاک بوون لەم بوارەدا بۆ بەرهەڵستیکردنی چالاکوانە توندڕۆکانی بزوتنەوەی دژە پۆرنۆگرافی و سێکس.
لە سەرەتای هەشتاکاندا مشتومڕێکی توند لە نێوان ژنانی لایەنگری سێکس و ژنانی دژەسێکس لە ئارادا بوو. ژنانی دژە سێکس بەڵگەی ئەوەیان دەهێنایەوە کە سێکسی ژن بۆ بەرژەوەندی چێژی پیاو بەکار دەبرێت و لە خزمەتی سیستەمی باوکسالارییە. سێکس پۆزەتیفەکانیش پێیان وابوو نابێت سێکسی ژن بۆ بەهێزکردنی سیستەمی پیاوسالاری بەکار ببرێت، بەڵام نابێت ژن سێکس وەک شتێکی نێگەتیڤ ببینێت و دژی بێت.

پەیوەندی لەگەڵ بزوتنەوە سیاسییەکان

سۆشیالیزم

لە ماوەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم، هەندێ لە فێمینیتەکان لەگەڵ بزوتنەوەی سۆشیالیزم هاوپەیمانێتییان کرد. لە ١٩٠٧ لە شتوتگاری ئەڵمانیا کۆنفرانسێک ساز کرا، لەوێدا هەڵبژاردن وەک ئامرازێکی خەباتی چینایەتی ناوزەدکرا. کلارا زیتکین لە پارتی

سۆشیالیستی ئەڵمانی پەیڕەوەکانی بزوتنەوەی سۆشیالیستی بە تاقە ڕێباز ناو برد کە لە سایەیدا ئافرەتان رزگاریان بێت و بە چارەسەری تەواوی کێشەکەیان بگەن.
لە بەریتانیا، بزوتنەوەی ژنان هاوپەیمان بوو لەگەڵ پارتی کار. لە ئەمریکا، بێتی فرێدان کە پاشخانێکی ڕادیکاڵی هەبوو هاتە مەیدان بۆ ڕابەرایەتیکردنی ئەو بزوتنەوەیە. رێکخراوی ژنانی ڕادیکاڵ لە ١٩٦٧ لە سیا×ڵ دامەزرێندرا و تا ئێستاش چالاکە. ئەمە کۆنترین بزوتنەوەی ژنانی سۆشیایستی بوو لە ئەمریکا لە سەردەمی شەڕی ناوخۆی ئیسپانیادا، دولوریس ئیبارۆری، سەرکردایەتی پارتی کۆمۆنیستی ئیسپانیا و شەڕی ناوخۆی ئیسپانیای دەکرد. ئەگەرچی ئەو پشتگیری بزوتنەوەی ژنانی دەکرد، بەڵام بەرهەڵستی بەشداریکردنی ژنانی دەکرد لە بەرەکانی شەڕ.
شۆڕشەکانی ئەمریکای لاتینیش گۆڕانکاری باشیان بەسەر پێگەی ژندا هێنا لە زرێک لە وڵاتەکانیان، وەک نیکاراگوا، کە ئیدۆلۆژیای فێمینیستی لە ڕاپەڕینی ساندینیستا گەشەی دا بە ژیانی ژنان و رەوشی ژن بە گشتی لە وڵاتدا، بەڵام ماوەیەکی کورت بوو، کەموکوڕی لە دەستکەوتە ئایدۆلۆژی و کۆمەڵایەتییەکان پەیدا بوو.

فاشیزم

لێکۆڵەڕان ئەڵمانیای نازی و وڵاتە فاشییەکانی تری ئەوروپا و ئایدۆلۆژییەکانیان، لە ساڵانی سییەکان و چلەکانی سەدەی پێشوو بە ئەنجامی کارەساتبار دەزانن بۆ برەوپێدانی ڕۆڵی نەریتی ژن و دژە فێمینیست بوون. لە ئەڵمانیا پێش دروستبوونی پارتی نازی لەە ساڵی ١٩٣٣، فێمینیستەکان هەر لە ١٩٢٠ بەدواوە مافی سیاسی و دەرفەتی خێرای ئابوورییان بەدەست هێنا تا پێش قۆناغی شەڕ، لە ئیسپانیای فرانکۆ، باڵی ڕاستی کۆنسێرڤاتیڤە کاتۆلیکەکان کاری ژنیان لە ناو کۆمارەکەیان هەڵوەشاندەوە. بونیادی کۆمەڵی فاشیستی هەرەمی بوو، ژن وەک پاشکۆی پیاو حسابی بۆ دەکرا.

گوتاری زانستی

هەندێ لە فێمینیستەکان ڕەخنەیان لە گوتاری زانستی نەریتی دەگرت و پێیان وابوو لە رووی مێژوو‌ییەوە ڕوانینی پیاوسالاری زاڵە بەسەر ئەو گوتارەدا. ئێڤیلین فۆکس کیلەر دەڵێت گوتاری زانستی گۆشەنیگای پیاو دەردەبڕێت و پرسیار سەبارەت بە بابەتێتی گوتاری زانستی دەوروژێنێت.
زۆرێک لە لێکۆڵەرە فێمینیستەکان پەیڕەوی لێکۆڵینەوەی جۆرێتییان دەکرد کە سەبارەت بە ئۆبجێتبوونی ژن و ئەزموونە تایبەتەکانی ژنان بوو. لیکۆڵەرانی بواری کۆمیونیکەیشن،

تۆماس ر. لیندۆڵف و بریان س. تایلور، میتودی لێکۆڵینەوەی جۆری بەوە دادەنێن کە دەسەڵاتی ژنانی بەشدار تێیدا بە قەدەر دەسەڵاتی خودی لێکۆڵەرەکەیە. بابەتی بوون لە بەرژەوەندی کرانەوەە بە ڕووی خودی ژناندا. هەروەها بەشێک لە لێکۆڵینەوەکانی ژنان سەبارەت بە نایەکسانی لە هێز و تواناسازی ژنان بوو لە ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە و لە ناو کۆمەڵدا. لیندلۆف و تایلور، ڕوونی دەکەنەوە کە میتودەکانی لێکۆڵینەوەی ژنان زۆربەی کات شێوازێکی نانەریتی لە نیشاندان، دەگرێتەوە. سارا بلافەر هردی باس لەوە دەکات کە ئەو قاڵب و تیۆرییە پیاوانە باوانەی لێکۆڵینەوە، وەکو مێینەی ناسێکسی، «سەرەڕای کەڵەکبوونی بەڵگەی زۆر و ئاشکرا کە پێچەوانەکەی دەسەلمێنێت». هەندێ لە زانای سروشت و کۆمەڵناسان بە بەکارهێنانی شێوازی زانستی پرسی ژنیان تاوتوێ کرد.

بایۆلۆجیای سێکس

زانستی فێمینیستی نوێ، تیۆری بیۆلۆجی جەوهەری ڕەت دەکاتەوە و زیاتر بایەخ دەدات بە لێکۆڵینەوە لە بارەی جیاوازی نێوان دوو توخمەکەی مرۆڤ و کاریگەری ئەو جیاوازییانە لەسەر ڕەفتاری مرۆڤ. بۆ نموونە، کتێبی (ئەفسانەکانی سێکس) ی ئانا فاوستۆ ستێرلینگ، گریمانەکانی بەرجەستە دەکات لە لێکۆلینەوەی زانستی و پشتیوانی گۆشەنیگای بایۆلۆجی جەوهەری دەکات لەبارەی جۆری کۆمەڵایەتییەوە. هەروەها کتێبی دووەم، بەزایەندیکردنی جەستە، گریمانەی بوونی زیاتر لە دوو جۆری بایۆلۆجی سێکس کردووە. کتێبی دووەمی بە ناونیشانی «بەسێکسیکردنی جەستە» گفتوگۆی ئەگەری زیاتر لە دوو جۆری ڕاستەقینەی سێکس دەکات، کە دەشێ لە دەرەوەی کەشی هەسارەی زەویدا هەبێت و هێشتا نەناسراو بێت، کە ڕێژەی تۆوەکانی بریتی بێت لە ٤:سفر، هەروەها ٣:١ (نێر و مێ یەک لە دوای یەک) لەسەر ڕووی زەوی. هەروەها لە کتێبی (مێشکی مێینە)دا لوان برایزیندین، گفتوگۆی جیاوازی نیوان مێشکی دوو توخمی مرۆڤ، نێر و مێ، دەکات، کە کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لەسەر جیاوازی ڕۆڵ و ئەرکی هەردووکیان. کتێبەکەی ستێڤن رۆدس، دیسانەوە جەخت دەکاتەوە لەسەر جیاوازییە سیکسییەکان بە شێوەیەکی فراوان.
کارۆل تاڤریس، لە کتبەکەی خۆیدا بەناوی (پێوەرە نەگونجاوەکان لەبارەی ژن)، تیۆرییەکانی دەروونناسی و کۆمەلناسی بەکار دەهێنێت بۆ لێکدانەوەی جیاوازییەکانی نێوان پیاو و ژن. ئەو نموونە و بەڵگە دەهێنێتەوە لەسەر ناهاوسەنگی و نایەکسانی نێوانیان، بەهۆی ئەو شێواز و قاڵبانەی بۆیان داتاشراوە و بەسەریاندا سەپێندراوە.

زانستی زیندەوەرزانی پەرەسەندن
سارا کێمبەر، لە چەند بوارێکی وەکو زیندەوەرزانی پەرەسەندن، کۆمەڵناسی، ژیریی دەستکرد، باسی بایۆلۆجیزەکردنی تەکنەلۆجیا دەکات. گفتوگۆی ئەوە دەکات چۆن فێمینیستەکان و کۆمەڵناسان، گومان و پرسیارەکان دەوروژێنن لە ڕوانگەیەکی سایکۆلۆجیای پەرەسەندنەوە، بە تایبەت سۆسیۆلۆجیای بایۆلۆجی، لە پێناوی سەلماندنی جیاوازیەکان و کاریگەرییان لە سەر ڕوانین و بەرجەستە کردنی ئەو ڕوانینە لە ناو کۆمەڵدا و گۆڕینی ئەو ڕوانینە هەڵەیەی لەباری جیاوازییەکانەوە، سەپاوە.

کاردانەوەی پیاوان
پەیوەندی نێوان پیاوان و بزوتنەوەی فێمینیزم زۆر ئاڵۆزە. پیاوان کاردانەوەی زۆریان بەرامبەر هەر سێ شەپۆلەکەی فێمینیزم هەبووە. هەندێ لە کاردانەوەکان ئەرێنی وهەندێکی تریان نەرێنی بوون، ئەمەش بەسترابووەوە بە ڕوانینی تاکەکەسی پیاوەکانەوە لە چوارچێوەیی گوتاری کۆمەلایەتی ئەو سەردەمانەوە.
ئەم کاردانەوانە جۆراوجۆر بوون، لە پشتگیریکردنی بزووتنەوەی ژنانەوە تاکو دژایەتی کردنی بزووتنەوەی ژنان. لە سەدەی بیست و یەکەمدا کاردانەوەی زیاتر بەرامبەر بە بزوتنەوەکانی سەر بە فێمینیزم دەرکەوت لە نیو زانایان و نووسەرانی پیاو و هەروەها پیاوانی چالاکوان لە بواری یەکسانی پیاوان (لە نێویاندا یەکسانی لە مافی جیابوونەوە و هاوسەرگیری و مامەڵەی نێوخێزان و هەلاواردن).
لە ڕووی مێژووییەوە، هەندێ لە پیاوان تێکەڵ بە پرسی فێمینیزم بوون. فەیلەسووف جێرێمی بێنثام لە سەدەی هەژدەیەمدا داوای یەکسانی مافی بۆ ژنان کرد. لە ساڵی ١٨٦٦ دا فەیلەسوف جون ستیورات میل، دانەری کتێبی (چەوساندنەوەی ژنان)، داخوازییەکی پێشکەش بە پەرلەمانی بەریتانیا کرد و پشتگیری لە هەموارکردن و چاکسازی پرۆژەیاسای ساڵی ١٨٦٧ ی کرد. لەبەرامبەر ئەمانەشدا هەندێ کەسی تریش هەبوون هەڵمەتی دژایەتیکردنی بزوتنەوەی ژنانیان ڕادەگەیاند. ئەمڕۆ ئەکادیمیستی وەکو مایکڵ فلوود و مایکڵ میسنەر و مایکڵ کیمیل، تێکەڵ بە لێکۆڵینەوەکانی فێمینیزم بوون و لێکۆڵینەوە لە بارەی پیاوانەوە دەکەن و بەرگری لە ژنان دەکەن.

هەندێ لە نووسەرە ژنەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە باشترین ڕێگەی بەرەنگاربوونەوەی هەلاواردنی سێکسیزم بۆ پیاوانی نووسەر، بەرگریکردنیانە لە بزوتنەوەی ژنان و فێمینیستبوونیانە. پێیان وابوو، پێویستە پیاوان هان بدرێن و ڕێگە بدرێن بێنە نێو

خەباتی فێمینیستی و بزوتنەوەی ژنانەوە. هەندێکی تر لە ژنان دەیانگووت پیاوان ناتوانن ببن بە فێمینیست، چونکە ئەوان ژن نین. پێیان وابوو پیاوان وەک میراتی مێژوویی ئیمتیازاتی وایان پێدراوە کە ڕێیان لێدەگرێت دان بە مافەکانی ژناندا بنێن و مەحاڵە بتوانن بێنە ناو بزوتنەوەی ژنانەوە.

فیدیلما ئاش بابەتی فێمینیزمی پیاوانی بەسەرکردەوە و پێی وابوو ڕای ژنانێک سەبارەت بە ئەزموونی پیاوان لە بزوتنەوەی ژناندا هاوئاواز بوون. ئەو چەندین گوتاری سیاسی دۆزییەوە لە نێو گوتاری پیاواندا کە بەرگریکار بوون لە بزوتنەوەی ژنان. لەوانە و کاریگەرییان لەسەر پرسی ژن، لێکۆڵینەوەی کرد.

لەم دواییەدا لێکۆڵینەوە لە لایەن ئەکادیمیست و نووسەر شیرا تارانت ئەنجام دراوە سەبارەت بە پیاو و فێمینیزم، لە گۆڤاری (Seal Press, May ٢٠٠٩) لە زانکۆی لۆنگ بیچ لە کالیفۆرنیا، تیشک دەخاتە سەر ئەو گفتوگۆڕەخنەییانەی یانەی سەبارەت بە فێمینیزم و پیاو گوتراون. هەروەها لەسەر ڕۆڵی مێژوویی پیاو لە بزوتنەوەی ژنان و هەڵوێستیان سەبارەت بە هەڵاواردنی جێندەری و چەوساندنەوەی ژنان. لە ئەنجامی دواندنی پیاوانی نێو بزوتنەوەی فێمینیزم، تارانت بایەخی بەشداری پیاوان دەخاتە ڕوو لەو بزوتنەوەیەدا، هەروەها گفتوگۆی ئەوە دەکات کە بایەخی ئەو بەشدارییە بۆ پرسی مرۆڤایەتی بە گشتی چەند گرنگە. تارانت بابەتی هاوشێوەی نووسیووە، بۆ نموونە لە بابەتی (پیاوان گوزارە دەکەن) تیشک دەخاتە سەر ڕا و هەڵوێستی پیاوان سەبارەت بە ژن و سێکس و دەسەڵات (Routledge , ٢٠٠٧).

هەوادارانی فێمێنیزم

مەبەست لە هەوادارانی فێمینیزم ئەوانەیە کە مەرج نییە ڕاستەوخۆ بەشداری لە بزوتنەوەی فێمینیزمدا بکەن، بەڵام لایەنگری ئەو بزوتنەوەیەن. زۆربەی کات ئەو دەستەواژەیە بۆ ئەو پیاوانە بەکار دەبرێت کە پشتگیری لە چالاکییەکانی ژنان دەکەن کە بۆ یەکسانی نێوان ژن و پیاو ئەنجامیان دەدەن. هەروەها ئەو پیاوانەش دەگرێتەوە کە لە قوتابخانەکاندا لەگەڵ کوڕاندا کار دەکەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی، بە تایبەت لەگەڵ ئەو کوڕانەی کە خۆیان توندوتیژی بەرامبەر بە کچان دەکەن. هەروەها ئەو پیاوانەی کار لەسەر تەندروستی پیاوان دەکەن و دژ بە لەشفرۆشی و لەشکڕین چالاکی دەنوێنن و داخوازی دانانی یاسای دژە پۆرنۆگرافی دەکەن، هەورەها لە پرسەکانی پیاوان دەکۆڵنەوە و پەرە بەو میتودانە دەدەن کە لێکۆڵینەوە لە پرسی ژنان دەکات. ئەوانەشی کە کار لەگەڵ ناوەندەکانی دژ بە توندوتیژی خێزانی دەکەن، لەم گروپە دادەنرێن.

هەندێ لە ژنان بە هەموو ئەو پیاوانەی کە پشتگیری لە خەباتی یەکسانخوازانەی ژنان دەکەن، بە هەوادارانی فێمینیزم ناو دەبەن.

دژە فێمینیزم

بریتییە لە بەرهەڵستکاری تەواوی فێمینیزم بە هەموو شێوەکانییەوە. نووسەرانی وەکو کامیلا پاگلیا، کرستینا هۆف سۆمەرس، جین بیثک ئەلشتەین و ئەلیزابێث فۆکس جینۆڤیس، بە نووسەرانی دژە فێمینیست ناویان براوە لە لایەن فێمینیستەکانەوە.
دافنی باتای و نۆرێتا کۆرجی، پێیان وایە ئەوانە بۆ بێدەنگکردنی ئەو گفتوگۆ ئەکادیمییانەیە کە سەبارەت بە فێمینیزم دەکرێن، دەنووسن.
کتێبەکەی پاوڵ ناثاسۆن و کاترینا ک. سەبارەت بەوەیە کە زۆرجار بەخراپ تێگەیاندن لە پرسی فێمینیزم ئەنجام دەدرێت تا ڕقێک بەرامبەر بە پرسی فێمینیزم لەناو خەڵکدا دروست بکرێت. کرستینا هۆف سۆمەرس دەڵێت خراپ تێگەیشتن لە فێمێنیزم ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی ڕقی ژنانێک لە ژنانێکی تر، بە تایبەت ئەوانەی بە فێمینیستی دامەزراوەیی دەناسرێن لە لایەن زۆرینەی ژنانی ئاساییەوە کە پیاوانیان خۆش دەوێ و لایەنگری هاوسەرگیریین. هەندێکی تریش دژی هاوسەرگیرین و پێیان وایە ناکرێت ژن ئازاد بێت لە سایەی هاوسەرگیرییەکی کۆیلەسازانەوە و پێویستە هاوسەرگیری لەو شێوەیە هەڵبوەشێتەوە.

سەرچاوە:

http://www.gender.cawater-info.net/knowledge_base/rubricator/feminism_e.htm

دەوڵەتی یاسا و دەوڵەتی فەتوا

حەمەسەعید حەسەن

جڤاکی سڤیلسالار ئەوەیە، تاکەکانی ڕێز لە جیاوازییەکانی یەکتری بگرن و بزانن بە چاوپۆشین لە جیاوازییەکانیان بە تەبایی پێکەوە بژین. کە سڤیلسالاری هەبوو، گومانیش هەیە، ئاخر یەقین کە هەمیشە نابینایە، ترس و تۆقاندن بەرهەم دەهێنێت.
تیرۆر شێوازی کارکردنە، بۆ گەییشتن بە ئامانجی ئەوانەی کردەوەکانیان دیارە، بەڵام ڕووخساریان شاراوەیە. تیرۆر چاندنی ترسە لە دڵی تاکەکانی کۆمەڵدا، تا ئەو ئاستەی هەموو تاکێک لە دڵی خۆیدا بڵێت: ڕەنگە قوربانیی داهاتوو من بم. لەسایەی تیرۆردا چونکە کەس لە مەترسی پارێزراو نییە، بۆیە خەڵکەکە ناچارن شێوازی ژیانیان بگۆڕن، سڵ لە سەردانیکردنی شوێنە گشتییەکان بکەنەوە و شەوان لە ماڵ نەچنە دەرەوە.
جیهاد کە لووتکەی تیرۆرە، ئەوەیە بەناوی سەپاندنی ئیسلامەوە، بچیت بۆ جەنگ. لە جڤاکی سڤیلساالاردا، یاسا سەروەرە، هەوڵی موجاهید بۆ ئەوەیە، فەتوا جێی یاسا بگرێتەوە. جیهاد کە بریتییە لە تیرۆری کوێرانە، بۆ ئەوەیە دینی خۆت بەسەر ئەوانی دیکەدا بسەپێنیت، وەڵاتیان داگیر بکەیت و وەک کۆیلەی سێکسی لەگەڵ ئافرەتانیاندا هەڵسوکەوت بکەیت. تیرۆریستان کەسانێکن پەلامار دەدەن، نەک ئەوانەی داکۆکی لە وەڵاتی خۆیان دەکەن. هەرچەندە تیرۆر تایبەت نییە بە ئیسلام بەڵام حاڵی حازر ئەوانەی هانا بۆ تیرۆر دەبەن، گرووپە ئیسلامییەکانن. بووکوو حەرام ئەپریلی ٢٠١٤ لە نێگیریا ٢٧٦ خوێندکاری دواناوەندییەکی کچانیان ڕفاند و وەک کۆیلەی سێکس بەکاریان هێنان و بەشێکیان لێ فرۆشتن.

تیرۆر چییە؟ بۆ نموونە ئەوە تیرۆرە، ئەگەر تۆ باوەڕت بە سەنگبارانکردنی زیناکار و بڕینی دەستی دز هەبێت. ئەوە تیرۆرە ئەگەر خوێنی ئەوانە حەڵاڵ بکەیت کە بڕوایان بەو خوایە نییە کە تۆ بڕوات پێیەتی. تیرۆر ئەوەیە پێت وابێت، تا کافری زیاتر بکوژیت، لە بەهەشت نزیکتر دەبیتەوە. کوشتنی ئەم و ئەو لەسەر باوەڕی جیاواز، تیرۆرە. لە کۆمەڵی مەدەنیدا، ئازادیی ڕادەربڕین، ڕێزلێگیراوە، پەلاماردانی گۆڤاری شارلی ئیبدۆ لە سەرەتای ٢٠١٥دا، پەلاماردانی ئازادیی ڕادەربڕین بوو، ئاخر تیرۆریست لەگەڵ

سەرکوتکردنی هەموو ڕایەکی جیاوازدایە. لە ئەورووپا ئەوە دەکەوێتە خانی ئازادیی ڕادەربڕینەوە، ئەم یان ئەو ڕەمزی دینی، بکرێتە کاریکاتێر، بەڵام تیرۆریستەکان لەسەر کاریکاتێر، بە پاساوی ئەوەی سووکایەتی بە ڕەمزەکەیان کراوە، وەڵامی هونەریان بە گوللە دایەوە. قوربانییەکانی شارلی ئیبدۆ کاریکاتێریست، ساتیریست و ڕۆژنامەنووس بوون، نە ڕقیان لە کەس بوو، نە پێشوەخت بڕیاریان دابوو، سووکایەتی بە کەس بکەن، بەڵکوو ئیشەکەیان ئەوەبوو، بە تەوسەوە لەسەر ئەم و ئەو بدوێن و بە کاریکاتێر قسەی دڵی خۆیان بکەن.

تیرۆریست کەسێکە دەرکی بەوە کردووە، ژیانی بێ مانەیە، بۆیە دەیەوێت لەڕێی جیهادەوە مانایەک بە مردنی بدات. ئەوەیش بۆ خۆی پارادۆکسە کە ژنان هەرچەندە دەزانن، شەریعەت ئەو ڕێزەی لە پیاوانی دەگرێت، لەوانی ناگرێت، کەچی لە گۆشە دوورەکانی دونیاوە بەرەو گۆڕەپانی جیهاد بەڕێ دەکەون. ناسینەوەی تیرۆریست هێندە گران نییە، ڕدێن دەهێڵێتەوە، شەرواڵی کورت لە پێ دەکات و توند هەڵسوکەوت لەگەڵ ژندا دەکات. تیرۆریست کەسێکە بە یەقینی تەواو گەییشتووە، هیچ گومان و دڵەڕاوکێیەکی لەکن نەماوە و پێی وایە چارەسەری هەموو کێشەکان لای لێکدانەوەی ئەوە بۆ دەقی پیرۆز، هەر بۆیە هەرچەندە ئیشێکی باشی هەیە، خێزانی پێکەوە ناوە و لە هیچی کەم نییە، بەڵام دەست لە هەموو شتێک هەڵدەگرێت، دەچێتە ناو داعشەوە و لە خۆی وایە بووە بە سەربازی خوا.

تیرۆریست نەک هەر ژیانی خەڵکانی تری پێ گرنگ نییە، تەنانەت ژیانی خۆیشی پێ بێبایەخە، هەرچەندە نەک هەر ئینسان، ئاژەڵیش ژیانی خۆش دەوێت و چی لە دەست بێت، بۆ ڕزگاربوون لە مەرگ دەیکات، کەچی لای تیرۆریست، مەرگدۆستی، جێگەی ژیاندۆستی دەگرێتەوە. بۆچی تیرۆریست بەرەو مەرگ بەڕێ دەکەوێت؟ چونکە کەسانی شارەزا گەمەیان بە ئاوەزی کردووە، کردوویانە بە ئامێرێک بەدەست خۆیانەوە و چۆنیان بوێت، وای هەڵدەسووڕێنن. تیرۆریست بە جیهاد کە شەڕی کافرانە و بە شەهیدبوون کە پاداشتەکەی بەهەشتە فریو دەخوات. لە تیرۆریست وایە هەر کە خۆی بە کوشت دا، ئیدی ڕاستەوخۆ دەچێتە بەهەشتەوە و دەستبەجێ بە ئامێزی حۆری شاد دەبێت. (ئەوانەی لەڕێی خوادا دەکوژرێن، بە مردوو هەژمار ناکرێن، ئاخر هەر زیندوو دەبن و خوا بژێوییان بۆ دابین دەکات. ئال عیمران ١٦٩)

(له هەر کوێ بتپەرستان هەبوون، بیانکوژن! سوورەتی تەوبە، ئایەتی ٥) ئەوە بە جیهاد و بە شەڕ لەپێناوی خوادا هەژمار دەکرێت! بۆچی لای موجاهید خوێنی جوو حەڵاڵە؟ گوایە پەیمانیان شکاندووە و ناپاکییان لە موحەممەد کردووە. ئەوی لە ئیسلام پاشگەز ببێتەوە، بە شمشێر سەری لە جەستەی جوێ دەکرێتەوە، ئەوە شەرعە! بەڵام لە خۆرئاوا دینگۆڕین و بێدینی دەکەونە خانەی ئازادیی ویژدانەوە. ئەشرف فەییازی شاعیری فەلەستینی سعوودستانی‌نشین، ٢٠١٥ بە تاوانی کافربوون بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو، هەرچەند هاواری کرد کافر نییە، سوودی نەبوو.

بەهۆی ئەو تیرۆرەوە ئیسلامییەکان لە ئەورووپا دەستیان پێ کردووە، ترس لە ئیسلام بڵاو بووەتەوە، ڕاستڕەوەکان بۆ کۆکردنەوەی دەنگ سوودیان لێ وەرگرتووە و هەنووکە چواریەکی دەنگی خەڵکی ئەورووپا، بۆ ئەو لایەنانە دەچێت کە ئیسلام بە سەرچاوەی تیرۆر لە قەڵەم دەدەن. تیرۆر وێنەی ئیسلامی لە ئەورووپا وەها ناشیرین کردووە، پێ ناچێت هیچ جوانکارییەک فریای بکەوێت. ئیسلامییەکان کارێکیان کردووە، لە فەرەنسا هێرشکردنە سەر ئایینی ئیسلام، میشال وێلبێکی گوتەنی، وەکوو شتێکی ئاسایی لێ هاتووە. بەگوێرەی ئەو ڕاپرسییەی دەزگای ئایفۆپ لە ئەپریلی ٢٠١٦دا کردوویەتی، چل و حەوت لە سەدی فەرەنساییەکان و چل و سێ لە سەدی ئەڵمانیاییەکان ئیسلام بە مەترسی دەزانن. پرۆفیسۆر هەنری لۆرانس کە لە زانکۆی (کۆلێژ دو فرانس) ئوستادی ئیسلامناسییە، لە ڕۆژنامەی لۆ ڤیگارۆدا (١٥ی یەنایەری ٢٠١٥) دەڵێت: (ترس لە ئیسلام زادەی ئەوەیە، بەشێک لە موسوڵمانان لایەنی زەبروزەنگ دەگرن و ڕق بڵاو دەکەنەوە.)

فەرەنسا دوای خەباتێکی دژوار و درێژخایەن بووە بە وەڵاتێکی سیکۆلار، ئیدی ئەوە بەسەرچووە، دین بتوانێت دەست وەربداتە ژیانی گشتییەوە، ئەوی دەخوازێت لەوێ بژی پێویستە ملکەچی یاسا و پرەنسیپ و بەهاکانی ئەوێ بێت. یەکێک لە کێشەکانی ئیسلامییەکان ئەوەیە، نە ددان بەم ڕاستییەدا دەنین، نە بۆ زێدی خۆیان دەگەڕێنەوە. لە فەرەنسا لە (١٩٠٥)ەوە، بەپێی یاسا دین لە دەوڵەت جودا کراوەتەوە، بەڵام دین لە کۆمەڵ جیا نەکراوەتەوە، خەڵک ئازادن سەر بە کام دین دەبن، بە مەرجێک دین توخنی پرۆگرامی خوێندن نەکەوێت. سیکولاریزم دژایەتی ئایین ناکات، بەڵکوو دین لە دەوڵەت و گشتی لە تایبەتی جودا دەکاتەوە.

تیرۆریست عەلمانی بە کافر دەزانێت، کافریش خوێنی حەڵاڵە، خومەینی چونکە سەلمان ڕوشدیی بە کافر دەزانی، بۆیە خوێنی حەڵاڵ کرد. لە (١٩٨٨)ەوە تا هەنووکە ئەو فەتوایە هەر کارایە و هێشتا نووسەری ڕۆمانی ئایەتە شەیتانییەکان، هەڕەشەی کوشتنی لەسەرە. هەرچەندە فەتوای کوشتن لەسەر نووسین، هێشتا لای ئیسلامییەکان کارێکی ئاساییە، بەڵام هەنووکە لە ئەورووپا شتێکە وەک عاجباتی و ناچێتە عەقڵەوە. ئیسلامییەکان ئەوەیان پێ هەرس ناکرێت، لەسایەی دەوڵەتی قانووندا، فەتوا هیچ بایەخێکی نییە. ئەگەر دیموکراتی لە ئارادا بێت، ئەوە ئاساییە، ئەوەی من بە پیرۆزی دەزانم، تۆ بیکەیت بە کەرەسەی ئەدەبی گاڵتەجاڕی، تیرۆریست لەم ڕاستییە تێناگات، ئەگەرنا کاریکاتێرەکانی هەفتەنامەی (شارلی ئیبدۆ)ی پێ ئاسایی دەبوو. شارلی ئیبدۆ بەرلەوەی کاریکاتێری پەیامهێنی ئیسلام بڵاو بکاتەوە، پێشتر چەندان جار کاریکاتێری مووسا و عیسای بڵاو کردبووە، بەبێ ئەوەی کەس هیچ کاردانەوەیەکی توندی هەبووبێت! هاووڵاتیبوون ئەوەیە، ڕێز لە مافی ئازادیی ڕادەربڕین بگرین کە لە فەرەنسا بە یاسا دابین کراوە. لە فەرەنسا ئینسان ئازادە بڕوای بە خوا هەیە، یان نا، لەوێ نە دەوڵەت هیچ دەسەڵاتێکی دینی هەیە، نە دین هیچ دەسەڵاتێکی سیاسی.

لە وەڵاتانی ئیسلامیدا، ددان بە تاکدا نانرێت، خێڵ لە تاک گرنگترە، ئینسان بەبێ ویستی خۆی وەک موسوڵمان لە دایک دەبێت و مافی ئەوەی نییە دینی ئیسلام بەجێ بهێڵێت، ئاخر ئەگەر دەستبەرداری ببێت بە هەڵگەڕاوە لە قەڵەم دەدرێت و دەکوژرێت. ئیسلامییەکان زەندەقیان لە ئازادیی ڕادەربڕین، ئازادیی گومانکردن، ئازادیی باوەڕگۆڕین و ئازادیی ئەوەی ئیماندار دەبین یان نا، چووە. تاقە وەڵاتێکی عەرەبی کە تێیدا ڕێز لە ئازادیی باوەڕ دەگیرێت و تێیدا ژنیش هەمان مافی پیاوی هەیە، تونسە. لە هەر وەڵاتێکدا ژن و پیاو یەکسان نەبن و ئازادیی باوەڕ بوونی نەبێت، هێشتا کاروانی مۆدێرنێتە بەوێ نەگەیشتووە، ئاخر لە هەر شوێنێک ڕێز لە ئازادییەکانی تاک نەگیرا، مۆدێرنیزم لەوێ نییە. لە هەر وەڵاتێکی ئیسلامی دەسەڵات وەک تونس نەکات، لای کەم دەسەڵاتێکی ترسنۆکە، لە عەوام دەترسێت.

لە هەر وەڵاتێکدا سیکۆلاریزم سەروەر بێت، لەوێ هیچ ئایینێک لە ئایینێکی دیکە باڵاتر نییە، ئاخر مرۆڤایەتی یەکێکە، پارچە پارچە ناکرێت. لەمێژە وەختی ئەوە هاتووە، هەر دەقێک ئینسان بۆ بەکارهێنانی زەبروزەنگ هان بدات، قەدەغە بکرێت، ئاخر ئیسلامی

سیاسی بە کۆمەکی ئەو جۆرە تێکستانە، ڕق بڵاو دەکاتەوە و هانا بۆ تیرۆر دەبات. ئەگەر سیکولاریزم زاڵ بێت، وەک چۆن مزگەوت نابێتە گۆڕەپانی ئاهەنگ و سەما، شەقامیش نابێتە شوێنی نوێژی بە کۆمەڵ. ئەڤغانی (١٨٣٨ – ١٨٩٧) و موحەممەد عەبدۆ (١٨٤٩- ١٩٠٥) شوێنپێی ئیبن ڕوشدیان (١١٢٦ – ١١٩٨) هەڵگرت و هەوڵیان دا دەقی دینی لە کۆت و پێوەندی ڕابردوو قوتار بکرێت، لە هەر جێیەک دەق لەگەڵ مەنیتیقدا ناکۆک بوو، مەنتیق ڕەچاو بکرێت، هەلومەرجی مێژوویی لەبەرچاو بگیرێت و ئازادیی ئینسان باڵاترین بەها بێت، بەڵام هەوڵیان بە زایە چوو، ئاخر هێشتا تێزەکانی موحەممەد بن عەبدولوەهاب (١٧٠٣ – ١٧٩٢) زاڵە کە داوای دەکرد بە موو لە شەرع لا نەدرێت و بە توندترین شێوە جێبەجێ بکرێت. ئیخوان، قاعیدە، تالیبان و داعش دەرچووی حوجرەی وەهابیزمن، ڕەوتە ئیسلامییە کوردییەکانیش هەروەها.

کە د. نەسر حامید ئەبووزەید (١٩٤٣ – ٢٠١٠) داوای کرد خوێندنەوەی نوێ بۆ قورئان بکرێت، لە زانکۆ دەرکرا، ئەزهەر بە کافری لە قەڵەم دا و گوشاریش خرایە سەر ژنەکەی تا لێی جودا ببێتەوە، ئاخر کوفرە موسوڵمان ژنی کافر بێت! ئیدی ناچار لە ترسی گیانی خۆی، چونکە کافر خوێنی حەڵاڵە، بۆ هۆڵاند هەڵات و لەوێ بە داخ و حەسرەتەوە سەری نایەوە. لە ئیسلامیی توندڕۆ وایە، یەک جۆر خوێندنەوە بۆ قورئان هەیە، هەرچەندە چەندان لێکدانەوە هەڵدەگرێت، ئاخر قورئان لە زۆر جێدا پشتی بە مەجاز بەستووە، مەجازیش پردێکە بۆ گەییشتن بە مانا ناڕاستەوخۆ و شاراوەکانی دەق. ئەوە جۆرێکیشە لە گەوجایەتی، خوێندنەوەی حەرفی بۆ قورئان بکەین، ئاخر ڕۆحی دەق لەودیو وشەکانەوەیە. موعتەزیلە کە عەقڵ جێی بایەخیان بوو نەک نەقڵ، وەک ڕەمز و وەک مەجاز سەرنجی دەقیان دەدا و خوێندنەوەی مەنتیقییان بۆ دەکرد، نەک لێکدانەوەی حەرفی، بەڵام ئیبن حەنبەل و ئیبن تەیمییە و موحەممەد بن عەبدولوەهاب کە فەندەمەنتالیزمیان بەرهەم هێنا، سەیری دیوی دەرەوەی دەقیان دەکرد و پێیان وابوو عەقڵی ئینسان لەوە (بچووک)ترە لێکدانەوەی نوێ بۆ دەقێک بکات کە خوای (گەورە) بەرهەمی هێناوە.

لەدوای شۆڕشی ئیسلامیی ئێرانەوە. توندڕۆیی زیاتر خۆی چەسپاند، ئاخر هەر کە خومەینی لە ١٩٧٩دا، دەستی بەسەر دەسەڵاتدا گرت، گوتی: (ئیسلام یان سیاسییە، یان نییە،) بەڵام ڕاشید غەننووشیی سەرۆکی حیزبی نەهزەی ئیسلامیی توونس هێندە

بوێربوو، ئایاری ٢٠١٦ گوتی: (پێویستە چالاکیی دینی بە یەکجاری لە چالاکیی سیاسی جویٚ بکرێتەوە و نابێت ئیسلام دیلی دەستی سیاسەت بێت.) (بە چی وەڵامی کەسێک بدەمەوە، کە دەیەوێت لە ڕێی سەربڕینی منەوە بگاتە بەهەشت؟) ڤۆڵتێر لە وەڵامی ئەو پرسیارەی خۆیدا دەڵێت: (بە هێزی یاسا،) بەڵام کێشەکە ئەوەیە، یاسا پشتی بەو تێزانە قایم بێت، کە تیرۆریستان بانگاشەی بۆ دەکەن، وەک لە زۆر لە وەڵاتانی ئیسلامیدا باوە.

موجاهید تا ئاستی نەخۆشی ئالوودەی جەستەی ژنە، بۆیە لەم دونیا لیٚ ناگەڕێت تاڵێک لە قژی بەدەرەوە بێت و خۆی بە کوشت دەدات، بۆ ئەوەی لەو دونیا بە جەستەی بگات. بۆچی موجاهید گەشتیاری ئەورووپایی دەکوژێت؟ بۆ ئەوەی ئەورووپاییەکان بتۆقێن، هیچ بە لایەوە گرنگ نییە وێنەی ئیسلام دەشێوێت. ئەو ئازادییەی سیکولاریزم دابینی دەکات، لە هیچ وەڵاتێکی ئیسلامیدا نییە. لە سایەی دەوڵەتی عەلمانیدا ئینسان بیٚ سنوور ئازادە، دەتوانێت چۆنی بوێت، وەها ڕای خۆی دەرببڕێت. موجاهید ئەگەر تیری ڕەخنە ڕووی لە خۆی نەبێت، بە لایەوە ئاساییە هەر چی سووکایەتییە بە کریستیان و بە جوو بکرێت.

ی

(ی) الطاهر بن جلون، الإرهاب كما نشرحه لأولادنا، ترجمة: جان هاشم، دار الساقي ٢٠١٧ بيروت.

(یی) نووسەر، دەرهێنەر و شاعیر، هەوادارەکانی بە خەلیفەی مارکیز دی ساد و شارڵ بۆدلێری دەزانن.

ڕۆڵی پرۆسەی پەروەردە لە هۆشیارکردنەوەی ژینگەییدا

سارینا ابراهیم

ژینگە ئێستا بەهەموو پێکهاتە سروشتی و مرۆییەکانییەوە دووچاری کۆمەڵێک کێشەو گرفتی هەمە جۆر بووە، کە هەموو جیهان بەدەستیەوە دەناڵێنێت، زۆربەی ئەم کێشانە پێویستی بە بیرکردنەوەیەکی قووڵ و گرنگی پێدان هەیە. مرۆڤ لەو کاتەوە کە ژیانی لەسەر ڕووی ئەم زەوییە دەستپێکردووە بەشێکی جیانەکراوە بووە لە ژینگەکەی، لە سەرەتادا پێداویستیەکان و سنوردادەکانی مرۆڤ نەبۆتە مایەی دڵەڕاوکی لەسەر گونجانی لەگەڵ ژینگەکەدا، بەڵام ئێستادا بە هۆی زۆری بوونی ژمارەی دانشتوان و جۆراوجۆرێتی پێداویستیەکانی، ئەمە سەرباری چالاکییە زۆرەکەی مرۆڤ لە ئەنجامی پێشکەوتنی پیشەسازی و تەکنولۆجیایی وایکردووە کە تێکچوونی ژینگەیی بە خێراییەکی زۆر ترسناک بڕوات. ئەمەش وا دەخوازێت تاک و کۆمەڵگا وەها بێت کە پلەیەکی بەرزی هۆشیاری ژینگەکەییان هەبێت، چونکە هەتا هۆشیاری نەبێت ناتوانین چارەسەریی کێشەی ژینگەیی بکەین، یاخود دەربرینێکی تر هەتا هۆشیاری نەبێت لەسەر چارەسەرەکان، ناتوانێت بەپێ ی توانا کێشانە سووک بکات. کەواتە دەکرێ بڵێین بابەتی پەروەردەو هۆشیاریی ژینگەیی بە یەکێک لە پرس و کێشە هەرە سەرەکییەکانی کۆمەڵگا هەژماردەکرێت.

ژینگە چیە ؟ئایا رۆژێک لە رۆژان لە خۆتت پرسیوە ژینگە چیەبە بیرتدا هاتووە چەمکی ژیبگە مانای چیە؟ وەڵامەکەی، ژینگە زاراوەیەکە بەکارهێنانی زۆر بەڵاوە و واتاکەشی وا بەستەی شێوازی ئەو پەیوەندییە، کە لە نێوان ژینگەکە و بەکاربەرکەیدا هەیە، بۆ نموونە کە دەڵێن : ژینگەی کشتوکاڵی، ژینگەی پێشەسازی، ژینگەی بیابانی ، ژینگەی کۆمەڵایەتی، ژینگەی ڕۆشنبیری و ژینگەی سیاسی ، مانای پەیوەندی ئەو چالاکییە مرۆییانەی بەو بوارانەوە. ئەگەر بگەڕێن بۆ بنەچەی وشەی ژینگە دەبینین ئەم وشەیە لەواتایEcologyوەرگیراوە، لە ١٨٨٦ زانای ئەلمانی ئارنست هیگل دیناوە، واتا لە دوو وشەی لێکدراو پێکهاتووە ، وشەی Eco=Oikes مانای ماڵ یان خانوو ،
وشەی دووەم Logy = Logos بەمانای زانست دێت بۆیە زانای ئەڵمانی هیگل ئاوا پێناسەی کردووە، (ژینگە ئەو زانستەیە کە لە پەیوەندی نێوان بوونەوەرە زیندووەکان لەگەڵ ئەو نێوەندی تێایدا دەژین دەکۆڵێتەوە) (عەجورە،٢٠١٤: ٧) .

چەمک و گرنگی هۆشیار کردنەوەی ژینگەیی

پێناسەی هۆشیاریی ژینگەیی

کرداری گواستنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگەیە بۆ باری هۆشیاریی ژینگەیی، ئەمەش لە ڕێگای شیکردنەوەی چەمک، راستی کۆمەڵایەتییەکان و گرفتە ژینگەییەکان، لەگەڵ ڕوونکردنەوەی کاریگەرییە ژینگەییەکان لەسەر ژیانی ئەندامانی کۆمەڵگا، لە پێناو ئەنجامدانی ڕەفتاری ژینگەیی ئەرێنی (العامي، ٢٠١٤: ٢٤٤).

گرنگی و ڕۆلی هۆشیار کردنەوەی ژینگەیی لەوەدایە کە دۆزینەوەی هوشیارییە، هەست کردنی تاک و کۆمەڵەکانە، بەدەست هێنانی زانیارییە دواتر گۆرینی ئارستە و ڕەفتارە سەبارەت بە ژینگە، هاوبەشیکردنیانە لە چارەسەر کردنە ژینگەییەکان،بەڕێوەبردنی ژینگەیی پەیوەست بە پەرەسەند بەبێ دەسکاری ژینگەکە ئەوش لە پێناو گەشەکردنێکی بەردەوام و درێژخایەنە (رەبیع،٢٠١٤: ٩٦،٩٧).

لەگەڵ زۆربوونی فشارە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی سەر ژینگە و توخمەکانی لە کۆتایی سەدەی بیستەوە

کاریگەریی مرۆڤ لە ژینگەدا هەتا سەرەتای سەدەی بیست ، پێویستە تاک و کۆمەڵەکان دەبێت شارەزایی و هەستی تەواویان دەست بکەوێت لەسەر پێکهاتەو توخمەکانی ژینگە، لەسەر پرس و کێشە ژینگەییەکان ، وە تێگەیشتن لە پەیوەندییە کارلێکە هاوبەشەکەی نێوان مرۆڤ و ژینگەکەی دەوروبەری، ناسینەوە تێگەیشتن لە کێشە ژینگەییەکان، هاوبەشیکردن لە چارەسەرکردنی، بەرگرتن لە ڕوودانی ، وە دوورکەوتنەوە لە کارساتە ژینگەییەکان یان ئەوانەی پەیوەندی دارن پێش ڕوودانی ئەو کارەساتانە، ئەو قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەی هەندێک جار لێیان دەکەوێتەوە، ئەمانە هەمووی هۆشیار کردنەوەی ژینگەییان پێویست کردووە و سەپاندوویانە (رەبیع؛٢٠١٤: ٩٥).

هەروەکو لەمەو پێش باسمان لێکرد ژینگەو توخمە جیاوازەکانی کاریگەری بەسەر مرۆڤەوە هەیە، بەهەمان شەوە مرۆڤ کاریگەری بەسەر ژینگەوە هەیە، بەڵام ئەم کاریگەرییە لە شێوێنکەوە بۆ شێوێنێکی دیکە بەپێی جیاوازی ئاستی شارستانی و زانیاری و تەکنەلۆژی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و لەوانەش دابوونەریتە جیاوازەکان کە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لەم کاریگەرییە جیاوازە، لەوەتەی پەروەردگار ئادەمیزادی دروستکردووە تاوەکو ئەمڕۆ کاریگەری مرۆڤ بەسەر ژینگەوەو چواردەورەی هەر بەردەوامە. کاریگەری

مرۆڤ بەسەر ژینگەوە لە هەموو کات و شێوێنێکدا وەکو یەک نەبووە، هەندێک جار هەر زۆر کەمبووە، گرفتە ئایکۆلۆژییەکانی (ژینگەییەکانی) دەرهاوێشتەی ئەم کاریگەرییە زۆر سنوورداربووە، بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی کات ئەم کاریگەرییە بەرەو زیادبوون ڕۆیشتوەو دەڕوات هەندێک لەم گرفتانە لە ئەمڕۆدا زۆر ئاڵۆزو بێ چارەسەرن، دۆزینەوەی ئەگەر بەشۆرەشێکی ڕاستەقینە دادەنرێت لەم بوارەدا، هەندێک کەس بە گرنگتر لە شۆڕشی پیشەسازی تەماشای دەکەن و دەڵێن کاریگەری زۆرترە چونکە لەگەڵ دۆزینەوەی ئاگر مرۆڤ کەم کەم یاخود هێواش هێواش لەسەردەمی ساوێلکەیی و سەرەتاییەوە بەرەو سەردەمێکی دیکە هەنگاوی ناوە، کە هۆکارەکان و پێوستییەکانی ژیان لەگەڵیدا گۆڕاون، چونکە ئاگر (وزە) بۆ چەندەها مەبەستی تایبەت بەکاردەهێنرێت و سودی لێوەر دەگرێت. ئەم هەموو پێشکەوتنە وایکرد کە کاریگەری مرۆڤ بەسەر ژینگەوە ڕوو لە زیادبوون بکات (سولەیمان،٢٠١٣ :٥٣).

چەمکەکانی پەروەردەی ژینگەیی

پێناسەکانی پەروەردەی ژینگەیی زۆرن، ئەوش بەهۆی زۆری و جۆراوجۆری دیدو بۆچوونەکانی لەسەری بەگوێرەی چەمکی پەروەردە و ئامانجەکانی

نەجدی:

پێناسەی پەروەردەی ژینگەی بەم جۆرە دەکات (پرۆسەیە کە تاک و کۆمەڵەکانی پێهوشیار دەکرێتەوە لەسەر ژینگەکەیان و کارلێکی نێوان توخمە بایۆلۆژی، فیزیایی، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکانی ناو ژینگەکەیان، سەربارەت پێدانی زانیاری، بەهاو شارەزایی و بەڵکو بەڕێوەبردنی ژینگەکەش، هەموو ئەوانەی کە ڕێگاکانی کارکردن ئاسان دەکەن بۆ تاک و کۆمەڵەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشە ژینگەییەکانی ئێستا و ئاییندە، پێوستە ئەم جۆرە پەروەردەیە ڕێ نیشاندەر بێت نەک تەنها بۆ ڕەفتاری خەڵکی بەڵکۆ بۆ ڕەفتاری بەرپرسەکانیش ئەوانەی ژینگە دەخنە بەر کاریگەری بڕیارەکانیانەوە) (ڕەبیع٢٠١٤: ١٤٧).

پەروەردەی ژینگەیی

کردارێکی سەرەکییە بەدوای پەیدابوونی هوشیاری، ڕەوشت، بەهایەکان، زانین، شارەزایی، پابەندبوون پێویستە ڕێگە بداتە مرۆڤ بۆ گۆرینی ژینگەیی بۆ ئەوەی لێهاتوو و چالاک بێت بۆ پاراستنی ژینگەییکی تەندروست.

بۆ روونکردنەو چەمکی ؛ژینگەیی؛ رونکردنەوەکانی وتاری ڤەن روین ((Van Rooyensلە رێنمایی بەرنامەی وانەی ژینگەیی پەیڕەوی دەکات و نیشان دەدات... ژینگە جیهانمانە....ژینگە سروشتی ژینگەیی دەگرێتەوە (خۆر دەگرێتەوە، هەوا ، ئاو، زەوی، سووڕی فیزیکی کە ژیان پشتگیری دەکات)، ژینگەیی کۆمەڵایەتی (مرۆڤەکان دەگرێتەوە و پەیدابوونی جیهانی بینایەکان، کێلگە، سەیارە، ئامێر، حکومەت، ئابووری، ئایین و کلتور)، و ژینگەیی کەسی (ڕێگایەکانی کەسێک دەگرێتەوە کە بیر دەکاتەوە، هەست دەکات....).

کەواتە دەکرێ بڵێن چەمکی پەوەردەی ژینگەیی دەتوانێت وەکو رێگەیەک بۆ بەرەوپێش بردن و فێربوون و قوتابخانە کاریگەرە بۆ هاوکاری بە ئەوانیتر. بەدەستهێنانی تێگەیشتن و شارەزایی و بەهاکان ئەوانە توانا دروست دەکەن کە وەکو ئەندامانی چالاک و هوشیار لە پەرەسەندن و هێشتنەوەی کۆمەڵگایەکی جێگر بەشداری بکەن لە ژینگە (Mawela, ٢٠٠٨:٣٢).

بنەماکانی پەروەردەی ژینگەیی

١. فێربوونی پەروەردەی ژینگەیی بۆ هەموو فێرخوازان لەهەموو تەمەنێکدا، بەتایبەت لەو تەمەنانەدا کە دەتوانن هاوبەشیبکەن لەچارەسەر کردنی کێشە ژینگەییەکان و زانینی ئەو کێشانە لەگەڵ چاودێریکردنی ژینگەیی فێربوون لەساڵەکانی یەکەمدا.

٢. دەبێتە یاریدەدەر بۆ دۆزینەوەی کێشە ژینگەییەکان و هۆیە ڕاستەقینەکانیان.

٣. جەخت دەکاتە لەسەر بیرکردنەوەی وردو شارەزایانە لە چارەسەرکردنی کێشە ژینگەییە ئاڵۆزەکاندا. (رەبیع، ٢٠١٤: ١٥٣)

٤. پەروەردەی ژینگەیی پرۆسەیەکی بەردەوامە بەدرێژایی ژیان.

٥. بەکارهێنانی ژینگەیی هەمەجۆر بۆ فێربوون (المعلومي،١٨٢:٢٠١٤).

ڕۆڵی پەروەردە لە هۆشیار کردنەوەی ژینگەییدا

ئەمرۆ ژیان بەرەو گەشەکردن و کۆمەڵگا لەگەل ڕێژەیی خوێندەواری زانین پەیوەندیدارە یاخود پەیوەندی هەیە.هەروەها پەیدابوونی پەرەسەندنی و بەرزکردنەوەی کلتوری ژینگەیی پێویستە و زیادکردنی بەهرە و هێزی مرۆییاخود توانای مرۆییلەسەر زەوی مەسەلەی ژینگەیی لە بەلاوکردنەوەی پەروەردەی ژینگەیی تا فراوانتر دەبێت.بەتایبەت لە ئێستادا لە جیهاندا پەروەردەکردن هەیە. پەروەردەی ژینگەیی دەستەواژەیەکە لە ناسینی بەهاکان و رونکردنەوەو تێگەیشتن و مەبەست لە پەیداکردنی شارەزایی و پێویستە بۆ دەرککردنی و ناسینی وابەستەی نێوان مرۆڤ (مهدی زادە،امین پور، ٢٠١٣:٤،٣).

لە گرنگترین ئەو ڕێگایانە کە مرۆڤ پەنای بۆ بردووە بۆ ژینگە پارێزی، ئەوەی کە لە ڕێگەیەوە هەوڵی داوە گەشەبدات بە هۆشیاری لای تاکەکان، سەرنجیان ڕابکێشێت بەرەو ژینگە ؛ بەواتا گشتگیرییەکەی و هاوبەشیکردن لەگەڵیدا و ئەوەش بەوە دەبێت زانیارییان بداتێ، ئارەزوو، ئاڕاستە و شارەزاییەکانیان گەشەپێبدات، بۆ کارکردن جا بەتاک بێت یان بە کۆمەڵ، بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشە ژینگەییانەی کە ئێستا هەیە، وە دوور کەوتنەوە لە ڕوودانی کێشەی ژینگەیی نوێ (رەبیع،٢٠١٤: ١٤٥).

زانای بەناوبانگی ئەڵمانی (ئەنشتاین)دەڵێ» بە قوولی سەیری سرووشت بکە ، دواتر تێ دەگەی کە هەموو شتێک باشترە». واتە سرووشت سەرچاوەی باشترینەکانی هەموو شتێکە بۆیە ئەرکە کەوا سرووشت بەپاک و خاوێنی بپارێزین، نەهێلین پیس ببێ هەردەم سەرچاوەی باشترینەکان کە سروشتە کە لێیەوە باشترەکان جوانتر دەبینین پاک و خاوێن بێت، درووست کردنی هۆشیاری پاک و خاوێنی و ژینگەیی سەرەتا لەخێزان و قوتابخانە دەست پێ دەکات.

بێگومان قوتابخانە ئەو دەزگایە پەروەردەیی و فێرکارییە کە لێیەوە پەروەردەی ڕەفتاری جوان دەبینین، ڕەفتار و کردەوە باشەکان لە قوتابخانەوە فێری دەبین و درووست دەبن کە لەم شوێنە نەوەی ئایندە گەشە دەکات و پێ دەگات هەمووی بە کە قوتابخانە هاوشانی خێزان بەرهەمی خۆی دەبەخشێ بۆ دروستکردنی نەوەیەکی ئاراستەکراو پێگەیوو بە هەموو لایەنە باش و بە سوودەکان. بۆیە زۆر پێویستە لە قوتابخانە زیاتر و زیاتر جەخت لە سەر هۆشیارکردنەوەی زیاتری قوتابی بکرێ بۆ پاڕاستنی ژینگەیەکی جوان و دڵڕفێ لە قوتابخانەوە قوتابی فێر دەکرێ گوڵ لێنەکتەوە نەیپچڕێنێ و دارو درەخت لە ناو قوتابخانە و لە دەرەوەی قوتابخانەش نەبڕێتەوە بەڵکو خزمەتی بکات ، ، قوتابخانەیە

پێمان دەڵێ ئەو خاکە خاکی تۆیە وەکو بیلبیلەی چاوت بیپارێزە چۆن ماڵەکەت پاک و خاوێن دەهێلێتەوە بەهەمان شێوە قوتابخانە و گەڕەک و گوندەکە و شارەکەت خاوێن بهێلەوە. قوتابخانە کە سەرچاوەی پێگەیاندن و تێ گەیاندنی تاکەکانی کۆمەڵگایە (حەسەن،٢٠١٧: ژمارە ٣٤٤).

هەروەها منالآنی ناو خێزانکە لە ڕێگەی گوزەرانیان لەگەڵ خێزانەکەیاندا فێری ڕەفتار دەبن، بەتایبەت لە ڕێگەی دایکیانە و، پەروەردە بە کلتورورو لاسایی کردنەوەوەختە ببێتە گرنگترین هۆیەکانی پەروەردە کە خێزان پەنای بۆ دەبات لە ئاست ژینگە، خێزان ڕۆڵی هەیە لەچارەسەرکردنی ئەو کێشانەی تووشی ژینگە دەبێت.دەبێت باوکان و دایکان بەهای پاکو خاوێنی و گرنگییەکەی لە دەروونی مندالآندا بچێنن (رەبیع،٢٠١٤: ١٨٣،١٨٤).

ڕۆلی ژنان لە ژینگە ژنان بە شێوەیەکی بە توانا هەوڵدەدەن کە کێشەی کەمتریان هەبێت. زنان بە هەبوونی ڕۆڵی ژن بوون و دایک دەبینن دەتوانن هۆکاری گواستنەوەی زانین و هۆشیاری ژینگەیی بە هاوسەرو مندالەکانی بدات، چونکە ژن رۆڵی بەرێوەبردنی ماڵداری و دەتوانی چاکسازو بەکاربهێنێت، لە چارەسەری رۆژانەی ژینگە بەرگری بکات، زۆرگرنگی بە بابەتی ژینگەی دەدات،بۆ پاراستنی ژینگە. ئەوەیەکە ژنان دەتوانن لە ڕێگەی پەروەردەکردنی منداڵ بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی رێژەی هۆشیاری لەنێو خێزان.

پەروەردەی ژینگەیی کاریگەریی هەیە لەسەر رەفتارو هەڵوێستی تاک ، هوشیاری ژینگەیی دەتوانێت لە ئەنجامی پەروەردەی ژینگەیی بێت. ئەنجامی پەروەردەی ژینگەیی ئەوەیە کە هەر تاک هەستارەی سەبارەت بە رووداو و گۆرانکاری فیزیکی، بایەڵۆجی، کۆمەڵایەتی ، هێز و دەستنشانکردن و روونکردنەوەی بابەتی پەیدابوو بۆ چارەسەرکردنی بابەتێک کە پەیوەندی هەبێت بە ژینگە. هەروەها پەروەردەی ژینگەیی بەشێوەیەک دەتوانێت کاریگەریی واقعی بێت بۆ دەرکپێکردنی هۆشیاری تاک سەبارەت بە گشتگیری ژینگەیی بە هەرجۆرە گۆرانکاریەک کە تاک بۆ بەهاکان و هاندەدەن، و ژینگە کردارێک بێت بۆ ئەنجامی هەندەێک لێکۆڵینەوەکانی لەسەر زەوی رەفتارەکانی. هۆکاری جۆراوجۆر هەیە لەسەر رەفتاییەک بەیەک تاک لە کۆمەڵگادا کە کاریگەری هەیە لەسەر ژینگە (عزیزیو مهدی زادە،٢٠١١: ٧٩).

ڕۆڵی هۆشیار کردنەوەی ژینگەیی لە چارەسەرکردنی کێشە ژینگەییەکاندا

هۆشیار کردنەوەی ژینگەیی بەشێوەیەکی کارا هاوبەشیدەکات لە کەم کردنەوەی کێشە ژینگەییەکان، لە ڕێگەی پرۆگرامە جیاوازەکانی هۆشیارکردنەوەی ژینگەییەوە، لێکۆڵینەوەکان جەختیان لە کارایی ئەمە کردۆتەوە شان بە شانی هۆیەکانی تر، چونکە ئەو ژینگەیەی کە سیستمە کۆمەڵایەتی و تەکنەلۆجیاییەکی تێیدایە هاوئاهەنگی دەکات لەبەرانبەر کێشە ژینگەییەکانی وەک پیسبوون لە بەدیهێنانی سەرچاوە سروشتیەکان، لەگەڵ زۆربوونی بەردەوامی ژمارەی دانشتوان. مرۆڤایەتی پێویستی بەڕەووشتی کۆمەڵایەتی هاوچەرخ هەیە، کە پەیوەندی هەیە بە ڕێزگرتن لە ژینگە، ئێمە بەم ڕەوشتانە ناگەین هەتا هۆشیاری کردنەوەی ژینگەیی جدی نەکەین لەسەر پەیوەندی مرۆڤ بە ژینگەکەیەوە. زۆر گرنگە هاوڵاتیان هۆشیاری ژینگەییان هەبێت، هەتا بتوانن ژینگەکەیان بپارێزن. هەروەها بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ژینگەیی دەبێتە هۆی ڕێنمایی و کەم کردنەوەی ئەو خەرجییانەی دەکەوێتە سەر دەوڵەت بۆ ژینگە پارێزی هاوبەشیش دەکات لە گەشەکردنی ڕەفتاری شارستانییانەی هاوڵاتییان (رەبیع،٢٠١٤: ١٠٣،١٠٤). دەبێ کلتورو هوشیاری ژینگەیی زیاتر لە ناو هاوڵاتیان بڵاوبکەینەوە، چونکە یەکێک لە گرفت و کێشە سەرەکیەکانی کۆمەڵگە یاخود کۆمەڵگەی ئێمە نزمی ئاستی هوشیار هاوڵاتیانە لەسەر ژینگە لەلای ئێمە لاوازەو بەهێزنیەو کەس لەئاستی ژینگە بەرپرسیارنیەو کەس هەوڵی پاک و خاوێن ڕاگرتنی ژینگە نادات،هەمیشە هەوڵ دەدەن رادەی هوشیاری هاوڵاتیان.ئەوە پەیوەندی بەهەموو لایەکمانەوە هەیەو هەر بەتەنیا ئەرکی سەرشانی حکومەت نیە بەڵکو ئەرکی حکومەت و هاوڵاتیان و هەموو ڕێکخراوەکان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و میدیاکانە کار بۆ پرسی ژینگەو بەرزبوونەوەی ئستی ڕۆشنبیری هاوڵاتیان بکەن تاپرسی ژینگە لەلای هەموو تاکێکی کۆمەڵ گرنگ بێت (بەرزنجی،٢٠١٥: ٥).

کەمتەر خەمی و لاوازی هەستی بەرپرسیارەتی کۆمەڵایەتی

بریتییە لە گرنگینەدانی تاکەکان بە دیاردە و هەڵوێستە جیاوازەکان کە لە دەوروبەیان یاخود بەشێوەیەکی گشتی لە کۆمەڵگادا ڕوودەدەن، ئەو گرنگینەدانەی تاکەکانیش بە کێشە ژینگەییەکان کە لە دەوروبەریان دەگوزەرێت بۆ چەندین هۆکار دەگەرێتەوە، وەکو هەستکردن بە نائومێدی لە میانەی بوونی توانای گۆڕانکاری کە دەرئەنجامی داواکەوتنی چاکسازییە و دواتر ملکەچبوون و رازی بوون بە باردۆخە ناخۆشیەکان. تاکەکانی کۆمەڵگا بەزۆربەی چین و توێژەکانەوە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی ژیانیان

و چارەسەرکردنی کێشەکانیان بە تایبەتی چارەسەرکردنی کێشە ژینگەییەکان پێشت بە دەزگا حکوومیەکان ببەستن (محمد، ٢٠٠٦: ٧٩،٨٠). لاوازی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی تاک لە میانەی پرۆسەی کۆمەڵایەتیی بووندا فێری کۆمەڵێک بەها و پێوەرو،...هتد. کۆمەڵایەتی دەبێت بۆ ئەوەی لەهەر جێگایەک چۆن و چ ڕەفتار و هەڵسوکەوتێکی پەسەنکراو ئەنجامبدات، بەواتای فێر دەبێ، کە چۆن لەنێوان هەڵسوکەوتی گونجاو و نەگونجاو جیاوازی دابنێ (ئامێدیان،٢٠١٣:٤٥٥).باس لە لاوازی ڕۆڵیان لە بابەتی پاراستنی پێکهاتەکانی ژینگە و ژینگەپارێزی دەکەینەوە.لە ڕوانگەی ئەوەی مەعریفە و هۆشیاری ژینگەیی بریتییە لە بابەت و پرسێکی تاکەکەسی و گروپی، ڕەفتاری تاکەکان و هەڵسوکەوتکردنیان لەگەڵ ژینگە سروشتییەکەیان بەرجەستە دەبێت، کە ئەمەش یارمەتییان دەدات لە جیاکردنەوەی کردارە ئەرێنی و دروستەکان و جۆری ڕەفتارە نەرێنی و هەڵەکانیان. بەمانایی ئەوەی کە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی نافەرمی تەنها پەیوەندی بە ڕەفتاری تاکەکانەوە لەنێو خۆیاندا نیە بەڵکو ڕەفتارەکانی پەیوەندیدارن بەرانبەر بە ئەوانی دیکەوە، کەواتە سەجەم ئەو ڕەفتارانەش دەگرێتەوە، کە بەرانبەر بە ژینگە و دامودەزگا تایبەتی و گشتییەکان.ئەنجام دەدات (محمد،٢٠١١: ١٠٦).

بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرانبەر کۆمەڵگە

بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی کۆمپانیاکان بەرامبەر کۆمەڵگە لەمیانی ئەو ڕۆڵەوە دەرکەوێت کە کۆمپانیاکان دەیگێڕن لە بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی و ئاسودەیی بۆ کۆمەڵگە لەکاتی ئەنجامدانی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکاندا،دواتر بەدەستهێنانی ڕەزامەندی سودمەندبوان، ئەمەش لە سایەی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری لای تاکەکانی کۆمەڵگە و کاردانەوەکانیان بەرانبەر ئەو ڕۆڵە خراپەنەی کە کۆمپانیاکان دەیگێڕن. پێویستە کۆمپانیاکان لەم بوارانەدا ڕۆڵیان هەبێ:-

١. بەشداریکردن لە بەهێزکردنی ژێرخاندا.

٢. گرنگیدان بە خاوەن پێداویستی تایبەت.

٣. پشتگیریکردنی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان.

٤. ڕاستگۆیی لە مامەڵەکردن و پێدانی زانیاری و نەهێشتنی گەندەڵی.

٥. ڕێزگرتن لە داب و نەریتی باو.

بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرانبەر ژینگە

مەبەست لەمە ئەنجامدانی چالاکی و بەرنامەی کۆمپانیاکانە بۆ هێنانەدی ژینگەیەکی پاک و بەردەوام، دەکرێ لە ماوەی ئەنجامدانی چالاکییەکانیان کۆمەڵێک پێویستی ئەنجام بدەن لەوانە، پاراستنی سامانی سروشتی، مامەڵەکردن لەگەڵ زبڵ و پاشماوەکان بەرێگایەکی زانستی، لەناوبردنی هۆکارەکانی پیسبوون لەم برگەیەدا، ئماژە بەهەندێک لەو چالاکییانە دەکەین کە وێویستە لە لایەن کۆمپانیاکانەوە ئەنجامبدرێت وەکو بەرپرسیارێتییەکی ئاکاری و چاکەکاری بەرانبەر ژینگە:-

١. سنوردانان بۆ پیسبوونی هەوا و ئاو و خاک.

٢. بەکارهێنانی جۆری باش لە کەرەستە.

٣. پەرەپێدانی سامان و چاککردنی.

٤. دارچاندن و فراوانکردنی ڕووبەری سەوزایی.

ئاسایشی ژینگەیی

بابەتی ژینگە و مەسەلەی ژینگەیی پەیوەندی راستەوخۆی لەگەڵ ژیان و ژیانی کۆمەڵگای مرۆڤ هەیە. و هەر جۆرە ئالۆزیک و کاریگەری نەرێنی لەسەر ژینگەیە، کاریگەرو زیان لەسەر ژیانی مرۆڤ هەیە، بێ هێچ گومانێک، هەرچەندە هەندێ لە حکومەتەکان مەیلی زیادیان بۆ پاراستنی ژینگە هەیە، بەڵام هەبوونی هەندێ سود وایکردووە کە هەمان حکومەتەکان دەست لە چالاکیەکان بدەن بۆ پاراستن و مانەوەی ژینگە دەخنە مەترسی لە کۆتایی سەدەی ١٩٨٠، بەتایبەت لەگەڵ بەڵاوکردنەوەی هەندێ وتاری بەهێز لەساڵی ١٩٨٩، گرنگی ژینگە وەکو یەک مەسەلەی ئاسایش زیادی کرد، دواتر بەردەوام شیکردەنەوەی زیاتریاندا (متقی وکاویانی راد،٢٠١٥: ٨٢،٨١).

ئاسایشی ژینگەیی کۆمەڵێک یا چەندین رەفتاری ئەرێنییە لە رووی ئاسایشەوە، کە دەبێتە هۆکاری سەرهەڵدانی کاریگەری نەرێنی لەسەر ژینگەو لەوانەیە ببێتە هۆی پیسبوون یان خراپبوونی پێکهاتەکان، کە دەرئەنجام دەبێتە هۆی ناهاوسەنگی لە سیستەمی ژینگەیی خۆجێیی یا جیهانی (سولەیمان،٢٠١٣: ٢٩٢).

پیسبوون وەک کێشەیەکی ژینگەیی کوتوپڕ بوو بە یەکێک لەو کێشە ترسناکانەی کە خۆی هاویشتە سەر شانۆی ڕووداوە جیهانییەکانی ژینگەو زانایان و بەرپرسانی لە نیوەی دووەمی ئەم سەدەیەدا ناچار کرد کە بایەخێکی تەواوی بدەنێ، لە ڕاستیشدا پیسبوون وەک دەرکەوتەیەکی ژینگەیی هەر لە سەرتای بوونی مرۆڤەوە لەسەر زەوی هەبووە.

واتای پیسبوون بڵاوترین پێناسە دەربارەی پیسبوون فرێدانی پاشماوەو پاشوڕۆکانە کە دەبێتە هۆی تێکدان و شێواندنی جوانی و خاوێنییەکەی ژینگە. پیسبوون بریتییە لە: (جووڵەی بگۆرەکان (پاشەرۆی بەرهەم و بەکارهێنان) بەرەو سیستەمە ژینگەزانییەکەو ئەنجام دەبێتە هۆی تێکچوونی جولە ڕێک و پێکەکە لە نێوان توخمەکانیداو پاشان ڕوودانی تێکوون لە هاوسەنگ بوونی ژینگەزانی و بەداوی ئەوشدا هاتنی ئەو مەترسییانەی هەڕەشەی نەمان لە زیندەوەرانی سەر زەوی دەکەن) (بەرزنجی، ٢٠٠١: ٦٥،٥٨).

لێرەوە دەگەین بەوەی کە مەبەست لە ئاسایشی ژینگەیی کۆی کاریگەری و پرۆسەی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆکانە کە مرۆڤ و کۆمەڵگای مرۆیی پێی هەڵدەستن، کە ئەمانە هۆی زیانگەیاندنی راستەوخۆ یا ناراستەوخۆن بۆ سەر ژینگە و پێکهاتەکانی لە ئایندەی نزدیک و دووردا (سولەیمان،٢٠١٣: ٢٩٢).

لیستی سەرچاوەکان

١. ئامێدیان، فەخرەدین (٢٠١٣) فەرهەنگی شیکاری زاراوەکانی کۆمەڵناسی. سنە: چاپخانەی شیمی سنە.

٢. العانی، محمد جاسم محمد شعبان.(٢٠١٤) .التخطیط البیئي ، عمان. دار الرضوان للنشر و التوزیع.

٣. المعلومي،ریمون (٢٠١٤) التربیة البیئیة و السکانیة. دمشق: منشورات جامعة دمشق.

٤. بەرزنجی، صدیق شێخ محمود (٢٠٠١) کاریگەریی مرۆڤ لە ژینگە پیسکرندا.هەولێر: چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین.

٥. بەرنجی، فاتیح(٢٠١٥) هەموو ساڵێك لە ١٦\٤دا، رۆژی ژینگەی کوردستانە. رۆژنامەی خەبات. ژمارە ٤٧٨١.

٦. حەسەن،بەکر کەریم (٢٠١٧) چۆن بتوانین ووشیاری ژینگەیی لەگەڵ گرنگی پەروەردەیی بەیەکەوە ببەستنینەوە. گۆڤاری گوڵان. ژمارە ٣٤٤.

٧. رەبیع، عادل مشعان (٢٠١٤) هۆشیارکردنەوەی ژینگەی. و. ئەحمەد عەلی ئەحمەد:لەبلاوکراوەکانی رۆشنبیری جەمال عیرفان. کەمال.

٨. مهدی زادە،وجیهە وامین پور،سمیە (٢٠١٣) نقش فرهنگ سازی و مشارکت مردمی در حفاظت از عرصەهای طبیعی. نخستین کنفرانس بین المللی. اصفهان: دانشگاە صنعتی.

٩.سولەیمان، موحەمەد مەحمود (٢٠١٣) جوگرافیا و ژینگە. و. ئسۆ وەهاب- رزگار فایەق. باشوری کوردستان: چوارچرا.

١٠. عزیزی، مریم ومهدی زادە،حسین (٢٠١١) بررسی وضعیت رویکرد زیستی زنان خانەدار شهر ایلام. فصنامە انسان و محیط زیست. شمارە ٢٢.

١١. عەجورە،موحەمەد ئەلسەید(٢٠١٤) پیسبوونی ژینگەو جۆرەکانی،و.ئەحمەد عەلی ئەحمەد.لەبلاوکراوەکانی دەزگای رۆشنبیری جەمال عیرفان.

١٢. متقی،افشین، کاویانی راد، مراد (٢٠١٥) رابطە امنیت زیست محیطی با امنیت ملی. فصلنامە مجلس و راهبرد. شمارە هشتادوسە.

١٣. محمد، رضوان صالح (٢٠١١) دور الثقافة البيئية في الحماية البيئية الحضرية. رسالة ماجستير غير منشورة. جامعة منتوري. قسنطينة: كلية العلوم النسانية والعلوم الجتماعية. قسم علم اجتماع.
١٤. محمد، محمد عبدالفتاح(٢٠٠٦) تنمية المجتمعات المحلية منظور الخدمة الاجتماعية. الاسكندرية: المكتب الجامعي.
١٥. Mawela,Ailwei Solomon (٢٠٠٨) Environmental Education. University of South Africa

پێگەو وێنەی ئافرەت
لە تەلەڤیزیۆنی کوردیدا

شیکردنەوەی ئەنجامەکانی ڕووپێوییەکی مەیدانی

دکتۆر بەهات حەسیب قەرەداخی

له یادی ١٢١ ساڵەی رۆژنامەوانیی کوردیدا، بەشداری پانالێک بووم بۆ قسەکردن لەبارەی رەوشی ئافرەتان لەمیدیای کوردیدا. پاش ماوەیەک بۆ گەڵاڵەکردنی ڕستێک ڕاسپاردەو پێشنیاز دەربارەی هەمان بابەت، بانگێشتی دانیشتنێکی سنووردار کرام ویەکێ لە ڕاسپاردەکان ڕووبەڕووی بەندە کرایەوە کە بەهاوکاریی چەند ئافرەتێکی چالاک و خۆبەخش، ڕووپێوویییەک بۆ زانینی پێگەو وێنەی ئافرەت لە سەر سکرینی تەلەڤیزیۆنە کوردییەکان، بکەم .

لەماوەی چەند ڕۆژێکدا دوو فۆرمی جیاوازمان داڕشت بۆ ڕووپێویکردنی هەردوو بابەت و دابەشی سەر ئافرەتە چالاکەکانمان کرد کە سکرتاریەتی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان ئامادەیان کردبوون. پاشان بە وردی ئامانج لە رووپێوییەکەو ناوەڕۆک و شێوازی پڕکردنەوەی فۆرمەکانمان بۆ خۆبەخشەکان ڕوونکردەوە. دواتریش بەژمارەی خۆبەخشەکان لەهەر فۆرمێک ٢٠ دانە کۆپیکران و دابەشکران. لەپاش دوو مانگ لەهەر جۆرێکیان تەنها ١٧ دانەمان بە دروستی بۆ گەڕایەوە کە تیایاندا ٢٥١ بەرنامەی تەلەڤیزیۆنیی جۆراوجۆر لە ١٧ تەلەڤیزیۆنی کوردیی ئاسمانی و لۆکاڵی، چاودێریکرابوون.

لەچەند لاپەڕەی داهاتوودا، ئەنجامەکانی ئەو ڕووپێوییە لە چوارچێوەی خشەی تایبەت و بە ژمارەو ڕێژەی سەدی و شیکردنەوەی داتاکان، دەخەینە بەردەست و چاوی خوێنەری بەڕێز. پاشان چەند ڕاسپاردەیەکمان لەبارەی سەرجەمی ئەنجامەکانەوە دەبێت.

خشتەی 1

زنجیرە	جۆری بەرنامە	بەژمارە	بەڕێژەی سەدی
1	دایالۆگ	102	41
2	هەواڵەکان	88	35
3	سەرگەرمی	61	24
کۆی گشتی		251	%100

خشتی ١ پێمان دەڵێت : لە کۆی ئەو ٢٥١ بەرنامە تەلەڤیزیۆنیەی چاودێریکراون، ٤١٪ ی لەجۆری بەرنامە دایالۆگییەکان بوون، ٣٥٪ ی هەواڵەکان و ٢٤٪ یش لەجۆری بەرنامەکانی سەرگەرمی و کات بەسەربردن بوون. هەڵبەتە لەڕووی ئەکادیمیشەوە هەر بابەتێک کە بە دەنگو وێنە لەسەر سکرین دەرکەوت، ماوەکەی و ژانرەکەی هەرچییەک بێت، بە بەرنامە هەژماردەکرێت.

خشتەی 2

زنجیرە	بواری بەرنامەکان	بەژمارە	بەڕێژەی سەدی
1	کۆمەڵایەتی	61	24
2	هونەری	56	22
3	سیاسی	50	20
4	تەندروستی	31	12.5
5	وەرزشی	24	10
6	یاسا	16	6.5
7	ئابووری	13	5
کۆی گشتی		251	%100

له خشتەی ژمارە ٢ بۆمان دەردەکەوێت کە ، لە کۆی ٢٥١ بەرنامەی چاودێریکراو، کە ئافرەتیان تێدا دەرکەوتووە، دابەشی سەر ٧ جۆر ژانر و جۆر بوون: ٢٤٪ کۆمەڵایەتی، ٢٢٪ هونەری، ٢٠٪ سیاسی، ٥ ،١٢ تەندروستی، ١٠٪ وەرزشی، ٥ ،٦ یاسا و ٥٪ ئابووری . بەمەشدا بۆمان دەردەکەوێت هەر سێ بواری (کۆمەڵایەتی و هونەری و سیاسەت) زۆرترین و هەردوو بواری (یاسا و ئابووری)یش کەمترین، بەشیان بەرکەوتووە.

لەکاتێکدا کە لەکۆمەڵگەی ئێمەدا، ئافرەتان کۆڵەگەی ئابووریی ماڵی کوردستانین و ئابووریی ماڵیش بەردی بناغەی ئابووریی وڵاتە، کەچی دەرکەوتن وبەشداریی ئافرەت لە تەلەڤیزیۆنی کوردیداو لەم بوارە گرنگە هەستیارەدا، زۆر زۆر کەمەو بەهیچ جۆرێک ڕەنگدانەوەی ڕاستییەکانی ژیانی ڕۆژانە نییە .

خشتەی 3

زنجیرە	جۆری بەشداریی ئافرەت	بەژمارە	بە ڕێژەی سەدی
1	پێشکەشکار یان پەیامنێری تیڤی	130	52
2	میوان و ئەکتەر	121	48
کۆی گشتی		251	%100

لە خشتەی ژمارە ٣ دا بۆمان دەرکەوتووە کە، ٥٢٪ ی دەرکەوتن و بەشدارییەکانی ئافرەتان لەو بەرنامە تەلەڤیزیۆنیانەی چاودێریکراون، وەک پێشکەشکار یان پەیامنێری تەلەڤیزیۆنەکان بوون. لەبەرامبەریشدا ٤٨٪ ی دەرکەوتن و بەشدارییەکانیان وەک میوان و ئەکتەر بوون.

خشتەی 4

زنجیره	پیشەی ئافرەتە بەشدارەکان	بەژمارە	بە ڕێژەی سەدی
1	کارمەندی کەرتی نا حکومی	130	52
2	کارمەندی حکومی	41	16
3	چالاکی مەدەنی	38	15
4	کادیری حیزبی	19	7.6
5	خاوەن کار	12	5
6	ژنی ماڵ و بێ کار	7	2.8
7	خوێندکارو قوتابی	4	1.6
	کۆی گشتی	251	%100

کاتێک لە پیشەی ئافرەتانی بەشدارو دەرکەوتووی ناو بەرنامەکان ورد دەبینەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە، ڕێژەی ٥٢٪ ی ئەو ئافرەتانە کارمەندی کەرتی ناحکومین کە بریتین لە پێشکەشکارو پەیامنێری تەلەڤیزیۆنەکان، ٤٨٪ یش دابەشی سەر چەندین پیشەو پێگەی ئابووریی تر بوون: کارمەندی حکومی ١٦٪، چالاکی مەدەنی ١٥٪ ، کادیری حیزبی ٦ ,٧٪، خاوەنکار ٥٪، ژنی ماڵ وبێکار ٨ ,٢٪، خوێندکارو قوتابی ٦ ,١٪. لەم خشتەیەشدا ستەمێکی تر دەبینیین کە لە ئافرەتان کراوە؛ کەمترین دەرفەت بۆ ژنی ماڵ و بێکارو خوێندکارو قوتابیان ڕەخساوە، لە کاتێکدا کە ڕاستییەکانی ژیانی کۆمەڵگە پێمان دەڵێن ئەو دوو توێژەی ئافرەتان زۆرینەن لە کۆمەڵگەی ئێمەداو پێویست بوو زۆرترین دەرکەوتن و بەشدارییشیان لە بەرنامەکانی تەلەفیزیۆندا هەبووایە.

خشتەی 5

بەرێژەی سەدی	جۆری بەرنامە	زنجیرە
32.5	درامای دۆبلاژکراو	1
18	کلیپ	2
17.5	دایالۆگ	3
13	ڕیکلام	4
11	سەرگەرمی و کات بەسەربردن	5
5	شانۆی کوردی	6
3	درامای کوردی	7
%100	کۆی گشتی	

لە خشتەی ژمارە ٥ دا، بە ڕێژە، جۆری ئەو بەرنامانەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ئافرەتان تێیاندا دەرکەوتوون و بەشداربوون: درامای دۆبلاژکراو ٣٢,٥٪، کلیپ ١٨٪، دایالۆگ ١٧,٥٪، ریکلام ١٣٪ ، سەرگەرمی ١١٪ ، شانۆی کوردی ٥٪، درامای کوردی ٣٪. دیسان لەم داتایانەوە بۆمان دەردەکەوێت کە دەرکەوتنی ئافرەت لە تەلەڤیزیۆنی کوردیدا، ڕەنگدانەوەی ڕاستیی کۆمەڵگەی ئێمە نییە، بەڵکو پشکی شێر بەر کەلتووری میللەتان و کۆمەڵگەی تر کەوتووە لەڕێی درامای دۆبلاژکراوی تورکی و کۆری و فارسی و هیندی و عەرەبی و مەکسیکییەوە. لاوازیی شانۆو درامای کوردی وایکردووە کە کەمترین پشکیان بەر ئافرەتی کورد بکەوێت.

خشتەی 6

بەرێژەی سەدی	پیشەی کارەکتەری ئافرەت لە بەرنامەکاندا	زنجیرە
26.7	هونەرمەند	1
18	خاوەنکار	2
15.5	ژنی ماڵ	3
13	فەرمانبەری ئۆفیس	4
12	پزیشک	5
7	مامۆستا	6
5	خوێندکار، قوتابی	7
2.8	نێرس لە نەخۆشخانە	8
%100	کۆی گشتی	

له خشتەی ژماره ٦ دا، بۆمان دەردەکەوێت کارەکتەری ئافرەت لە بەرنامە تەلەڤیزیۆنییەکاندا لەم پیشانەدا خۆیان دەبیننەوە: ٢٦,٧٪ کارەکتەری هونەرمەندە، ١٨٪ بۆ ئافرەتی خاوەنکارە، ١٥,٥٪ بەشی ژنی ماڵە، ١٣٪ فەرمانبەری ناوئۆفیس، ١٢٪ پزیشک، ٧٪ مامۆستا، خوێندکار و قوتابی ٥٪، نێرس لە نەخۆشخانە ٢,٨ ٪. پیشەی کرێکاری و خزمەتگوزاری و فرۆشیارییش نابینین، کە لە ژیانی ڕاستیدا ئەو پیشانە بەشێکی هەرە زۆری ئافرەتی وڵاتی ئێمەیان لەخۆگرتووە. ئەوەش بەڵگەیەکی ترە لەسەر ئەوەی کە بەشی هەرەزۆری ئەو دراما وشانۆو کلیپ وڕیکلامانەی لە تەلەڤیزیۆنی کوردییەوە پەخشدەکرێن، ڕەنگدانەوەی ژیانی ڕاستیی کۆمەڵگەی ئێمە نین.

خشتەی 7

بەڕێژەی سەدی	دیارترین خەسڵەتی ئافرەت لە بەرنامەکاندا	زنجیره
28.7	کەسێتیی بەهێز	1
11.5	داهێنەرو هەڵکەوتوو	2
11.5	سێکسی و بەناز	3
9.2	بەخشندە	4
8.8	شەڕانگێز	5
8.4	فێڵبازو بێ بەڵێن	6
6	بێ هاوژین	7
4.4	ساویلکەو خۆشباوەڕ	8
3.6	قوربانی و بێ دەسەڵات	9
%100	کۆی گشتی	

لە خشتەی ژمارە ٧ دا هەندێ ڕێژەی سەرنجڕاکێشمان دێتە پێش چاو. جۆری کارەکتەر (شەخسییەت – پێرسوناڵێتیی) ئافرەتەکان لە سامپڵەکەی بەردەستماندا، لە ٩ جۆردا بەرجەستەبووە بەم شیوەیە: کەسێتیی بەهێز ٢٨,٧٪، داهێنەرو هەڵکەوتووە ١١,٥٪ کە زۆربەیان لە بەرنامەکانی دیالۆگدا بەرچاوکەوتوون.

سێکسی و بەمەکروناز، ١١,٥٪ شاڕانگێز، ٨,٨٪ فێڵبازو بێ بەڵێن ٨.٠٪، کە زۆربەی هەرە زۆریان لە دراما دۆبلاژکراوەکاندا بینراون. ٤,٤٪ ساویلکەو خۆشباوەڕ، قوربانی و بێ دەستەڵات ٣,٦٪، بەخشندە ٩,٢٪ ، ٦٪ بێ هاوژین.

خشتەی 8

خەسڵەتی ئافرەت / جۆری بەرنامە	بەخشندە %	شەڕانگێز %	بێ هاوزین %	پارەپەرست %	بەهێز %	فێڵباز %	قوربانی %	داهێنەر %	سێکسی %	ساویلکە %
درامای دۆبلاژکراو	29	58	81	90	4	81	42	10.5	18	20
درامای کوردی	8	10.5	6.5	5	2	x	x	x	x	14
شانۆی کوردی	x	16	X	x	4	9	8	x	x	13
کلیپ	21	x	X	x	17	5	25	18	40	20
دایالۆگ	17	5	6	x	41	x	17	25	x	x
سەرگەرمی	4	10.5	6.5	x	21	5	8	10.5	10	13
ڕیکلام	21	x	X	5	11	x	x	36	32	20
کۆی گشتی	%100	%100	%100	%100	%100	%100	%100	%100	%100	%100

کە سەرنجی دواین خشتە دەدەین، دەبینیین: ٩٠٪ ی کارەکتەری ئافرەتی (پارەپەرست)، ٥٨٪ی کارەکتەری ئافرەتی (شەڕەنگێز)، ٤٢٪ ی کارەکتەری ئافرەتی (فێڵباز)، ٢٠٪ ی کارەکتەری ئافرەتی (ساویلکە)، ١٨٪ ی کارەکتەری ئافرەتی (سێکسی): لە دراما دۆبلاژکراوەکاندا دەردەکەون. لەپاڵ ئەمەشدا دەبینیین: لەدرامای کوردیشدا پشکی شێر بۆ هەردوو کارەکتەری (ساویلکە) ١٤٪ و (شەڕانگێزە) ١٠,٥٪ . کەگوایە ئەوانە نوێنەرایەتیی ژیانی ڕاستیی کوردەواری دەکەن.

هەر ئەوەندە نیە، بەڵکو لە شانۆی کوردیشدا (مەبەستمان لەو نمایشە شانۆییە کوردیانەن کە لە تەلڤیزیۆنەوە پەخش دەکرێنەوە) دیسان پشکی شێر بۆ کارەکتەری ئافرەتی کوردی (شەڕانگێزە) ١٦٪. بەدوای ئەویشدا هەردوو کارەکتەری ئافرەتی (ساویلکە) ١٣٪ و (فێڵباز) ٩٪ دێن. کەچی کارەکتەرەکانی (بەخشندە و داهێنەر) هیچ بەشێکیان نییەو کارەکتەری ئافرەتی (بەهێز)یش کەمترین ڕێژەی بەدەسهێناوە کە دەکاتە ٤٪.

کارەکتەری ئافرەتی (سێکسی و مەکرباز) لەم بەرنامانەدا بەم ڕێژانە دابەش بووە: کلیپ ٤٠٪، ڕێکلام ٣٢٪، درامای دۆبلاژکراو ١٨٪، سەرگەرمی و کاتبەسەربردن ١٠٪.

ئەو ڕێژانەش کە جێی دڵخۆشیی و سەرنج و لەسەر ڕاوەستان و هاندانن، ئەمانەن :
ڕێژەی کارەکتەری ئافرەتی بەهێزە ٤١٪ و ڕێژەی کارەکتەری ئافرەتی داهێنەر ٢٥٪ لە بەرنامەکانی دایالۆگدا. هەروەها ڕێژەی کارەکتەری ئافرەتی بەهێز ٢١ ٪ لە بەرنامەی سەرگەرمی و ڕێژەی ١٧٪ لە کلیپدا.
ئەوەی زۆر جێی سەرنجیشە، بەرزیی ڕێژەی کارەکتەری ئافرەتی بەخشندە ٢١٪ و ئافرەتی داهێنەر ٣٦٪، سێکسی ٣٢٪، ساویلکە ٢٠٪ لە ناو ڕیکلامدا. هەروەها بەرزیی ڕێژەی کارەکتەری ئافرەتی سێکسی ٤٠٪، قوربانی ٢٥٪، بەخشندە ٢١٪، ساویلکە ٢٠٪ لە کلیپدا.

ئەنجام :

١ـ پێگەی ئافرەت لە سەر سکرینی تەلەڤیزیۆنی کوردیدا، بە شێوەیەکی گشتی لاوازەو دەرکەوتنی پێشکەشکارو پەیامنێرەکان و کارەکتەری دراما دۆبلاژکراوەکانی لێ دەرکەین، ئافرەت دەرفەتێکی کەمی دراوەتێ وەک قسەکەر و میوان لە بەرنامەکانی تەلەڤیزیۆنی کوردیدا دەرکەوێت.

٢ـ وێنەی ئافرەت لە بەرنامەکانی تەلەڤیزیۆنی کوردیدا، تا ڕادەیەکی زۆر شێوێندراوەو بەڕێژەیەکی بەرز دەرکەوتنەکانی لە چوارچێوەی بەرجەستەکردنی خەسڵەتەکانی (شەڕانگێزی، پارەپەرستی، سێکسی ومەکربازی، فێڵبازی، ساویلکەییدا) گیری خواردووەو لێی دەرناچێت، کەمتر و نزمتر لەو ڕێژەیەش بۆ بەرجەستەکردنی خەسڵەتەکانی (بەخشندەیی، داهێنان و بەهێزی) تەرخانکراوە.

ڕاسپاردەکان :

١ـ ئەنجامەکانی ئەم رووپێوییە ببێتە هاندەرێک بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکانی وەک (تۆڕی هاوبەشی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و ژنان، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان) بەدواداچوونی زیاتر بکەن بۆ ئەو وێناکردنە شێواوەی ئافرەتان لەلایەن تەلەڤیزیۆنە کوردییەکانەوە.

٢ ـ ئەم ڕووپێوییە ببێتە هاندەرێک بۆ سەنتەرەکانی توێژینەوەو ئەکادیمییەکانی کوردستان کە قوڵتر و گشتگیرتر و وردتر لە پرسی پێگەو وێنەی ئافرەت لە میدیای کوردیدا، بکۆڵنەوەو ڕاسپاردەی کردارەکی بدەن بە حکومەت و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردستانی.

شیری ڕەش
ئەلیف شەفەق
بیرەوەری

وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: ئەحمەد ئەلعەلی

وەرگێڕانی بۆ کوردی: شێرزاد هەینی

بەشی یەکەم

ژیانی پێش هاوسەرگیری

نیشانەکان

نیوەڕۆیەک لە ئەستنبۆل. کەشتییەک بەناوی قەرەج منی هەڵگرتووە، نەک ئاوەکەی بڕیووە و بەس، بەڵکو لەسەر ئاوە شینەکە سەماشی کردووە و، خەڵکی لە دوورگەکانەوە گەیاندووەتە ناو شار.

دڵدارە نوێیەکانی خۆشەویستی، ماچیان لەیەکتری دەدزی. قوتابییان وانەکانیان جێهێشتووە، فەرمانبەرانی ئۆفیسەکان کاتیان بە نانخواردنی نیوەڕۆ دەکوشت، فۆتۆگرافەران بۆ گرتەی نایاب خەریکی دانانی هاوێنەکانیان بوون، دەستفرۆشەکان کەلوپەلەکانیان بۆ فرۆشتن بە پشتیان هەڵگرتبوو، گەشتیارانیش رایان دەبوارد. خەڵکی هەموو لایەنەکانی ژیان، لەوێ بوون، سەیرە هەموویان لەناو ئەو کەشتییە بچووکە بوون، کەشتییەکە خەڵکەکەی چەپ و ڕاست دەهەژاند، منیش لەوێ بووم، کەوتبوومە نێوان ژنێکی قەڵەو و پیاوێکی شیکی کەمێک بەتەمەن، لە گۆشەیەک خۆم پەستابوو، کتێبەکانیشم لەناو کۆشم دانابوو، تازە لە یەکێک لە دوورگەکان گۆڤاریکی ئەدەبی دیمانەیەکی لەگەڵ کردبووم، وا من دەگەڕێمەوە، کیژە شارییەکە بەتەنیا و لەو کاتە دەگەڕێتەوە ماڵەوە.

کەشتییەکە تازە لە بەنداوەکە دەرچووبوو، کە دەزانم دەفتەری بیرەوەرییەکانی ئەوەی دیمانەکەی تێدا سازکرابوو لەبیرکردووە، هەستم بە خەمگینی کرد: باشە بۆ من لێرەولەوێ بەردەوام کەلوپەلەکانم لەبیردەکەم؟ چەترەکان، مۆبیل، تابلێتی ڤیتامین و قووتووی مەکیاژ و شلەی لێو تەڕکردن و قردێلەی پرچ و پەنجەوانەم لەبیردەچێت، جاری وا هەبوو سەندویشم نیوە خواردووە و نیوەکەی ترم لەتەنیشتم بووە و لەبیرم نەبوو تەواوی بکەم، ئەنگوستیلە زیوم بۆ دەستشووشتن لە پەنجە کردیتەوە و لە تواڵێت لەبیرمکردووە، رۆژێکیان حەوزێکی شووشەی بەخێوکردنی دوو کیسەڵم لە برادەرێک وەک دیاری وەرگرتبوو، ون کردووە و جورئەتم نەکردووە ئەوەش بگێڕمەوە، کە دیارییم

له ڕۆژی یەکەم لێ ون بووە، بۆیەش چیرۆک و بەسەرهاتم بۆ دوو کیسەڵەکە دەخوڵقاند و باسم دەکرد، کە لێیان دەپرسیم کیسەڵەکانت چۆنن.

– ئای کە باشن، چەند باش گیا و پنچک و دار مریەمەکان دەخۆن و سەبر سەبر گەورەش دەبن.

لەسەر قسەکانم بەردەوام دەبووم:

«دەزانی لەورۆژانە، ئاگام لێ نەبووە یەکێک لە کیسەڵەکان لە ئاوەکە هاتبووە دەرەوە، زۆریش بۆی گەڕام و نەمدۆزیەوە. پاشان، کە گڵۆپی سەرمێزەکەم داگیرساند، دۆزیمەوە. ئەوە لەکوێی؟! لەسەر چراکە ئاسوودە دانیشتبوو، سێبەری لەسەر دیواری ژوورەکە وەک وەحشێکی زەبلاح دیاربوو».

ڕۆژانە بەند و بالوورەم بۆ کیسەڵەکانم دەخوڵقاند تا ڕۆژەکە داهات. لەو ڕۆژە دەستەخوشکەکەم چاوی لەناو چاوم نا و ڕووبەڕوو پێی گوتم بەسە واز لەو جۆرە قسانە بهێنە، بەسە. لەگەڵ قسەکانی دەنگی کزتر دەبوو و تا بە چرپەیەک گوتی دەمەوێ ڕاستییەکە بدرکێنم:

«دەمەوێ ئەو بارە گرانە لەسەر سینگم هەڵگرم، کە کیسەڵەکانم کڕی هەستم بەوە کرد تۆ ناتوانیت خزمەتیان بکەیت. بۆیەش وا دان بە هەڵەی خۆمدادەنێم. تۆش لەوەیان زیرەک بوویت، بۆیە من داوای لێبووردنت لێ دەکەم».

سوێند دەخۆم و لێوەکانم وشک هەڵگەڕان و توانای هەناسەشم نەما، دروست لەو کاتە وشکبوومەوە، دەنگم نەما. چیتر توانای ئەوەم نەما بابەت و سەربردە بۆ کیسەڵەکانم بخوڵقێنم، پاش چەند ڕۆژێک نۆرەی منیش هات دان بە دروستی ڕووداوەکە بنێم. بە دەستەخوشکەکەم گوت، پێویست بەوە ناکات داوای لێبووردنم لێ بکەیت، دەبێ من داوای لێبووردنت لێ بکەم، نەک جارێک، بەڵکو دوو جار: یەکەمیان من کەسێکی کەمتەرخەمم. دووەمیان تۆم هەڵخەڵەتاندووە. ڕووداوەکەم بۆ گێڕایەوە کە هیچ کیسەڵم نەبردۆتەوەماڵەوە.

پاش ئەوەی ساتێک بێدەنگ و سەرسام دەبێت، دەڵێت:

«دەزانی منیش هەستم بەوە کردبوو، تۆ گوتت کیسەڵەکانم لەناو دەستم دانە گوڵەبەرۆژە هەڵدەگرنەوە و دەیخۆن، بۆیەش کیسەڵ و باڵندەی کەناریت لێ تێکەڵ ببوو!».

بەپێکەنینی دەستەخوشکەکەم دڵم شاد و ئارام دەبێت، چونکە لە ئاکاری من دیار بوو نیگەران و شلەژاوم. بەڵام بەڕاستییش زۆر پێم گرینگ نەبوو: بەس لەوە نیگەران و

سەخڵەت ببووم، کە دیارییەکەم ونکردبوو، ئەوەش پێویستی بە لێبووردن و ڕەخنەگرتن و گلەیی نەبوو، بە کەمتەرخەمی یان بە پێداگریی و خەمخوری چ ڕوودەدات؟ ئەوەی پێویست بوو من بایەخ بە کیسەڵ بدەم، نەک بە منداڵ.
وەک ئەوەی دێوێکی گەورە لە خەوێکی قووڵ هەڵبستێتەوە، کەشتییەکە لەرییەوە، خەڵکەکەش شپرزە بوون و زۆر ترسان، لێویان بێ وەستان دەلەرزی و شەقەشەقیان بوو، بەتەنگاوی خۆیان بە هەموو شتێکی ناو کەشتییەکە دەگرتەوە، دیارە لە دوورەوە پاپۆڕێکی گەورەی ڕووسی دەهات، ئەو ئاوەکەی دەشلەقاند و شەپۆلی بۆ ئێمە دەنارد، پاپۆڕەکە لارەلاری بوو و سەبر سەبر لە ئێمە دووردەکەوتەوە و لەبەرچاوان ون بوو، ئیتر ئاوەکە هێمن بووەوە و شەپۆڵە نەرمەکان پەیدابوونەوە، دەنگی سەلاواتەکانیش سارد بووەوە و قایشی فریاکەوتنەکانیش کرانەوە، دووبارە هەموومان خاوبووینەوە.
هزری من دوور ڕۆیشتبوو، لەودەمانە زانیم دەفتەری تێبینییەکانم ونکردووە، بیرم لەوە دەکردەوە شتێک بنووسم. هەستم بەوە دەکرد ژیانم زۆرتر بەرەو ئاڵۆزی دەڕوات. ئەگەر پارچە کاغەزێکم پێبوایە، ئەوەندە بیرم لەوە نەدەکردەوە پارچە کاغەزێکم بۆ نووسینی ڕاز و رامانەکانم پێویستە، بەڵام چ بکەم هیچ پارچە کاغەزێکم پێ نەبوو، دەبوایە شتێک بنووسم. دەستم لەناو جانتاکەم گێڕا، بەتووڕەییەوە دەگەڕام، هەموو کەلوپەلەکانم لەناو کۆشم ڤالا کرد، بۆ نووسینی چەند دێڕێک پارچە وەسلێکیشم بەدەست نەکەوت.
نازانم بۆ من خۆم دەخواردەوە و دەلەرزیم؟ بیرۆکەیەک لەناو مێشکم گینگلی دەدا و بەس بە نووسین کپ دەبووم، زۆر لە نووسەرە ژن و پیاوەکان، بەر لەوەی بیرۆکەکە بە وردە تێبینی تۆمار بکەن، زووتر مەسەلەکە وەردەگرن و شیتەڵی دەکەن. بەڵام بۆ من بەپێچەوانەیە، پاش ئەوەی بیرۆکەیەکم بۆ دێت یەکسەر دەمەوێ لەسەر پارچە کاغەزێک بینووسمەوە، وەک پەیامێک وەریدەگرم. لەودەمانە هەستم بەوە کردووە بیرۆکەیەک لەناو مێشکم هەیە، بۆیەش پێویستم بە قەڵەم و دەفتەرێک هەیە بینووسمەوە، بۆیەش ئێستا و لەودەمانە پێویستم بە پارچە کاغەزێک هەبوو.
سەیری چەپ و ڕاستی خۆم دەکرد، بڕوام نەدەکرد ژنەکەی تەنیشتم بتوانێت یارمەتیم بدات، کیسە و هەگبەکانی دەستی پڕ گەمە و دیاری و بووکەشووشە بوو، بڕوام نەدەکرد کیسەکانی دەستی دەفتەرێکی تێدا بێت. سەیری دەکەم و بایەخی پێ دەدەم، دیارە کیژێکی ناسکی منداڵانە، تەمەنی بیست و پێنج ساڵ دەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی قەڵەو بوو، تەمەنی گەورەتر دیار بوو، کیژەکە فستانێکی لازودیای قۆڵ درێژی لەبەردا بوو، لەناو قەدییەوە فش و بەرین دیار بوو، ئاکاری لە ئەکتەری فیلمەکانی سییەکان دەچوو،

ئەو لە ئەستنبۆلەوە لەگەڵمان سواری کەشتییەکە ببوو. قژە بەگڵوازەکەی بۆری ئەسمەر بوو، زۆریش نەبوو کرابووە بسک و لەسەر شانی هاتبوونە خوارەوە، دوو گوارەی زێڕیشی لە گوێدابوو، نەعلێکی لەپێ بوو، بۆیە دیار بوو نینۆکی پێیەکانی سوور کردبوو، سکی لەبن دوگمەکانی قەمیسە تەسکەکەی دەرچوو بوو، ئەوەش سەخڵەتی نەکردبوو، مەمکە گەورەکانی بە نیعمەت و جوانیش دەبینی، ئارەزوومەندانە سینگە گەورەکەی بە هەموو خەڵکەکە نیشان دەدا و بێباکیش بوو. ژنێک بوو شانازی بە مێینەیی خۆی دەهات، هەر چەند نەشئە و ئاکارە مێینییەکەی دەردەکەوت، زۆرتر سەرنج و دیدی ژنانەی دەردەکەوت.

بەرامبەر ئەو جۆرە ژنە ڕەوشن و پرشنگدارانە، هەست دەکەم هەڵخەڵەتێنراوم، نوێنەرایەتی فێلبازانەی ڕەگەزەکەم دەکەم. بۆ ئەوانە مێینە بەئاسایی و سرووشتی دەردەکەوێت، وەک پژمین یان باوێشک، لەوەش هیچ ئەرکیش ناکێشن. بەڵام من، مێینەی مەسەلەکە دەبێ چاودێری و شرۆڤەی بکەم، دەبێ فێری بم و هاموشۆی بکەم، لەگەڵ ئەوەش ناتوانم بەرجەستەی بکەم.

ئەگەر ژنەکەی تەنیشتم پشیلەیەک بوایە، لەناو سەبەتێک لەتەنیشت ئاگردانێک خۆی پاندەکردەوە و لە خۆشییان چاوی نەدەتروکاند، یان لەناو ئامێزی ژنە خاوەنەکەی هەڵدەکوڕما، بەشادییەوە دەیمیواند و ئارەزوومەندانە گەمەی بە کلکی دەکرد. بەڵام ئەگەر من پشیلە دەبووم، پەرۆش لەسەر پەروازەی پەنجەرەکە بەدرێژایی ڕۆژەکە سەیری دەرەوەم دەکرد و چاوم لەسەر کاروانی ئۆتۆمبێلەکان دەبوو، سەیری خەڵکەکەم دەکرد چۆن دەڕۆن یان ڕادەکەن، ئەگەر پشیلەیەک دەبووم لە یەکەم دەرفەت دەڕۆیشتم، بەرەو جیهانی فراوانی دەرەوە دەڕۆیشتم.

لەتەنیشت ژنەکەش کوڕێکی تەمەن نزیکەی هەشت ساڵان و برایەکی دانیشتبوو، دیار بوو براکەی بچووکتر بوو، ئاکاری دروست لەو دەچوو، هەردووکیان جینز و قەمیسی بۆری هێڵداری سپییان لەبەردا بوو، هەردووکیان دوو گەمەی هاوشێوەیان لەناو دەستدا بوو: سەربازی چەکداری پلاستیک، جلی کەسکی بۆریان لەبەر بوو، بووکەشووشە سەربازەکان دەست و شانی گەورەیان هەبوو، نارنجۆکی بە بزماری ڕاکێشان و بە دەستەکەی تریش کلاشینکۆفیان هەڵگرتبوو، بەیەکەوەش بنێشتیان دەجوویی و گلۆپی گەورە گەورەیان بە بنیشتەکەی ناودەمیان دەکرد، گلۆپێک دەتەقی، یەکێکی تریان دەکردەوە، وەک ئەوەی بە چەکە پلاستیکییەکەی دەستیان تەقە لە یەکێک دەکەن و کەسێک لەناو کەشتییەکە دەکوژن!

گەمەکانی دەستیان وەک ئەوەی خەڵکەکە ڕیسوا بکەن، بەڵام منداڵەکان هیچیان نیشان نەدەدا، هەرگیز ئەوەی نەکردبوو. هەردووکیان جورئەتی ئەوەشیان نەدەکرد سەیری دایکیان بکەن، بڕوا ناکەم ئەوانە و لەو تەمەنە دایکێکی وا نازەنینیان هەبێت!
دڵنیابووم دایک و دوو منداڵەکەی نەیاندەتوانی پارچە کاغەزێکم بۆ پەیدا بکەن، چاوێکم لە پیاوەکەی لای ڕاستم کرد: ئەو چاویلکەیەکی چوارچێوە کانزایی لە چاودا بوو، کەمێکیش ئاکار توند و ڕەقیش دیار بوو، وادەزانم لەو نزیکانە تەمەنی بووە بە چل ساڵ، بەشێکی سەرووی قژی سپی ببوو.
زمانی جەستەی هاواری دەکرد، من کەسێکی بازرگانم. جانتاکەی پشتی لەناو دەست بوو، دیارە، جانتاکە پارچە کاغەزێکی هەر تێدایە! من لەوە زۆریش دڵنیابووم. داوای لاپەڕەیەکم کرد، ئەو چەند لاپەڕەی لەناو جانتاکە بۆم دەرهێنا، سەرەوەی کاغەزەکان ئەو ناوەی لەبەر بوو: (کۆمپانیای نیزک بۆ هەناردەکردنی سنووردار).
سوپاسی پیاوەکەم کرد. دەمنووسی و دەمبینی حوبری سەر کاغەزەکەم چۆن وشک دەبوون، پیتەکانم لێ هەڵدەوەری و دەرژان و دێرەکان ڕیز دەبوون: مانیفێستی کیژە پاکیزەکە.
بەگومانەوە سەیری لاپەڕەکەم دەکرد: دیارە ئەوە بوو لە سەرم بۆ نووسین دەخولایەوە؟
ژنەکەی تەنیشتم لێم نزیک دەبێتەوە، خۆی پێمەوەدەنووسێنێت، سەیری بۆ سەر لاپەرەکەی ناو کۆشم نزیک دەکاتەوە. لەناو کەشتییەکانی ئەستنبۆل ئەوە دەبێت، یەکێک لەسەرشانتەوە رۆژنامەت لەگەڵ دەخوێنێتەوە، بەڵام ئەو ژنە زۆر بەدرەوشتانە نووسینی سەر کاغەزەکەی بەردەستم دەخوێنێتەوە. بۆیەش، من دەستم لەسەر نووسینەکەم دانا، بەڵام هەستم کرد سوودی نییە، لەو ڕووبەرە تەسکە سنووردارە یەکێک دەیەوێ لە کارێکی تایبەتی تۆ بگات، وازم لە ژنەکە هێنا با بخوێنێتەوە:
١. بڕواهێنان بەوەی خودا لە سەرەوە تەنیایی بۆ خۆی داناوە، بەڵام مرۆڤ، دوایی، ناتوانم بەتەنیا ژیان بەڕێبکەن و بژین. دەبێ بەیەکەوە هاوژینی بکەن، بەدرێژایی مێژوو، ئەوە گەورەترین ڕامانە مرۆڤ دەیدۆزێتەوە، بەس لەبەر ئەوەی وا دوو دوو بەیەکەوە سواری ئەو کەشتییە دەبین، بەڵام ئەوەش مانای ئەوە نییە بەیەکەوە لەو دۆخە گەشتەکە تەواو بکەین.
من دەنووسم و ژنەکەی تەنیشتم وا نووسینەکەم دەخوێنێتەوە. ژنەکە زۆرتر پاڵەپەستۆ دەخاتە سەر شانی چەپم، قژی دەگاتە بەر چاوەکانم. بۆنی قژە شووراوەکەم دەکرد، بۆنی میوەی پێوە بوو. دیاربوو ژنەکە نەیدەتوانی بەئاسانی نووسینەکەم بخوێنێتەوە،

من دەستخەتەکەم زۆر ناخۆشە، بۆیە گلەییم لە ژنەکە نەبوو، گلەییشم نەبوو، چونکە دەستم لەسەر نووسینەکەم دادەنا، ویستم کەمێک دەستخەتەکەم باشتر بکەم.
٢. لە جڤاتە سادەکان، ئەوە چۆن ڕوودەدات، ژنێک خۆی قوربانی باوەڕەکەی دەکات و سوێند دەخوات شوو نەکات، ئینجا ژنەکە دەبێتە مایەی شانازی جڤاتەکە. بەڵام، لە کەلتووری ئیمڕۆ، یەکێکی (قەیرە) دەبێتە مایەی نەفرەت و شەرمەزاری و بەزەییش؟
٣. ئەگەر حیسابی ئەوە بکەین هاوژینیی پێویستی بە ژن و پیاوێک هەبێت، قەیرەیی لەسەر هەردوو رەگەز پیادە دەکرێت، چۆن قەیرەیی بەتوندی و خراپە بەتەنیا لەسەر ژنان و بێ پیاو دەکەوێت؟
ژنەکەی تەنیشتم کیسەیەک چەرەزاتی دەرهێنا، هەندێکی بەسەر منداڵەکانی دابەشکرد، دووبارە گەڕایەوە سەر سەیرکردنی نووسینەکەی من، لەگەڵ جووینی پاقڵەی سوێری سودانی چاوی لەسەر کاغەزەکەی بن دەستم بوو، نۆک و گوڵەبەڕۆژەشی دەقرتاند و چاویشی هەر لەسەر نووسینەکەم بوو. من دەمنووسی و ئەویش دەیخوێندەوە. ژنەکە بەختیار و ئاسوودەش بوو.
٤. دەبێ کەرامەتی ئەو ژنانە بگێڕینەوە ئەوانەی لەسەر (تاق)ەکان دانراون، چەپلەش بۆ ئەو ژنانە لێ بدەین، ئەوانەی بێ سەرپەرشتی پیاو دەژین.
٥. ئەوانەی پێیان خۆشە بڵێن: (مێی باڵندەکان هێلانەکان دەچنن). لە باڵندەش تێناگەن. ڕاستە باڵندە هێلانە چێ دەکەن، بەڵام کۆچ دەکەن و هێلانەکان جێدەهێڵن و لە هەوارە نوێیەکانیان هێلانەی نوێ چێ دەکەن. هیچ باڵندەیەک تا ئەبەد لە یەک هێلانە ناژیت.
موچڕکێکی سارد لە باسکی ژنەکەی تەنیشتم گەیشتە ناو گیانم، ئەوەندە سارد وەک ئەوەی رۆژەکە هیچ گەرماییەک نەبەخشێت.
٦. گۆڕان و گۆڕین ئەلف و بای ژیانە. نەک سوێندخواردن بۆ مانەوە و ژیان بەیەکەوە، (تا ئەودەمانەی مردن لەیەکترمان دەکات) تەنیا فانتازییەک دژ بە جەوهەری ژیان. لەگەڵ ئەوەش، ئێمە یەکجار نامرین. دەبێ لەبیرمان بێت و بزانین مرۆڤ یەکجار نامرێت، چەندین جار بەر لە مردنی جەستە، مرۆڤ چەند جار دەمرێت.
٧. ئیتر وایە، کەس ناتوانێت گفتی خۆشەویستی بدات، تەنیا ئەو کاتانەی تێدا دەژیت و لەناودا دەمینێتەوە.
٨. ئەگەر ناچار بکرێم مەزندەی ئەوە بکەم هاوژینی دەکەم. دەڵێم ئەدەب مێردە و کتێبەکانیشم منداڵ. ئەگەر ئەدەب تەڵاق بدەم دەتوانم شوو بکەم، یان هاوکات لەگەڵ

هاوسەرێکی تردا بژیم.
٩. لەبەر ئەوەی جیابوونەوەم لە ئەدەب، بابەتێکی ئەستەمە لە من دووربکەوێتەوە، لەبەر ئەوەی هیچ پیاوێکیش نییە لەو جیهانە ببێتە (مێردی ژمارە دوو)، ئیتر بۆیە بە هەموو پێشبینی و مەزەندەکان من بەدرێژایی ژیانم بەتەنیا و بە قەیرەیی دەژیم.
١٠. لێرە، لەسەر ئەو کاغەزە، پەیامەکەم دەنووسم، ئەوەش مانیڤێستی کیژی پاکیزەییە.
پاڵم دایەوە و کەمێک کشامەوە تا ژنەکە ئاسوودە نووسینەکەم بخوێنێتەوە. ئەو دوادەکەوت. وەک منداڵێکی تازە چووبێتە بەرخوێندن پیت بە پیت و بە دەنگیش نووسینەکەی دەخوێندەوە، لەسەرخۆ بوو. بایە ناسکە وردەکەی ناو کەشتییەکە سروەی دەریای بۆ دەهێناین، بە زمانم تامی سوێرییەکەم دەکرد، پاش دەمێک ژنەکە بە پشتەوە دادەکەوێت و دەنگ و ئاخێکی گەورە دەردەکات، بەڕاستی بەرز و گەورە بوو.
دەمویست بزانم ژنەکە بۆ وا سەرسام و شۆک بوو، مەبەستی چ بوو؟ ئایا ئەویش هاوسۆزی منە؟ ئایا ئاخ و هەناسەکەی مانایەکی هەبوو: «خوشکەم تۆ لەسەر حەقی، بەڵام وا جیهان بەو جۆرە بەڕێوە دەچێت و دەڕوات».
یان بەپێچەوانە، دەیویست بڵێت:
«ئەزیزەکەم ئەو جۆرە نووسینە سوودی نییە، وا جیهان بە ئاراستەیەکی تر دەڕوات».
دڵنیابووم ژنەکە لەگەڵ دوا ڕازەکەی من، ئەوەی منی بە دڵ بووە.
لەدڵەوە گوتم: ئەو ژنە، لەوانەیە کە ژیانیان نەزری ماڵ و مێردەکانیان دەکەن، قوربانی منداڵەکانیان دەبن، بە گەنجی چاو لە پیاوێک دەگێڕێن بۆ شووکردن، لە پیاوێکی نمونەیی دەگەڕێن، سەرەتا بۆ دامەزراندنی ماڵ و خێزانی تایبەتی کۆشش دەکەن، دەیەوێ هەر بەگەنجی بکەوێتە ناو قورسایی ژیان، کێشی زۆر دەبێت، بۆ ئەوە قەڵەویش دەبێت و تەمەنی گەورەتر دەردەکەوێت، هەموو ئارەزووەکانی بە حەسرەت و پەشیمانی بەڕێدەکات، تەمەنی گەورەتر دیارە، ئەو ژنە خەونە قووتوکراوەکانی زۆرن، دۆخە کۆمەڵایەتییەکەی ئارامە و خەونەکانی باریانکردووە، ئەو ژنە ناکۆکە لەگەڵ من، وەک من نییە ئەو ژنە، ویستم بڕوا بەو بۆچوونەی خۆم بکەم، ئەو ژنە لەو جۆرەیە.
پەیامی سەفا، یەکێکە لە ڕۆماننووسە ناودارەکانی وڵاتەکەم جارێکیان نووسیبووی: باشترین ڕەوشت و بوون بۆ ژن، هەر ژنێک بێت، منداڵدانێتی، نەک ئاوەزی. کەواتە ژنان وا بیردەکەنەوە! ئەوان وادەزانن نووسینی ڕۆمان بەس موڵکی ئەوانە، پیشەی پیاوانە و ئەوان دەتوانن جێبەجێی بکەن و ئەوان و بەس. ڕۆمان داڕێژراوێکی لۆژیکییە، ئیشی مێشکە، لێهاتوویی و کارامەیی ئەندازیاری و نەخشەسازی دەوێت. لەبەر ئەوەی ژنان

له ئەزلەوە کەسایەتی سۆزدارن، بۆیە ڕۆماننووسی باشیان تێدا هەڵناکەوێت. ئەوانەی باسیان دەکەین و ناویان دەهێنن، وادەزانن (بابە گەورەی ڕۆمانن)، منداڵ و نەوە خوێندەوارەکانیان پێویستیان بە ڕێنمایی و ئامۆژگارییەکانیان هەیە. پاشماوەکانی ئەوان بوونەتە ورە و توانا بۆ پیادەکردنی بوون، سەرکەوتن لە بوار و جیهانی ئەدەب، بۆیە دەبێ من لە نێوان عەقڵ و منداڵدان یەکێکیان هەڵبژێرم. ئەگەر مەسەلەکە بگاتە ئەو ئاستە ناسکە، بێگومان من لە بژارەکە دوودڵ و بە گومانیش نابم.

کەشتییەکە زۆری نەمابوو بگاتە بەندەرەکە، نەمدەزانی چیم لە مێشکە، ژنەکە بۆ کۆکردنەوەی کەلوپەلەکانی خۆی شۆڕ دەکاتەوە، کیسەکانی چەرەزاتەکان دابخاتەوە، دەستی منداڵەکان بگرێت و بۆ دابەزین کۆیان بکاتەوە، کلاشینکۆفەکانی گەمەکردنەکە هەڵبگرێتەوە، پێڵاوەکان لە پێ بکاتەوە، دەبوایە ئەو هەموو ئیشە بە سیی چرکە ئەنجام بدات و هەموو شتەکان ساز بکاتەوە. هەڵدەستێتەوە و هەردوو کوڕەکەشی لەتەنیشتە، بەرەو دەروازەکە دەڕوات، دەڕوات و خەڵکەکە لەپێش خۆی پاڵدەدات و ڕێگاکەش بۆ من خۆش دەکات.

بە بینینی ژنەکە و هەڵسانەوە و خۆئامادەکردنەکەی، زانیم ژنەکە چۆنە و من چۆنم پێناسە کردبوو. ژنەکە قەڵەویش نەبوو، پف نەدرابوو، دووگیان بوو، بەڵام سکی گەورە و دەرپەڕیبوو و زۆریش قورس دیار بوو، وادەزانم دوو یان سێ منداڵی بەو سکە دەبێت. نازانم بۆ وردەکارییەکانی دامرشتبوو گۆڕانیان بەسەرداهات، بەڵام کاتی ئەوەم نەبوو ڕامانێک لەسەر خۆم بکەم، کەشتییەکە لەسەر شۆستەکە وەستا، هەموو بۆ دابەزین خشەی پێیەکانیان دەهات، پەلەیان دەکرد زووتر دابەزن، بەرەو دەروازەکە دەڕۆیشتن، لەو ژاوەژاوە، ئاوڕێکم لە پیاوەکەی نزیک من دانیشتبوو دایەوە، بە چاوەکانم نیگام لێکرد.

پێم گوت:

سوپاس بۆ پەڕەکاغەزەکان.

ئەو گوتی:

بەخۆشی و کامەرانییەوە، شادمانم کە توانیم یارمەتی تۆ بدەم.

من گوتم:

منیش بەوە دڵشاد بووم، بەڵام دەمەوێ بپرسم، کۆمپانیای نیزکی هەناردەی سنووردار چییە؟

لە وەڵامدا گوتی:

کۆمپانیایەکی تایبەتە بە هەناردەکردنی کەلوپەلی تایبەت بە دایک و منداڵی ساوا، بۆ نمونە ئامێری مژینی شیری مەمکی ژنان، گەرمکردنی مەمە و شتی لەو جۆرە.
وەک گوڵەگەنمێک دەمی پیاوەکە بە بزەیەک کرایەوە، یان من هەستم بەوە دەکرد، لەناکاو هەستم بەوە کرد، لە ئاسمان مەلائیکەتێک بوونی هەیە، لەو ئاسمانە شینە، وا خۆرەکە ئاوا دەبێت و تیشکە شیرییەکەی بەرەو ڕووم دەهات. هەست بە چ جۆرە ناکۆکییەک دەکەم کە بیر لە ڕووداوەکە دەکەمەوە؟ سەیرە من مانیڤێستی کیژی پاکیزە لەسەر لاپەڕەیەک دەنووسم تایبەتە بە کۆمپانیای هێنان و ناردنی کەلوپەلی منداڵی ساوا. لەبەردەم ئەو پێشهاتە سەیرە ئەبڵەق بووم، بەڵام لەناخەوە دەنگی چرپەیەکم بیست: لەو گەردوونە دەرفەت بوونی نییە، بەڵکو ئاماژە و نیشانەی هەیە، ئایا لە نیشانەکان تێدەگەیت؟
دەنگەکەم دوورخستەوە و لاپەڕەی مانیڤێستەکەم لەناو گیرفانم ئاخنی، هەستم بەوە دەکرد بڕوام بە نووسینەکەم نەماوە وەک کاتی نووسینەکەم. ئیتر بەو جۆرە لەناو کەشتی قەرەج دابەزیم.
ئایا بەڕاستی ئاماژەیەکە و هەستم پێی نەکردبوو؟ من مانیڤێستی کیژە پاکیزەییەکەم نووسیوە، بێ ئەوەی هاندەرێک یان پشتیوانییەک هەبووبێت، لەودەمانە، لەناخەوە، ژنێکم لەتەنیشت خۆمەوە بینیووە دروست پێچەوانەی منە، ئەو «یەکێکی ترە»: ژنی ماڵەوە و دایک و هاوسەرە، کە من حەق بە خۆم نادەم وا بم. نەک بەو ژنە ناچم و دوورم لە کەسایەتی ئەو، زۆریش لەو باشترم، سوێندیش دەخۆم لەو دۆخە بمێنێمەوە و نەگۆڕێم، ژنە نووسەرە قەیرەکە و شوو نەکەم، لەودەمانە ناوی کۆمپانیا تایبەتەکەی بە دایکانم لەبەر چاوان ئەدرەوشایەوە، ئیتر بەو جۆرە گەردوون گاڵتەی بە لووتبەرزییەکەم دەکرد.
دیارە نەک یەک ئاماژە، دیارە زۆرتر لە ئاماژەیەک بوونی هەیە، چونکە پاش چەند مانگێک لە نووسینی مانیفێستەکەم، ڕووبەڕوو و سەروسەر کەوتمە داوی خۆشەویستی، شوو دەکەم، پرۆسەکە دژ بە بۆچوونی ناو کەشتییەکە دەکەوێتەوە و کەسێک دەبێتە هاوبەش و مێردم، پاش دووساڵیش منداڵیشم دەبێت، ئای نازانم چۆن ژنەکەی ناو کەشتییەکەم بە چاوی سووکەوە دەبینی، پەشیمانم لەوە، زۆریش شەرمەزارم.
دیارە نەک یەک ئاماژە، ئاماژەی زۆر بوونی هەیە، پاش چەند هەفتە لە زاینم و منداڵبوونەکەم، هەستم بەوە کرد شیرم کەمە و منداڵەکەم تێر ناکات، دەبوایە شیرەکەی بۆ زۆرتر بکەم، ژمارەی تەلەفۆنم لە برادەران وەرگرت و ئامێرێکی شیردانم بەکرێ

هێنا، کە ئامێرەکەم بۆ هات و گەیشتە دەستم، زۆر بەسادەیی لەسەر کارتۆنەکە ناوی کۆمپانیای نیزیک بۆ هەناردەکردنی سنووردارم بەرچاو کەوت!

کێ دەزانێت، ڕەنگە پیاوەکەی ناو کەشتییەکەش ئامێر و کارتۆنەکەی بۆم هێنابێت، کێ دەزانێت، ڕەنگە ژنەکەی زۆریش قەڵەو نەبوو، ژنەکەی فستانێکی شینی لەبەردا بوو، ئەوەی منداڵ و گەمەی پلاستیکی منداڵانی پێ بوو، ژنەکەی گوڵەبەرۆژە و پاقڵەی دەخوارد، ئەو لە پەنا دارێکەوە چاوی لە منە و چاودێرم دەکات، پێم پێدەکەنێت و سەرسامە بەو گۆڕانە خێرایەی قەدەر.

...

تێبینی وەرگێڕ: نووسینەکە بەشێکە لە کتێبی شیری ڕەش لە ساڵی ٢٠٠٧ بە زمانی تورکی بڵاوکراوەتەوە، باس لە خەمۆکی و ژیانی سەختی دایکایەتی و ژنبوون و نووسین و ژیان دەکات. ئەلیف شەفەق لە ساڵی ١٩٧١ لە فەرەنسا لەدایکبووە و چەندان ڕۆمانی بە تورکی و ئینگلیزی نووسیوە، لەسەر نووسینەکانی و بەرگری لە کورد و ئەرمەن و بۆچوونە ئازاکانی لە دادگاکانی ناو تورکیا دادگاییکراوە.

منداڵان و مردن و مردن له ئەدەبی منداڵان دا

رەزا شوان

دایکان و باوکان بە رەمەکی دەیانەوێت منداڵەکانیان بپارێزن، لە هەموو زیان و ئازار و ناخۆشی و کەسەر و خەمێک دووریان بخەنەوە، نەک تەنیا لە ئازارە جەستەییەکان، بەڵکو لە ئازارە دەروونییەکانیش. گەلێ لە راستییەکان و رووداو و کارەساتەکانیان لێدەشارنەوە، یان بە شێوازێکی هەڵە هەواڵەکانیان تێدەگەیەنن. بۆ ئەوەی ئەو هەواڵە ناخۆشانە، نەبنە هۆی ناخۆشی و خەم و دڵتەنگی و خەمۆکییان. بە بیانووی ئەوەی کە هێشتا منداڵن و بچووکن، بەرگەی هەواڵ و کارەساتی ناکاوی وا ناخۆش و جەرگبڕ ناگرن. یا هێشا لە چەمک و راستی ئەو رووداوە ئاڵۆزانەی وەکوو: مردن، کۆچکردن، بێ سەرشوێن کردن، جیابوونەوەی دایک و باوک، دابڕان، تینەگەیشتوون.
بەڵام لەم سەردەمەدا، کە پڕە لە ئاژاوە و لە شەڕ و کوشتن و بڕین و لە وێرانکردن و لە کارەساتی تراژیدی.. کە رۆژانە بە دەیان منداڵ و گەنج و ژن و پیری بێتاوان دەبنە سووتەمەنی شەڕ و ستەم و زۆرداری و داگیرکردن و شەهـید دەبن. مردن بووە بە هەواڵ و بە دیمەنی رۆژانەی بەرچاویان.. ئەگەر بە چاوەکانی خۆشیان نەیان بینن، لە کەناڵە تەلەفزیونییەکاندا دەیان بینن، یان لە خەڵکییەوە دیان بیستن.
بۆیە منداڵانی کورد لە کوردستان و منداڵانی سوریا و عێراق و فەلەستین و یەمەن و ئەفغانستان و چەندین شوێنی تر، هەر لە تەمەنێکی منداڵی بچووکدا لە چەمکی مردن تێگەیشتوون و بە هەواڵی مردن راهاتوون و ئاشنابوونە لە چاوی منداڵانی جیهانەوە.
مردن لە زماندا، بە واتا جیابوونەوەی رۆح لە جەستە و لە کارکەوتنی ئەندامانی لەش. مردن وشەیەکی کورت و سووک و ئاسانە لەسەر زمان، بەڵام ئەو راستییە ترسناک و تاڵەیە، کە منداڵان و گەورەکانیش، هەر بە ناوهێنانی دەترسن و خورپە دەکەوێتە دڵ و هەناویان و تەزوو بە ئازای لەشیاندا دێت.. گەر گەورەکان لە ئاستی مردندا، بترسن و بلەرزن، ئەی منداڵانی هەست ناسک چۆن لە مردن و لە دەستدانی ئازیزانیان ناترسن.
هەندێک لە دەروونناسان، پێیان وایە کە کارتێکردن و کاردانەوەی مردن لەسەر هەر هەرکەسێک، دەگەڕێتەوە بۆ رەگەز و رادەی رۆشنبیری و پەروەردەیی و تێگەیشتنی ئەو مرۆڤ لە چەمکی مردن و ژیان.. هەرکەسێک بڕوای بە راستی دینامیکی سوڕی ژیان هەبێت: لەدایکبوون، گەشەکردن، گەورەبوون، پیربوون، مـردن. دەتوانێت بە خۆشی

بژێت وەکو ئەوەی کە مردن دیارەیەکی ئاساییە و بەشیکە لە ژیان.

تا ئێستا گەلێ راڤە و لێکدانەوە و را و بۆچوونی جیاواز دەربارەی مردن هەن.. بەڵام هەموویان گەیشتوونەتە ئەو راستییەی کە مردن ئەو راستییەیە، کە هیچ گیانلەبەرێک، هەچ رێگا و چارسەرێک بدۆزێتەوە لێی رزگار نابێت.. هەر وەکوو چۆن لەدایکبوون سەرەتای ژیانە، مردنیش کۆتایی ژیانە.

بێگومان هەموو منداڵێک لەم جیهانە بەرینەدا، ئەوە دێتە رێی کە کەسێکی زۆر نزیک یا ئازیزێکی یا خۆشەویست و زۆر لەدڵ شیرینێکێ، بە شێوەیەک لە شێوەکانی مردن لە دەست بدات و هەرگیز جارێکی تر نەیبینێتەوە.

کەسیشمان حەزناکەین، باسی مردن لەگەڵ منداڵاندا بکەین، وامان پێ باشترە، منداڵان بە مردنی کەسێکی لەدڵ شیرینیان، هەستی ناخۆشییان تاقی نەکەنەوە.. بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئەوە دەزانین، کە ئەستە بۆ ماوەیەکی درێژ مردن لە منداڵان بشارینەوە.

(فۆرتش) ئامۆژگاریمان دەکات و دەڵێت:»پێویستە بە زمانێکی روونی بێ پێچ و پەنا، لەگەڵ منداڵاندا، باسی مردن بکرێت، پێیان بوترێت: داپیرە گیان زۆر زۆر نەخۆشبوو، پزیشکەکان درێغیان نەکرد و زۆر بە دڵسۆزی و پەرۆشەوە، هەوڵی چارەسەرکردن و چاکبوونەوەیان دا، بەڵام لە توانایاندا نەبوو کە بتوانن چاکی بکەنەوە.. بۆیە مرد».

پێویستە وشەی»نەخۆش»بە جوانی بۆ منداڵان روونبکەنەوە، کە جیاوازە لەگەڵ ئەوەی کە کەسێک سەرمای بووە و قوڵنجی کردووە و تووشی کۆکە و سەر ئێشە و سک ئێشە و تای لێهاتووە، پێی دەڵێن نەخۆشە.. بە جوانیش تێ بگەیەنن، کە هەموو نەخۆشێک نامرێت، مەرجیش نییە کە ئەوەی پیربێت بمرێت.

پسپۆرانی دەروونناسی وایان پێ باشترە، منداڵان ئامادەبکرێن بۆ رووبەڕووبوونەوەی کێشەی مردن، پێش ئەوەی کە بە راستی رووبدات.. باسکردنەکەش بە راشکاوی بێت و بەو زمانە بێت کە منداڵ لێی تێدەگات.. ئەو راستییەشی پێ بڵێن، کە هەموو مرۆڤێک دەمرێت، دایک، باوک، برا، خوشک. مردنێش بە واتا ئەو کەسە دەڕوا و ناگەڕێتەوە.

ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە بیر لە مردووەکانتان نەکەنەوە و باسیان نەکەن.

پسپۆرە دەروونییەکان، کۆکن لەسەر ئەوەی کە پێویستە، یارمەتی منداڵان بدرێن بۆ ئەوەی رووبەڕووی مردن ببنەوە.. بواریان بدەن با گوزارشت لە هەست و سۆزیان بکەن و مەستی حەزی خۆدەرخستن ببن. مەستی وەڵامی پرسیارەکانیان بن لە بارەی مردنەوە.. پرسیار گەلێکی وەکوو: مردن چییە؟ ئایا مردوو هەموو هەستییەکانی لە دەست دەدات؟ مردوو لە دوای مردنی هەست بە چی دەکات؟ ئەی لە نێو گۆڕەکەیدا هەست بە چی

دەکات؟ ئایا رۆژێ لە رۆژان دەگەڕێتەوە؟ ...هتد.
پێویستە منداڵ تێبگەیەنین، کە مردن لە دەرەوەی دەسەڵات مرۆڤ دایە. لە دەرەوەی خواستی خودی مردووەکەش دایە.
لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە لە لایەن زانکۆی (کوینزلاند) لە ئوسترالیا ئەنجام درا، کە (٩٠) منداڵ تێیدا بەشدار بوون، تەمەنیان لە چوار ساڵەوە بۆ هەشت ساڵان بوون. هەریەکە لە (فێرجینیا سلایت) و (ماریا گریڤس) ئەویان سەلماند، کە گفتوگۆکردنی مردن لەگەڵ منداڵاندا، لە رووی بیۆلۆژییەوە، لە جیاتی شێوازی واتایی و نەستی.. ترس لە مردن لە لای منداڵان پاشەکشێ دەکات.
خاتوو (سلاوتەر) دەڵێت:»باشترین رێگا ئەوەیە، کە مردن بخرێتە چوارچیوەی تەوای سوڕی ژیانەوە ـ لەدایکبوون، گەشەکردن، پیربوون، مردن ـ ئەمەش راستیی هەموو گیانلەبەرانە و شتێک نییە کە ترس و تۆقین بورووژێنێت»
کاتێ کە باوکان و دایکان، لەم راستییە و لە مردن خۆیان بەدوور دەگرن.. خراپ تێگەیشتنیان زیاتر دەبێت و بابەتەکەش ئاڵۆزتـر و قورستر دەکەن.
گومان لەمەدا نییە، کە دایکان و باوکان لای منداڵان، جوانترین و خۆشەویسترین و شیرینترین و سۆزدارترین و دلۆڤانترین و دڵسۆزترین و نزیکترین کەسن. بەرزترین پێگە و پایەیان لە دڵ و دەروون و خەیاڵی منداڵانـدا هەیە.
لەدەستدانی دایک یا باوک یا هەردووکیان، بە لای منداڵانەوە زۆر سەخت و هەست تەزێنە.. بە تایبەتیش ئەو منداڵانەی کە مەست و دەستەمۆی خۆشەویستی و سۆز و زیادەنازی دایک و باوکیانن.. بە مردنیان، منداڵەکانیان دووچاری خەم و ئازار و داخ و سوێ و کەسەرێکی زۆر دەبن.. گەر فریاڕەسێکی دلسۆز و هۆشیار و خەمخۆر فریایان نەکەون و یارمەتییان نەدات و قەرەبووی خۆشەویستی مردووکەیان بۆ نەکاتەوە و لەسەر دۆخێ تازە رایان نەهێنن بۆ ئەوەی درێژە بە ژیانیان بدەن.. تووشی کێشەی دەروونی و جەستەیی و سەرگەردانی و بەرەڵایی و رەفتاری نەخوازراو دەبن.
لەو بڕوایەشدا مەبن، کە باسکردن لە چەمکی «ژیـان» و «مـردن» بۆ منداڵان، هێندە قورسبن، کە لە تواناتاندا نەبێت، کە خۆتانی لە قەرە بدەن.. دەتوانن لە رێی گفتوگۆی رۆژانەتاندا، لە ماڵ و لە باخچەی ساوایان و لە قوتابخانەی بنەڕەتی و لە بەرنامەکانی منداڵان لە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکاندا، بە پێی تەمەنیان، بە هەستیاری و هۆشیارییەوە، باسی ژیان و مردنیان بۆ بکەن و رایان بهێنن.. دەتوانن سوود لەو پەرتووکانەش وەربگرن، کە بە شێوازێکی ئاسانی ئەدەبی، چیرۆکی مردنیان لەخۆگرتوون.
دەشتوانیت لە کاتی پاکرنەوەی باخچەی ماڵەکەت، لە گەڵا وەریوەکان و لە لق و چڵە

وشکەوەبووەکان، کە منداڵەکەت لەگەڵدایە، لەوانەیە چۆلەکەیەکی مردوو، یا هەنگێکی مردوو، یا پەپوولەیەکی مردوو ببینن.. ئەم هەلە بقۆزەوە بۆ راڤە و روونکردنەوەی ژیان و مردن بۆ منداڵەکەت.. لە رێی ئەم چۆلەکە، یا پەپوولە مردووەوە، باسی مردنی مرۆڤیشی بۆ بکە.. پێویستیش بەوە ناکات کە زیادەگۆیی بکەیت و بە دوورودرێژی باسی مردنی بۆ بکەیت.. باشترین شت ئەوەیە کە چاڵێک بۆ ئەو چۆلەکەیە یا پەپوولەیە پێکەوە هەڵبکەنن و تەرمەکەی بنێژن و بە خۆڵ دایپۆشن. دەتوانیت بیرۆکە و مەبەست لە ناشتنی مردوو بۆ منداڵەکەت باس بکەی. تێی بگەیەنە، ناشتن یا لە گۆڕنانی مردوو، رێزگرتنە لە مردووەکە، بۆ ئەوەی کەسانێکی بەدکار سووکایەتی بە تەرمەکەی نەکەن.

پێویستە ئەوەش بزانن، کە ترس رەمەکێکە لە دەروونی هەموو مرۆڤێکدا بوونی هەیە، وەکوو هەموو رەمەکەکانی تر.. ترسیش چەکێکی دوو دەمییە.. ئەگەر بە شێوەیەکی سروشتی و ئاسایی درێژەی هەبێت.. مرۆڤ لە مەترسییەکان دەپارێزێت. بەڵام گەر ترس سنووری تێپەڕاند و بوو بە نەخۆشییەکی دەروونی، واتا بوو بە (ترسەنەخۆشی ـ فۆبیا) ئەوسا ترس دەبێت بە کۆسپ و بە گرێ کوێرەیەکی دەروونی لە رێی ئازادیی ترسنۆکدا. بێ دەسەڵاتیش دەبێت لە رووبەڕووبوونەوەی گرفت و کێشەکانی ژیانی.

خێزان بە لای منداڵانەوە، سەرچاوەی متمانە و بڕواپێکردنە، هەر درۆ و هەڵەیەک و هەڵخەڵەتاندنێکیان لێبدۆزنەوە.. متمانەیان بە خێزانەکەیان نامێنێت.. لە جیاتی کەم کردنەوە و سووک کردنی کێشەکانیشیان، زیاتر و گەورەتر و قووڵتر دەبنەوە.. بۆیە پێویستە خێزانەکان لەگەڵ منداڵەکانیاندا راسگۆبن و راستییەکانیان لێ نەشارنەوە.

منداڵانی تەمەن سێ ساڵان، واتای مردن نازانن، لەوەش تێناگەن کە ئەو کەسەی بمرێت ناگەڕێتەوە.. بەڵکو وا تێدەگەن، کە دیارنەمانی ئەو کەسە جۆرێکە لە کۆچکردن و دوورکەوتنەی کاتی و مردووەکە دەگەڕێتەوە.

پاراستنی رۆتینی ژیانیان و دابین کردن و مەستکردنیان بە پێویست و پێداویستییەکانیان و سۆز و خۆشەویسی و دڵنیایی بەخشین پێیان، دەشێ قەرەبووی شوێنی مردووەکەیان بۆ بکاتەوە و هاوسەنگی ژیانیان بپارێزێت.

منداڵان تا تەمەنی حەوت ساڵان، کاری واتایی (مجرد) و بێ هەستی تێناگەن، نازانن کە ئایین و خودا و مردن و بەهەشت چین و چینین.. چونکە هێشتا ئەو بەشە بەرپرسەی مێشکیان کامڵ نەبووە.. ئەوە راست نییە کە هەڵیان بخەڵەتێنن و راستییەکانیان لا چەواشە بکەن و پێیان بڵێن مردووەکە: »چووە بۆ بەهەشت« منداڵان لەم تەمەنەدا لەم قسەیە تێ ناگەن.. زانایان لەو باوەڕەدان، کە بیرکردنەوە و روانینی منداڵان بۆ مردن، دوورە لە باوەڕی ئایینییەوە.. باشتر وایە پێیان بڵێن: »گیانی لە کارکردن کەوت« یا «

ئێستا ئەو مردووە و لە گۆڕدایە».
بەڵام منداڵانی تەمەن دە ساڵان و بەسەرەوە، دەزانن کە مردن چییە، ئەو شتانەش کە پەیوەندییان بە مردنەوە هەیە، وەکوو دەرچوونی رۆح و شتی تر.. لەوانەیە لە سوێی لە دەستدانی ئەو کەسە ئازیز و خۆشەویستانەیان. هەست بە ترس و گرژی و توڕەیی و دڵتەنگی و خەمباری بکەن و گۆشەگیر ببن، لە قوتابخانەشدا دوابکەون، تووشی هەڵە و رەفتاری نەخوازراوی زیان بەخش ببن.. پێویستە، بارودۆخێکی دڵنیایی بۆ منداڵانی یەتیمی ئەم تەمەنە بڕەخسێنن.. پشتیان بەرمەدەن و گفتوگۆیان لەگەڵدا بکەن.. هانیان بدەن لە رێی (وێنەکێشان، نووسین، ژەنینی ئامێرێکی موزیک، وەرزش)ەوە گوزارشت لە هەستی خۆیان بکەن. یادگارییەکان و بیرەوەرییە جوانەکانی مردووەکانیشیان بێننەوە یادیان.. بیان بەن با سەردانی گۆڕەکانیشیان بکەن.. هەموو ئەمانە یارمەتیدەرن بۆ تێپەڕاندنی ئەو دوخە تاڵە و ئەو بارە ناخۆشە دەروونییانەیان و بۆ درێژە بە ژیانیان.
گەر پێویستیشی کرد، بۆ ئەوەی دووچاری نەخۆشی دەروونی قووڵ نەبن، بیانبەن بۆ لای پزیشی پسپۆری شارەزای دەروونی.. تا چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزێتەوە.
پێویستە بە پێی تەمەن و هەستی ناسکی منداڵان، بە ئەوپەڕی هۆشیارییەوە یارمەتی منداڵانی باوان مردوو بدەن، نەشارەزایی و هەڵەکردنتان لە بارەی تایبەتمەندیەکانی قۆناغەکانی منداڵی، رەنگە کارەساتی تراژیدی نەخوازراویان لێبکەوێتەوە. بۆ نموونە: چیرۆکی دڵتەزێن و جەرگبڕی راستیی جوانەمەرگبوونی کاکەلەی جوان و هەست ناسک و سۆزدار (بڕیار)ی جگەرگۆشەی پێشمەرگەی شەهید (ئاسۆی مام جەلال مسۆیی).
کاک ئاسۆی مام جەلال، لێپرسراوی بەشی ئۆپراسیۆنی گەرمیان، لە رۆژی (٣١ی/یوولی/٢٠١٩) دا، لەگەڵ سێ پێشمەرگەی تردا، لە شارۆچکەی (کۆڵەجۆ)ی سنووری گەرمیان، لە لایەن تیرۆریستانی داعشی بەکرێگیراوەوە شەهیدکران.
ئەم هەواڵە ناکاوییە جەرگبڕە، کسپە و برینێکی قووڵ و سوێ و کەسەر و ئازارێکی زۆری خستە دڵی خانەوادەکەی کاک ئاسۆ و هەموو کوردێکی دڵسۆزەوە. بە تایبەتیش دڵە قنج و ناسکەکەی کاکە (بڕیار)ی تەمەن چوار ساڵانی کوڕە بچکۆلەی شەهید ئاسۆ، کە ئەو و کاک ئاسۆی باوکی زۆر هۆگری یەکتری بوون.. بڕیار تەرمەکەی باوکی و رێوڕەسمی بە خاک سپاردن و گۆڕەکەی بە چاوی خۆی بینی.. بەڵام تا مردیش، بڕوای نەدەکرد کە باوکی شەهید بووبێ، بڕوای بە مردن نەبوو، هەر دەیووت:»کوا باوکم..» خاتوو (هەیفا ئیسماعیل)ی دایکی وتی:» دوای چەند رۆژێک باران باری.. بڕیار وتی: دایکە با نایلۆن بەرین و بیدەینە سەر گۆڕەکەی باوکم، با تەڕ نەبێ و سەرمای نەبێت» بڕیار دەشیوت:»ئێوە راست ناکەن باوکم نەمردووە»

کاکە بڕیاری بچکۆلە لە سوێی لە دەستدانی، خۆشەویسترین و شیرینترین کەسی، بەو هەواڵە ناکاوییە، تووشی نەخۆشی شەکرە بوو، ڕێژەکەشی زۆر بەرز بوو. بۆ ماوەی (٢٣) ڕۆژیش خواردنی نەخوارد و ئاوی نەخواردەوە، قسەی لەگەڵ کەس نەکرد. باری تەندروستی و دەروونی زۆر تێکچوون.. دڵە قنجەکەی وەستا و چەڵتەی مێشک لێیدا، پزیشکەکان توانیان دڵی بخەنەوە کار، بەڵام مێشکی نەکەوتەوە کار.. بەداخاوە کە کاکە بڕیاری پەپوولە ئاسا لە ڕۆژی یەکشەممە (٢٥ی/ ئاوگوست/ ٢٠١٩) لە نەخۆشخانەی سلێمانی، کۆچی دوایی کرد. لە گۆڕستانی گردی سەیوان لە شاری سلێمانی لە تەنیشت شەهید کاک ئاسۆی باوکییەوە بە خاک سپێررا.

وێنەی شەهید (ئاسۆ) و کوڕە جوانەمەرگەکەی (بڕیار)

دەبوایە بەو ناکاوییە و ڕاستەوخۆ ئەم هەواڵە دڵتەزێنە. کەس هەواڵی وای پێ نەدرێت - بە بڕیار نەوترایە.. کە زانیشیان باری دەروونی تێکچووە، ڕەنگە دایکی و مامەکانی بە هۆی شین و خەم و سەرقاڵبوونیان بە پرسەی ماتەمینی شەهید ئاسۆە، وەکوو پێویست نەپەرژابێتنە سەر کاکەلە بڕیار، لەو باوەڕەشدا نەبوونە، کە تێکچوونی باری دەروونی بیگەیەنێت بەو ئەنجامە جەرگبڕە.. دەبۆایە مامێکی یا خزمێکی نزیکی هۆشیار، بە شێوازێکی جوان و بە زمانی ئەو تەمەنەوە دڵی کاکە بڕیاری بدایەتەوە و کارەساتەکەی بۆ بچووک بکردایەتەوە، یا گەر هیچیشی پێنەکرایە، بڕیاری ببردایە بۆ لای پزیشکێکی پسپۆری دەروونناسی منداڵان لەوانەبوو لەژێر چاودێریدا بیتوانیایە چارەسەری دەروونی

بۆ بکردایە.. زۆر بە داخەوە بۆ جوانەمەرگبوونی کاکە بڕیار و بۆ شەهیدبوونی کاک ئاسۆی پێشمەرگە و بۆ هاوڕێکانی.. کەسیش ئەو دەسەڵاتەی نییە، کە بتوانێت پێش لە مردن بگرێت.



نموونەیەکی تری دڵتەزێن دەخەینە پێش چاوتان، کە لە تاوان و کارەساتێکی جەرگبڕدا. کاک (مستەفا گەرمیانی) نووسەری ناسراوی کوردمان، کە باوکی خونچەگوڵ (شاکار) و هاوسەری دڵسۆزی شاعیر و نووسەر و راگەیاندکار و چالاکوانی بواری ژنان مامۆستا (مەهاباد قەرەداغی) یە، لە تەقینەوەی لۆرییەکی بۆمب رێژکراو لە شاری کەرکووک کە رۆژی (١٦ی/ یوولی/ ٢٠٠٧) لەلایەن داعشی تیرۆریستەوە، لە بەردەم بنکەی (کۆمەڵەی رووناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکووک) لە پشتی قەڵا سەرکەش و دێرینەکەی شاری کەرکووکی کوردستانی، تەقێنرایەوە.. ژمارەیەکی زۆر کوردی بێتاوان شەهید و بریندار بوون.. یەکێک لە شەهیدەکان، شەهیدی جوانەمەرگ کاک مستەفا گەرمیانی یە. با لە دەمی مامۆستا (مەهاباد قەرەداغی) خۆیەوە بزانین، کە زۆر بە هۆشیاری و دانایی و بە شێوازێکی زیرەکانە و گونجاو لەگەڵ شاکاری تەمەن هەشتساڵانی کچیان دا، کە هەر ئەو شەوە، هەواڵی شەهیدبوونی کاک مستەفای بە کچۆڵە شیرینەکەی دەگەیەنێت،

کە ئەوسا و ئێستاش باوکی زۆر لە دڵ شیرین بوو و لەدڵ شیرینە.. ئەمەش دەقی گفتوگۆی مامۆستا مەهاباد قەرەداغی یە.. کە لە ژمارە (٢٨)ی گۆڤاری (شیکار) لەژێر: ناوی: چۆن منداڵان لە مەرگی باوان ئاگادار بکرێنەوە؟ بڵاوی کردۆتەوە.. هەر خۆشی سەرنووسەری شیکارە.

«کچە تاقانەکەم هەشت ساڵ بوو، لەو هەشت ساڵەدا خاوەنی باوکێکی نموونەیی بوو، خۆشەویستییەکی کەم وێنەی نێوان ئەم باوک و منداڵە بۆ ئەوە دەشێت ببێتە جوانترین چیرۆک و نایابترین دەقی ئەدەبی. لەناکاو؛ لە تەقینەوەیەکی تیرۆریستیدا، ئەو باوکە نایابە، کە هاوسەرێکی نایاب و نموونەییش بوو، شەهید بوو، هەواڵێکی جەرگبڕ لە ناکاو بگات، مرۆڤ چی لەبیر دەمێنێت و چۆن رەفتار دەکات؟ راستە مرۆڤ هاوسەرێکی باش لە دەست بدات وەک ئەوە وایە کۆتایی دنیای بە چاوی خۆی دیبێت، بەڵام ئەو ژنەی کە دایکە و مرۆڤێکی ئازیز و گرنگی لەدەست داوە، دەبێت لەو ساتەدا لەبیری بێت کە کەسی ئازیز و گرنگی تر لە ژیانیدا هەن و ماون و دەبێت بیانپارێزێت، ئەویش منداڵەکانە.

دەبوایە هەر یەکەم شەو بە شاکار بڵێم کە باوکی شەهید بووە و ژیانئاوایی کردووە. وەک شەوانی تر کە رامهێنابوو چیرۆکی بۆ بگێڕمەوە تا دەخەوێت، بە دەم دەستبەسەرهێنانێکی

نەرمەوە کەوتمە گفتوگۆوە لەگەڵی و سەرەتا پێم گوت:
- شاکار گیان ئەمشەو چیرۆکی مردنت بۆ دەگێڕمەوە. مردن شتێکی زۆر ئاساییە و هەموو کەسێک و هەموو گیاندارێک رۆژێ بێتە ژیانەوە، رۆژێک لە رۆژانیش دەمرێت. هەر کەسێ بمرێت رۆحی دەبێتە ئەستێرە و دەچێتە ئاسمان.
- ئەزانم، لە باخچەش دادەکەمان ئەوەی باس کردبوو بۆمان.
- ئافەرین. زۆرم پێ خۆشە ئەوە دەزانی و لە بیرت ماوە دادەکەت بۆی باس کردوویت. کەواتە ئەمەوێ ئێستا پێت بڵێم ئەمڕۆ شتێک روودیاوە لە کەرکووک!
شاکار کەمێک شڵەژا و بە سەرسامییەوە تەماشایەکی کردم، چونکە دەیزانی باوکی لە کەرکووکە و ئێمەش باسی مردن دەکەین. نەرمتر دەستم بە پرچیدا هێننا و نەمهێشت فرمێسک و خەمە قووڵەکەی خۆم ببینێت. چاوەڕێ بوو باسی رووداوەکەی بۆ بکەم.
- تەقینەوەیەک لە کەرکووک رویداوە و خەڵکێکی زۆر بوون بە ئەستێرە. بابە گیانیش لەگەڵیاندا بووە.
- باوکم مردووە؟<< فرمێسک لە چاوەکانی رژا و دەنگی کەوتە لەرزین>>. ئەی دوێنێ قسەمان لەگەڵ نەکرد بە تەلەفۆن؟
- وتمان ئەوەی بمرێ رۆحی دەچێتە ئاسمان و دەبێت بە ئەستێرە و تۆش وتت ئەوە دەزانم. بابە ئێستا ئەستێرەیە.
- ئاخر من دەمەوێ بابە ببینم، ئیتر بابە نابینم؟>> بە دەم هەنیسکەوە ئەوەی گوت و منیش وەختبوو دڵم لە قەفەزی سنگم بێتە دەرەوە، بەڵام دەبوایە دان بە خۆمدا بگرم و شاکار لە زەبری ئەو کارەساتە بپارێزم.
- بەڵی دەیبینی و منیش دەیبینم. ئەی کە شەوان سەیری ئاسمان بکەین ئەستێرە نابینین؟
- بەڵێ دەیبینین.
- کەواتە بابە دەبینین، بەڵام نەک وەک ئەوەی تا ئێستا دەمانبینی، وەک ئەستێرە دەیبینین.
- ئەی بە رۆژ نایبینین؟
- نا خۆت ئەزانی ئەستیرە بە شەو دەردەکەوێت. ئێمە ئەگەر بمانەوێت بیبینین بە شەو سەیری ئاسمان ئەکەین.
- ئەستێرەکان هەموویان لە یەکتری ئەچن، کامیان باوکی منە؟
- سەیرکە حەیاتم، هەر منداڵێک باوکی بووبێت بە ئەستێرە دەتوانێ لەناو هەموو ئەستێرەکاندا بیدۆزێتەوە. کام ئەستێرە پرشنگدارترین بێت لەبەر چاوی ئەوە باوکی ئەوە. هەر منداڵێک ئەستێرەی باوکی خۆی ئاوا دەدۆزێتەوە.
من و شاکار لە سوید بووین و باوکی لە کەرکووک شەهید بوو. سبەینێ گەڕاینەوە هەولێر

و خۆم ڕاستەوخۆ چووم بۆ کەرکووک و شاکارم نەبرد و پرسەی ماتەمینی نەبینی. لە هەولێریش پرسەم دانا و نەمهێشت هیچ خەم و ماتەمینییەک ببینێت.
نەمبرد بۆ سەر قەبران. ئەو تێگەیشت و زانی باوکی لە ژیاندا نەماوە، بەڵام ئەو ئەستێرە گەشەی لە خەیاڵی ئەودا دروستم کرد، بە درەوشاوەیی مایەوە. ئەو منداڵەی کە خۆشەویستییەکی بێپایانی هەبوو بۆ باوکی، ئەو مردنەی قبووڵ کرد. نەمهێشت کەسوکار بە هۆی مردنی باوکییەوە وەک یەتیم و گوناه تێی بڕوانن و ڕەفتاری تایبەتی لەگەڵدا بکەن کە هەست بکات ئەو بێ باوکە و گوناهە و جێی بەزەییە. خۆشم نە وەک تاقانە ڕەفتاری جیاوازم لەگەڵ دەکرد و نەش وەک باوکمردوو. بە تەواو ئاسایی و وەک پێشتر. لە چەندین ساڵی دواتریشدا لە ڕۆژی لە دایکبوونیدا دوو دیاریم پێشکەش دەکرد یەکێکیان هی خۆم و ئەویتریان هی باوکی. ئەو ئێستا بیست ساڵە و دوانزە ساڵ تێپەڕیوە بەسەر مەرگی باوکی و بۆ یەکەمین جار مانگی پێشوو چووین و لەگەڵ خۆمدا بردم بۆ گۆڕستان. بەڵام زۆر پەشیمانم و نەدەبوو بیبەم، چونکە زۆر ناڕەحەت بوو بەوە.
بە گفتوگۆیەک ئەو هەڵەیەی خۆم چاک کردەوە و پێم گوت:
- پێویست ناکات ناڕەحەت بیت، خۆت دەزانیت و منیش دەزانم، ئەوەی دەمرێت تەنیا بە جەستە بە جێمان دەهێڵێت و ڕۆحی لە دڵماندایە.
- دەزانم. «
هیوادارین کە هەموومان سوود و وانە، لەم نووسین و گفتوگۆیە بەسوودەی مامۆستا مەهاباد قەرەداغی وەربگرین، کە بە شێوازێکی گونجاو و سەرکەوتووانە مامەڵەی لەگەڵ ئەو هەواڵە ناکاوییە جەرگبڕەدا کردووە، ژیرانە و زانستییانە هەواڵی ناکاوی شەهیدبوونی هاوسەرەکەی بۆ خونچەگوڵە شیرینەکەی باس کردووە، ئەمەش ئەو شێوازە ڕاست و دروستەیە کە زانایانی دەروونناسی منداڵان جەختی لەسەر دەکەنەوە. بێگومان منداڵان لەو قۆناغەدا، هێشتا دەستەمۆی خەیاڵن و بڕوایان بەوە هەیە، کە ڕۆحی هەر مردووییەک، ببێت بە ئەستێرەیەکی گەشی ئاسمان و بە شەوان بدرەوشێتەوە، کە قۆناغی خەیاڵییان تێپەڕاند ئەوسا لە چەمکی ڕاستی مردن تێدەگەن.
مردن لە ئەدەبی منداڵان:

مردن بابەتێکی ئاڵۆزە، لەبەر هەستیاری و تایبەتمەندی مردن، زۆربەی نووسەرانی بواری ئەدەبی منداڵان خۆیانی لێ نادەن.. لە لایەکی کەشەوە دەزگاکان و خانەکانی چاپکردن و بڵاوکردنەوەی پەرتووک، زۆر بە کەمی ئەو پەرتووکانە چاپ دەکەن کە بابەتی مردنیان لەخۆگرتوون، ڕەنگە بازاڕی فرۆشتن و کڕینیشیان گەرم نەبن.
خوێنەران و کەسوکاری منداڵانیش، بە دوای ئەو چیرۆک و ڕۆمانانەدا دەگەڕێن بیان خوێننەوە، کە باس لە ژیان و گەشبینی و هیوا و داهاتوو و خۆشەویستی و شادی

و پاڵەوانێتی و سەرکێشی و سەرکەوتن و بەختەوەری دەکەن و بە هیوابەخشین و خۆشی کۆتاییان هاتوون.. بۆ هاندان و بەرزکردنەوەی ورە و تواناکانی منداڵەکانیان و پێکهێنانی کەسایەتی دروستیان.
نابێت ئەدەبی منداڵان، لە خستنەڕووی ئەو کێشانە خۆی بدزێتەوە، کە رووبەڕووی منداڵان بە تایبەتی و کۆمەڵگە بەگشتی دەبنەوە.. یەکێک لەو کێشانە مردنە. ئەدەبی منداڵانی کورد، لەم رووەوە هەژارە، ئەو چیرۆکنووسانەمان کە چیرۆک بۆ منداڵان دەنووسن، بە دەگمەن باس لە مردن دەکەن، یان بە سەقەتی و نابەڵەدی باسیان لێکردووە، ئەگەرچی لە ئەدەبی جیهانیشدا، لەچاو ژانرەکانی تیری چیرۆکی منداڵان، ژمارەی ئەو چیرۆکانەی کە بۆ منداڵان نووسراون و بابەتی چارەسەری مردنیان لەخۆگرتوون، ناگەنە دوو سەد چیرۆک.
لێکۆڵینەوەکان دەربارەی مردن لە ئەدەبی منداڵاندا، گەیشتوونەتە ئەو ئاکامەی، کە بۆچوونی منداڵان لە بارەی مردنەوە، بە پێی جیاوازی تەمەنیان، لە قۆناغی منداڵیی بەرینییەوە تا قۆناغی تەمەنی ناوەندی، روویان زۆرە، لەم رووە زۆرانەش وەکوو لێکۆڵینەوەکان ئاماژەیان پێکردوون، سێ رووی گرنگ هەن، کە ئەمانەن:
١ـ منداڵان درک بەوە راستییە دەکەن، کە ئەو شتانەی دەمرن ناگەڕێنەوە بۆ ژیان.
٢ـ هەموو گیانلەبەرەکان دەبێت بمرن و لە مردن رزگاریان نابێت.
٣ـ لە کاتی مردندا، هەموو چالاکییە جەستەییەکان دەوەستن.
چیرۆکی ئاراستەکراوی مەبەستداری منداڵان دەربارەی مردن، چارەسەری کێشەیەک دەکات، کە زۆربەی خەڵکی لێی هەڵدێن، فێری منداڵان دەکات کە چۆن خۆڕاگربن و رووبەڕووی مردنی کەسە خۆشەویست و لەدڵشیرین و ئازیزەکانیان ببنەوە و مردن قبووڵ بکەن، دان بەم راستییەشدا بنێن کە ژیان درێژەی هەیە و درێژەی دەبێت.
ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەک کە لە لایەن زانکۆی (ئۆهایۆ) وە ئەنجام دراوە، کە لەسەر ژمارەیەکی زۆری چیرۆکە وێنەدارەکان و بێ وێنەدارەکانی منداڵان ئەنجامیان داوە. ئەوەیان بۆ دەرکەوت، کە ئەو بابەتە سەرەکییانەی ئەو چیرۆکانە دەربارەی مردن لە خۆیان گرتوون. زیاتر لە رووی سۆزداری و خەمبارییەوە لە مردن دەڕوانن. کاتێ کە کەسانێکێ خۆشەویست و نزیکی منداڵان دەمرن، داخ و خەم و کەسەر دەچێتە دڵیانەوە.
لێکۆڵینەوەکە ئەوەشی خستۆتەڕوو، کە چیرۆکە وێنەدارەکانی منداڵان، بە شێوەیەکی گەورەتر و زیاتر لە هۆیە بیۆلۆژییەکانی مردنی کەسەکان وردبوونەتەوە.
لە وڵاتانی رۆژئاوادا ژمارەیەک لێکۆڵینەوە هەن، کە باس لە مردن لە ئەدەبی منداڵاندا دەکەن.. باسیش لە کاردانەوەی مردنی کەسانێکی نزیکی منداڵان دەکەن، کە مردن چ کاریگەرییەکی لەسەر هەست و دەروونی منداڵان هەیە.. لە پەرتووکخانە گشتییەکانی وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکادا، گەلێ پەرتووکی وێنەداری منداڵان هەن، کە بەشێوازێکی

ئاسان و لۆژیکی و بەزمانێکی نزیک لە زمان و لە تێگەیشتنی منداڵان. باس لە مردن بۆ منداڵان دەکەن. بۆ ئەوەی ببنە سەرچاوەی یارمەتیدەری دایکان و باوکان و دادەکان و مامۆستایان بۆ گفتوگۆکردنی یەکەمین جار دەربارەی مردن لەگەڵ منداڵانی بچووک و منداڵانی تەمەنی قوتابخانەی بنەڕەتی.. ناوی دووان لەو پەرتووکانە: (دڵ و شووشە) نووسینی (ئۆلیڤەر جێفرس)، (هاری و هۆبەر) نووسینی (مارگرێت وایڵد). باسکردنی مردن بۆ منداڵان لە ڕێی خوێندنەوە یا گێڕانەوەی چیرۆکی منداڵانەوە، باشترە لە باسکردنی راستەوخۆی مردن بۆ منـداڵان.

زۆر لە نووسەرانی ئەم بوارە، کارتێکرردنی مردن لەسەر خوێنەران کەمتر دەکەنەوە. بۆ نموونە، لە رۆمانی (تۆڕی شارلوت) دا، کەمکردنەوەی خەم و کەسەری مردن، لە رێی کارەکتەرەکانەوە کەم دەبنەوە، کە مرۆڤ نین.. بۆ نموونە، جاڵجاڵـۆکەیە.

چیرۆکی هیچ نووسەرێکی کوردیشیم لەلا نیە کە بۆ منداڵانی کوردمان نووسرابێت و چارەسەری کێشەی مردنی بۆ منداڵانی کوردمان کردووبن تا ئاماژەی پێیان بدایە. لەوانەشە کە هەمان بێت و بەرچاوی منی دووره کوردستان نەکەوتوون.

مردن لە چیرۆکە میللییەکاندا:

چیرۆکە میللییەکان و ئەفسانەییەکان، بەشێکی گرنگن لە چیرۆک ولە فۆلکلۆر و لە کولتووری هەر نەتەوەیەک.. گەلێ چیرۆکیان تێدان، کە بە تایبەتی بۆ منداڵان دانراون. ئەم چیرۆکە میللییانە، منداڵان ناخەڵەتێنن و راستییەکانیان لێ ناشارنەوە، زیدەڕۆییش لە پاراستن و چاودێری منداڵان ناکەن، تەواوی راستییەکان دەخەنە بەرچاوی پاڵەوان و کاراکتەرەکان لە رێی سوڕێکی ژیانەوە بە شێوازێکی ساکار و بەبێ ترس.

لەم چیرۆکانەدا، پاڵەوانە گەشبین و ئازا و سەرکێش و چاونەترسەکان، کە لە پێناوی ئامانجێکی تایبەتی یا گشتیدا، بە متمانەبەخۆبوونەوە ڕووبەرووی مەرگ دەبنەوە. ئەنجامی چیرۆکەکانیش بە سەرکەوتن و بەخۆشی و شادی کۆتاییان دێت. بۆ نموونە، چیرۆکی (کوڕە ئازاکە و ئەژدیها) کە چیرۆکێکی ڕەسەنی ئەفسانەی میللی کوردییە.

(ئەژدیهایەک کانی و چەمێک، لە خەڵکی دێیەکی کوردستان داگیرکردبوو.. ژمارەیەک گۆلک و مەڕ و بزنی دێیەکەی خوارد.. چەند کەسانێکی دێیەکە چوون بیکوژن، بەڵام دەرەقەتی نەهاتن. کوڕێکی لاوی ئازا و دلێر و خوێنشیرین، بڕیاری دا کە دێیەکەیان لەو ئەژدیها دڕندەیە رزگار بکات.. خۆی ئامادەکرد و خەنجەرە دەبانە تیژەکەی لەگەڵ خۆی برد. لە شەڕێکی دژواری کەم وێنەدا، کوڕە لاوەکە توانی ئەو ئەژدیهایە بکوژێت و خەڵکی دێیەکەیانی لێ رزگار بکات و بە کانی و چەمەکەیان شادببنەوە.. ناوبانگی ئازایەتی و پاڵەوانێتی ئەم لاوە، گەیشتە لای کچە پاشاکەی وڵات.. ناردی بە شوێن لاوەکەدا.. سەرسام بوو بە ئازایەتی و جوانی و ژیری.. شووی پێکرد و بوون بە دوو

هاوسەری دڵسۆز و بە خۆشی و شادی دەژیان)

لەم چیرۆکەدا متمانە بەخۆبوون و ئیرادەی بەهێز بەسەر ترس و مردندا، رزگاریخوازی بەسەر داگیرکردان‌دا سەردەکەون، کۆتایی چیرۆکەکەش بە خۆشی هاتووە» ئەگەرچی لە بنەڕەتدا ئەم چیرۆکە بۆ منداڵان دانەنراوە، بەڵام زۆر چیرۆک و رۆمانی جیهانیش هەن درێژن و بۆ گەورەکان نووسراون. بەڵام نووسەرانێکی شارەزای بواری جیهانی ئەدەبی منداڵان، کورتیان کردوونەتەوە و بە شێوازێکی سووک و ئاسان، بە زمانێکی منداڵانەی شیرین و ڕەوان، دووبارە بۆ منداڵان دایان ڕشتوونەتەوە. لە ئەمڕۆدا بوونە بە بەشێک لە ئەدەبی منداڵان. بۆ نموونە، چیرۆکی (رۆبنسن کرۆزو) لە نووسینی (دانیال دیڤۆ). کە لە ئەنجامی کۆڵنەدان و ژیانخوازی و ڕووبەڕووبوونەوەی تەگەرە و کۆسپەکان، ژیان بەسەر مردن و شێنەیی بەسەر تەنگانەدا سەردەکەون. بە خۆشییش کۆتایی دێت.

چیرۆکی (تیتیلە و بیبیلە) ش کە چیرۆکێکی ئەفسانەیی ڕەسەنی کوردییە بۆ منداڵان، کە گورگە (هێمای ستەمکارییە) هەردوو کارژۆڵەکە قووت دەدات، کە بزنە خانی دایکیان دێتەوە و نایانبینێت، دەزانێت کە گورگە بۆر خواردوونی، بە گیانێکی لەخۆبوردن و بە سۆز و خۆشەویستییەکی دایکانەوە، لە شەڕێکی دەستەویەخەی مردن و ژیاندا، بزنەکە بەسەر گورگە بۆرەکەدا سەردەکەوێت و سکی هەڵدەدڕێت و بە زیندووی تیتیلە و بیبیلە لە سکیدا دەردەهێنێت.

مەبەست لە زیندووکردنەوە لەم چیرۆکەدا، بۆ ئەوەیە کە بۆ جاری دووەم تیتیلە و بیبیلە وانە و پەند وەربگرن و زیاتر وریا و هۆشیاربن و دەرگا لە نامۆ و نەناس نەکەنەوە.

لە چیرۆکی (دەنکە هەنارە) شدا، کە چیرۆکێکی فۆلکلۆری تری کوردیمانە و بۆ منداڵان و مێردمنداڵان لەبارە، دەنکە هەنارە لە دوای مردنی دایکی دەبێتە ژێرچەپۆکەی باوەژنە دڵڕەق و جادووبازەکەی، ئیرەیی بە جوانی و بە شۆخ و شەنگییەکەی دەنکە هەنارە دەبات، بۆیە چەند جادوو و پیلانێکی بۆ داڕشت کە دووری بخاتەوە و لە ناوی بەرێت. دوای چەند پیلانێک، لە رێی سێوێکی ژەهراوییەوە دەیمرێنێت، بەڵام مردنەکەی کاتی بوو، کوڕە پاشای وڵاتێکی تر دەیبینت و لەتە سێوە ژەهراوییەکەی لە دەم دەردەکات. دەنکە هەنارە زیندوو بۆوە.. شازادە سەرسام و هۆگری جوانی دەنکە هەنارە دەبێت. خواستی و شایی و زەماوەندێکی خۆشی هاوسەرگیرییان سازکرد.. ئەم هەواڵە گەیشتە باوەژنەکەی، زۆری پێ ناخۆش بوو، لە داخا مرد.

دەنکە هەنارە، کە کچۆڵەیەکی بێتاوان و دڵپاک بوو، شایەنی ژیانێکی ناخۆش و مردن نەبوو، بۆیە کوڕە پاشا بوو بە فریاڕەسی و لە چەوسانەوە و لە مردن رزگاری کرد.

لەم چیرۆکەشدا بێتاوانی بەسەر تاوانباری، خۆشەویستی بەسەر رق، ژیانیش بەسەر مردندا سەردەکەون. کۆتایی چیرۆکەکەش، بە خۆشی بۆ دەنکە هەنارە بە مردنیش بۆ باوەژنەکەی کۆتایی هاتووە. ئەم کۆتاییە چێژ و خۆشی بە منداڵان دەبەخشێت.

کۆتایی هێنانی چیرۆکی منداڵان، بە سەرکەوتن و خۆشی و شادی و بەختەوەری و بە گەیشت بە هـیوا و ئامانج.. یەکێکە لە بنەماکانی چیرۆکی سەرکەوتوو بۆ منداڵان.
گەلێ نەزیلە و هەقایەت و چیرۆکی میللی و فۆلکلۆریی ڕەسەنی کوردیمان هەن، بە تایبەتیش چیرۆکی ئەفسانەیی، کە بە شێوازێکی جوانی ئەدەبی و هونەری و ڕاستی، بابەتی مردنیان لەخۆگرتوون، دەکرێ سوودیان لێوەربگرن بۆ ئامادەکردن و ڕاهێنانی منداڵان، بۆ تێگەیشتنیان لە چەمکی مردن و بە دروستی ڕووبەڕووبوونەوەی مردن و قبووڵکردنی. ئەم چیرۆکانە دەبنە یارمەتیدەرێکی باش و بە هاندەر، بۆ خۆڕاگرتنی منداڵان، لە کاتی لەدەستدانی کوتوپڕی خۆشەویستێکی نزیک لە ژیانیاندا.
ئەم چیرۆکە میللییانە ئەو ڕاستییە بە منداڵانن دەگەیەنن، کە مردن بەشێکی سروشتییە لە ژیان. بە بیرکردنەوە و خۆڕاگری و ڕووبەڕووبوونەوە دەتوانن بەسەر تەنگانە و ناخۆشییەکاندا سەربکەون و درێژە بە ژیانیان بدەن. پێویستە لەم جۆرە نەزیلە و چیرۆکانە بخرێنە پرۆگرامەکانی باخچەی منداڵان و کتێبەکانی خوێندنەوەی کوردی لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی کوردستاندا، تا منداڵانی کوردمان لە منداڵییەوە لە چەمکی مردن تێبگەن و دەروون ئامادەبن و بتوانن ڕووبەڕووی مردنی باوانیان ببنەوە و قبووڵی بکەن.
(بتلهایم) دەڵێت:»بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کەسەری مردنی هاوڕێ یا دایک و باوک، یەکێک لە ڕووەکانی بەرەنگاربوونەوە لە ژیاندا، ئەو بیرۆکانەن کە چیرۆکە میللییەکان پێشکەشیان دەکەن، بە کورتی واتای ژیان، تەنیا لە ڕووبەڕووبوونەوە و لە خەبات و کۆڵنەدانـدا دێتەدی»

زۆر لە چیرۆکە میللییەکان، هانی منداڵی بچووکی باوکمردوو دەدەن و پێی دەڵێن: گەر ئازا و خۆڕاگر و کۆڵنەدەر و گەشبین بیت و متمانەت بە تواناکانی خۆت هەبێت و پشت بەخۆت ببەستیت، بێ ترس و ژیرانە ڕووبەڕووی کێشەکان و بەرهەڵستییەکانی ڕێگەی سەرکەوتنت ببیتەوە، سەردەکەویت و دەگەیت بە هیوا و بە ئامانجەکانت و بە خۆشی و بە کامەرانی دەژیت.. ئەگەر هەڵەشت کرد، دوای ئەوەی کە باجی هەڵەکانت دەدەیت، دەرفەتی ڕاستکردنەوەی هەڵەکانت هەیە و دەتوانیت دوبارە درێژە بە ڕێڕەوی خەبات و تێکۆشان بدەیت و کۆڵنەدەیت و سەربکەویت و بگەیت بە خەون و هـیواکانت.
بەڵام گەر هاتو هەڵەکەت تاوانێک بێت دەرهەق منداڵێکی تر، یا تاوانێکی بەدڕەوشتی گەورە بێت و زیان بە کەسانی تر و گشتی بگەیەنێت، ئەوە بزانە کە لە سزادان دەرباز نابیت و دادپەروەری ڕێی خۆی دەگرێتەبەر.
لێکۆڵینەوە تازەکان، لە بارەی چیرۆکە میللییەکانەوە، ئەوە دەخەنە ڕوو، ئەگەرچی چیرۆکە میللییەکان، لە فۆرم و لە بەرگێکی ئەفسانەییدان، بەڵام لە ناوەڕۆکەکانیاندا

ڕەنگدانەوەی تاقیکردنەوە ڕاستییە مرۆییەکانیان لەخۆگرتوون. گەلێ ڕاستی و بەهای مرۆڤایەتی و وانە و پەندی جوان و ڕێنمایی و ئامۆژگاری بەسوودمان فێردەکەن.

سەرچاوەکان:

١. تهاني مهدي : الموت.. كيف تخبر الاطفال عنه.. ديوان العرب.
٢. مەهاباد قەرەداغی : چۆن منداڵان لە مەرگی باوان ئاگادار بکرێنەوە؟
گۆڤاری شیکار.. ژمارە (٢٨) ساڵی (٢٠١٩)
٣. انس سمحان : ان تناقش الموت معهم.. موقع جيل.. ٢٠١٥
٤. دكتوره فاطمه انور االلواتي: الموت في ادب الاطفال.. مجلة القافلة..٢٠١٩
٥. سهيل ابراهيم عيساوي : الموت في قصص الاطفال.. موقع ديوان العرب.
٦. حنان كركبي جرايسي و رافع يحيى: التعامل مع الموت في قصص الاطفال.
مجلة اللغة العربية.. العدد (٤) لسنة ٢٠١٣
٧. دكتوره اميمة جادو : قراءة حول الموت في الادب الشعبي للاطفال.
موقع نافذة العرب.

ڕەزا شوان

نەرویج: ٣ی/ نۆڤەمبەر/ ٢٠١٩

ئافرەتیزم

توێژینەوەیەکی گرنگ لەبواری پرسی ئافرەتدا

سەدیق سەعید ڕواندزی

ئەگەرچی،لەمێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بە گشتی و مێژووی فەرهەنگ و کولتووری کوردیدا بەتایبەتی،ئافرەتی کورد ڕۆڵێکی گرنگی هاوشانی پیاو لە کایەکانی ژیاندا بینیوە و چەندین ئەرکییان لە ئەستۆ دابووە لەخەباتی شاخ و شاردا، بەڵام بەداخەوە وەکو پێویست ئاماژە بەڕۆڵی ئافرەتی کورد لە قۆناغە جیاوازەکاندا نەدراوە و شوێنی شایستەی خۆی نەگرتووە. ئەگەر مێژوویێکیشی هەبووبێت ئەوا لە پەراوێزی مێژووی ڕەگەزی نێردا بووە. هەربۆیەشە ڕەنگە بە هەڵەدانەچین ئەگەر بڵێین تاکو ئێستاش سەرچاوەیەکی گرنگ کە وەک توێژینەوەیەکی هەمەلایەنە تیشک بخاتە سەرپرسی ژنان بوونی نییە. ئەوەشی هەیە تەنها لە دەوری چەند پرسێکی کۆمەڵایەتی و خێزانیدا باسکراون.بەدەر لە کێشە بنەڕەتییەکانی ژنان لە ماف و ئازادی و مێژووی تێکۆشان و پێگەی ژنی کوردلە کایە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵگەی کوردیدا. لەو ڕوانگەیەوە کتێبی (ئافرەتیزم) بەبڕوای من یەکێکە لە دیارترین و بەبرشترین ئەو توێژینەوانەی لەماوەی دوای ڕاپەڕیندا نووسراون و مێژووی یەک سەدەی پرسی ژنی کورد لە نێوان ساڵانی ١٩١٨تاکو ٢٠١٨ لە خۆ دەگرێت. ئەم کتێبە، کە شاعیرو توێژەر(مەهاباد قەرەداغی) نووسیویەتی، یەکێکە لەو توێژینەوە هەمەلایەنانەی کە لە چەندین ڕووەوە شیکاری بۆ پرسی ژن و کێشەکانی ژنان دەکات لە کۆمەڵگای کوردیدا.

ئەم کتێبە، لە چوار توێژینەوەی گرنگ پێکهاتووە کە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە جیان لە یەکتری، وەلێ دواجار هەر چواریان لە پێناو ئامانجێکدان کە ئەویش تیشک خستنە سەر ڕۆڵی ژنی کوردە لە مێژووی گەلی کورد بە تایبەتی و تێکۆشانی ژنانیش لە دنیادا بەگشتی. توێژینەوەی یەکەم، کە درێژترین توێژینەوەی نێو کتێبەکەیە، لەچەند بابەتێکی جیاواز پێکهاتووە کە بۆ هەر یەکێکییان نووسەر بەوردی لەبارەیانەوە دەدوێت. سەرەتا نووسەر باس لە چەمکی (ئافرەتیزم) دەکات کە چەمکێکی تازەیە و لەبەرامبەر فێمێنیزم کە مێیینەی دەگرێتەوە دایناوە. نووسەر باس لەوە دەکات کە ستراتیژیەتی بنەڕەتی چەمکی ئافرەتیزم، بریتییە لە بونیادنانی دیدگایەکی ژنانە کە پایەکانی لە سەر بنەمای یەکسانی مرۆڤەکان و ڕەوایەتی مافەکانیان بونیادنرابێ. نووسەر ئاماژە بەوە دەکات کە ئافرەتیزم تیۆرێک و شوناسێک نییە لە بەرانبەر پەتریاکییەت و پیاو سالاری، بە پێچەوانەوە بەڵکو

دیدگایەکی ژنانەیە کە تیایدا خەبات و تێکۆشانی ژن لە دژایەتی ڕەگەزی نێر نابینێتەوە وەک ئەوەی هەندێک ژن بەو شێوەیە لە فێمێنیزم گەیشتوون. بەڵکو بە پیچەوانەوە لە ئافرەتیزمدا، سیاسەتی یەکسانی و دادی کۆمەڵایەتی و پێشێلنەکردنی مافەکانی مرۆڤ لە سەر بنەمای ڕەگەزدا، لەخۆدەگرێت. ئافرەتیزم چەمکێکە کە هەڵگری ئەو دیدگایەیە کەوەک چۆن ژنان مافییان هەیە و دەبێ ڕەوایەتی بە مافەکانیان بدرێت، بەهەمان شێوە ڕێز لە مافەکانی ڕەگەزی بەرانبەریش دەگرێت لە پێناو نەهێشتنی ستەمی ڕەگەزی. لە ڕوانگەی من وەک خوێنەرێک، بونیادنانی ئەم دیدگایە، یەکێکە لە گرنگترین و پێویسترین پرسی کۆمەڵایەتی و خێزانی و پەروەردەیی لە کۆمەلگەی کوردیدا،چونکە بەداخەوە تاکو ئێستا لە بەشێکی زۆری گوتاری خەباتی ژناندا، جۆرێک لە دیدگای ژنگەرایی زاڵە کە بڕوای وایە لە پێناو بەدەستهێنانەوەی مافەکانی ژندا، پێویستە هەموو مافێک لە پیاو بسەنرێتەوە. کە ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە. چونکە ئەگەر لە بەرانبەر ستەمەکانی پیاودا لە ژن، جۆرێک لە ستەمی دیکەمان هێنا ئاراوە، کەواتە هیچمان نەکرد. دەیان جار وەک پیاوێک گوێبیستی ئەوەبوومە کە وتویانە دەیان ژن لە سەر شەڕەف کوژراون، بەڵام پیاوێک نا. ئاخۆ لە بەرامبەر کوشتنی ژنێکدا (کە هیچ ڕەوایەتییەکی تێدا نییە و دژ بە هەموو بەهایەکە) پیاوێکمان کوشت، دەتوانین هیچ بگۆڕین؟ بۆیە ئەو دیدگایەی نووسەر لە کتێبەکەیدا کاری لە پێناو دەکات کە سیاسەتی یەکسانی دەگرێتەوە، دەکرێ بکرێتە دروشمێکی بنەڕەتی لە خەباتی ژنان و هوشیار کردنەوەیان بەوەی کە ئافرەتیزم بەواتای بەرزکردنەوەی ژنان نییە لە بەرانبەر پیاواندا وەک ئەوەی لە سیستەمی پیاو سالاری و نێر سالاریدا هەیە.هەرلە میانەی ئەو توێژینەوەیەدا، نووسەر ئاماژە بە سەرەتاکانی چەوسانەوەی ژنان و دروستبوونی هزری پیاو سالاری لە سەرەتاکانی قۆناغی سەرەتایی کۆمەلگادا کە لە کۆمۆنەی سەرەتاییدا خۆی دەبینێتەوە دەکات. نووسەر باس لەوە دەکات کە شادەماری چەوسانەوەی ژنان لە ئابوورییەوە دێت.کە بە هۆی زەمینەی دابەشکردنی کارەوە دروست بوو.کاتێ پیاوان کاری دەرەوەیان بۆ خۆیان داناو ژنانیشیان بەکاری نێومال سەرقال کرد. ئیدی جۆرێک لە دەسەلاتگەرایی پیاو هاتە ئاراوە. بەم شێوەیەش لە پەراوێزی بە سەنتەربوونی پیاواندا، ژنان کەوتنە پەراوێزو پیاوسالاری بووە بەشێک لە دیدگاو ڕەفتاری ڕەگەزی نێر. ئەم دابەشکارییە لەڕووی ئەرک و مافدا کە دواجار چەوسانەوەی ژنیشی لێکەوتەوە، لە کۆمۆنەی سەرەتاییەوە درێژ دەبێتەوە و قۆناغە جیاوازەکانی کۆمەلگە دەگرێتەوە تا شۆڕشی پیشەسازی. ئەم شۆڕشە سەرەتایەک بوو کە ژنان درک بەمافەکانیان بکەن، بەڵام دیسانەوە نەیتوانی کۆتایی بەجیاوازی ڕەگەزی و چەوسانەوەی ژنان بێنێت. بەڵکو ئەمجارەیان ژنان لە

میانەی دەستی کارو کارکردنیان، جارێکی دیکە ڕووبەڕووی چەوسانەوەی چینایەتی و ڕەگەزی بوونەوە. بەم جۆرە ستەمکردن لە ژنان درێژەی هەبوو. لە باسێکی دیکەدا، نووسەر باس لە پێگەی ژن لە دەسەڵات و حوکمرانیەتییەوە دەکات، کە وڵاتانی جیهان بەگشتی لە سەرەتاوە بایەخێکی ئەو تۆیان بەڕەگەزی مێ نەداوە، تەنانەت یەکەم وڵات کە مافی بەژندا بەشداری هەڵبژاردن بکات وڵاتی فینلەندا بوو کە سەد ساڵێک لە مەوبەر ئەم مافەی بە ژنان بەخشی.دواتریش بووە نەریتێکی سیاسی و زۆربەی وڵاتان پەیرەویان کرد.لە درێژەی ئەو باسەدا، نووسەر بە وردی ئاماژە بە پێگەی ژنی کورد دەدات لە ژیانی ڕێکخراوەیی و سیاسی و فەرهەنگی.لەو بارەیەوە ڕەخنەی ئەوە دەگرێت کە لە کۆمەڵگای کوردیدا، وێرای ئەوەی ژنی کورد خەباتگێڕو تێکۆشەر بووە و هیچی لە پیاوان کەمتر نەبووە، بەڵام هەمیشە وەک پاشکۆی پیاو بینراوە و مافەکانی لە پەراوێزی مافی ڕەگەزی نێر بووە.هەر لە سەرەتاو پرسی ژن نەبۆتە پرسی سەرەکی کۆمەڵگە و تەنها لە دوای دروستبوونی حزبەکان وەک جوڵانەوەیەکی سیاسی، خەباتی ژنی کوردیش سەرهەڵئەدات. ئەم خەباتە، سەرەتا لە دروستبوونی ڕێکخراوەکانی ژنان و دواتریش بەشداری ژنان لە ژیانی سیاسی و شۆڕشگێڕیی کورددا ڕەنگدەداتەوە. بەڵام وێرای ئەمەش، هێشتا ژنان نەیانتوانی دیدگای پیاوان بۆ مافەکانییان بگۆڕن و ئەو هەستەیان لادروست بکەن کە ژنانیش وەک پیاوان مافیان هەیە و دەتوانن بەشدار بن لە کایە جیاوازەکانی کۆمەڵگە. نووسەر لە بابەتێکی دیکەدا، باس لە مێژووی کاری ڕێکخراوەیی ژنان و دروستبوونی ڕێکخراوەکان دەکات و ڕەخنەی بەشێکیشیان دەکات کە وەک پێویست ڕۆڵ و ئەرکی خۆیان نەبینیوە، دواتر پێگەی ژنی کورد لە دەسەڵات و بەتایبەتیش دوای ڕاپەڕین باس دەکات. بەبڕوای نووسەر، ئەگەرچی ڕاپەڕین گۆڕانکارییەکی مێژوویی وڕادیکاڵی گەورەبوو لە ژیانی کوردانی باشووردا، بەڵام دواتر بە هۆی ململانێی سیاسی و نەبوونی بنەما سەرەتاییەکانی سیستەمی دیموکراسی، بە داخەوە بارودۆخێکی دژوار هاتە ئاراوە کە کۆمەڵگە بەگشتی و ڕەگەزی مێش بەتایبەتی قوربانی گەورەی تیادا. بەبڕوای نووسەر دەبوو لە دوای ڕاپەڕینەوە دەسەڵاتی کوردی بایەخێکی زۆرتری بە پرسی ژنان بدایە، بەڵام بەداخەوە لە ئاست ئەو چاوەڕوانیەدا نەبوو. تەنانەت ژنان وەک پێویست بەشدارییەکی کارایان پێنەکرا لە جومگەکانی حوکمرانیەتی. دیارە ئەمەش لەلایەکەوە ئەگەر بە هۆی بوونی دیدگای پیاو سالاری بێت بەو پێیەی بووەتە بەشێک لە کولتووری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردی، ئەوا هۆکارێکی دیکەیان پەیوەست بە خودی ژنان خۆیانەوە هەیە کە نەیانتوانی بوونی خۆیان بسەلمێنن و تواناو کۆششەکانیان دەربخەن. تەنانەت لەم ڕووەوە نووسەر زۆر بەڕاشکاوی و بێ

هەموو جۆرە خۆپارێزییەک ڕەخنە لە ڕێخراوەکانی ژنان وبەتایبەتیش یەکێتی ئافرەتان و بەتایبەتیتریش سکرتێری پێشووتری ڕێکخراوەکە دەگرێت. کەنەیانتوانی لە چوارچێوەی حزبەکەی خۆشیاندا، هوشیاری بە مافەکانی ئافرەتان لای سیاسییەکان دروست بکەن و فشاریان بۆ بێنن لە ڕێی خەباتی مەدەنی و پیشەیی، کە ئاست و پێگەی ژن بە شێوەیەکی فراوانتر فۆڕمۆلە بکەن.
هەر لە درێژەی ئەو توێژینەوەیەدا، نووسەر لەڕێی هێلکاریی و بە ئامارپێگەی ژن لەخولەکانی ڕابردووی پەرلەمان وکابینەکانی حکومەتی هەرێم و کاندیدکردنیان بۆ هەڵبژاردنەکان دەخاتە ڕوو. کە دیسانەوە ژن شوێنی شایستەی خۆی پێنەدراوە. هاوکات باس لە چەندین ڕوودای دیکەش دەکات وەک شەڕی تیرۆستانی داعش و کارەساتی ژنانی ئێزیدی وەک بە شێک لە پێشێلکارییەکانی دژ بە ژنان و هاوکات ڕۆڵی نەڕێنی ئەو ژنانەش بە ڕاشکاویی و بوێری باس دەکات کە لە سەروبەندی ڕیفراندۆمدا، هەڵوێستی نانەتەوەییان هەبووە و لە سەنگەری عەبادی و فەتلاوی دابوونە دژ بەمافە ڕەواکانی نەتەوەی خۆیان.لە کۆتایی ئەوتوێژینەوەیەشدا نووسەر وێرای چەند دەرەنجامێک هاوکات چەندین ڕاسپاردەش بەمەبەستی پێشخستنی زیاتری دۆزی ژنان دەخاتە ڕوو.
توێژینەوەی دووەمی کتێبەکە تایبەتە بەدیاردەی توندوتیژی دژی ژنان لەهەرێم و هەنگاوەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەودیاردەیە باس دەکات.نووسەرئاماژە بە دامەزراندنی دەزگایەکی تایبەت بە بەدواداچوونی ئەو پرسە دەکات و ڕایدەگەیەنێت کە لە دوای بەردبارانکردنی دوعا،کەکاردانەوەیەکی ناوخۆیی و دەرەکی گەورەی لێکەوتەوە،هەروەها زۆربوونی حالەتی کوشتنی ژنان بە ناوی شۆڕینەوەی نامووس،خودی ڕێزدار (نێچیرڤان بارزانی)وەزارەتی ناوخۆی ڕاسپارد بۆ بەدواداچوون و کردنەوەی دەزگایەکی چاودێری پێشێلکردنی مافەکانی ژنان و سەرەنجامیش بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان دامەزرا کە ڕۆڵێکی گرنگی بینی لە کەمکردنەوەی ئەو پێشێلکارییانە و هاوکات ڕێگری لە کوشتنی ژناندا. هەر لەو توێژینەوەیەدا، نووسەر باس لە جۆرو شێوەکانی توندوتیژی دەکات و لە چەندین ڕووەوە پۆلێنییان دەکات وەک:_ (دەروونی و جەستەیی و ڕوحی و کۆمەلایەتی وسێکسی وسیاسی و یاسایی و ئابووری) دواجاریش بە ئینفۆگرافیکێک ڕێژەکانی توندو تیژی لە پارێزگاکانی هەرێم دەخاتە ڕوو، پاشانیش چەند ڕاسپاردەیەک بۆ ڕێگری لەو دیاردەیە دەنووسێت.

توێژینەوەی سێیەمی ئەو کتێبە، باس لە حاڵەتەکانی جیابوونەوەی هاوسەران و پەرتەوازەیی خێزان کە بەداخەوە لەم ساڵانەی دواییدا تەشەنی کردووە دەکات.لەو

توێژینەوەیەدا نووسەر باس لەجیاکاری جیابوونەوەی هاوسەران لەکۆمەڵگەی ڕۆهەڵاتی دەکات و ڕایدەگەیەنێت کە جیابوونەوەی ژن و مێرد لە کۆمەلگەی کوردیدا، وێڕای ئەوەی دەبێتە تێکچوونی شیرازەی ئەو خێزانە، هاوکات جۆرێک لە هەستی ڕق و تۆڵەسەننەوە لەنێوان ئەو دوو رەگەزە دێنێتە ئاراوە. لەخۆرئاوادا،کاتێ دووهاوسەر لەیەکتری جیادەبنەوە، ئەوا تەنها نێوانی ئەو دووکەسە لە ئاستی پەیوەندیدا ڕەنگە بۆ هەمیشە کۆتایی پێ بێت، بەلام لەکۆمەلگەی کوردیدا،جیابوونەوەی هاوسەران دەبێتە مایەی نیگەرانی و لێکترازانی چەندین خێزان و بنەماڵەی هەردوولا تا ئەوڕادەیەی کۆتایی بە هەموو پەیوەندییەک لە نێوانیان دەهێنن. وێڕای ئەمەش لە دیاردەی تەلاقدا،مندالان قوربانی یەکەمن و بێ سەرپەرشت دەمێننەوە .لەزۆر کاتیشدا وەک ئامرازێک بۆ شەڕی دەروونی لە نێوان دایک و باوکدا بەکاردەهنرێن.بەڵام لە خۆرئاوادا، منداڵان دەتوانن دایک و باوکییان لەیەک کاتدا دیدەنی بکەن بەبێ ئەوەی ئەوجیابوونەوەیە ڕەنگدانەوەی بەدیوێکی ئەرێنی لە سەرژیانیان هەبێت. هەرلە درێژەی ئەو توێژینەوەیەدا،نووسەر ئاماژە بە هۆکارەکانی جیابوونەوە دەدات و لەچەند خاڵێکدا چڕیان دەکاتەوە وەک:_ (ناپاکی/ نەگونجان لەگەڵ یەکتری/ نەخۆشی/ جیاوازی تەمەن/ هێنانی ژنی دووەم/تەکنەلۆژیا/ جیاوازی تەمەن) و گەلێک هۆکاری دیکە. ئەمەش لە ڕێگەی ئامارێکەوە دەخاتە ڕوو. بە پێی ئامارەکە، زۆرترین وبەرزترین ڕێژەی جیابوونەوە هۆکارەکەی نەگونجانە لەگەڵ یەکتری.بێگومان ئەو نەگونجانە،دەرەنجامی بەریەککەوتنی جیاوازییەکانی سروشتی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی کەسەکانە کاتێ لە چوارچێوەی ماڵێکدا و ڕۆژانە بەیەکەوە دەژین.بۆیە لەڕوانگەی نووسەرگرنگە کەسەکان بەرلە چوونە نێو پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە،هەر لەسەرەتاوە شارەزایی لە خەسڵەت و تایبتمەندی یەکتری وەربگرن و لە ڕووی ڕوحی و دەروونی و هزرییەوە ئاشنای یەکتری ببن.بۆئەوەی لە نزیکەوە کەسیەتی یەکتربناسن وسەرەنجامیش دیاردەی جیابوونەوە دروست نەبێت کە کاریگەریەکی گەورەی ڕوحی لە سەر ژیانی ئافرەت هەیە و ڕەنگە تا مردن بۆشاییەک لە ژیانی بێنێتە ئاراوە کە بە هیچ شتێک پڕنەکرێتەوە.هاوکات هەر بە پێی نەخشەکە، بەرزترین ڕێژەی جیابوونەوە لەنێوان کەسانی نەخوێندەواردایە.لە وڕوانگەیەشەوە نووسەر باس لە گرنگی خوێندن و هوشیاری ژنان بە مافەکانیان دەکات. چونکە چەند ژنان هوشیار ببنەوە، ئەوەندە درک بەمافەکانیان دەکەن.بۆیە گرنگە ڕێژەی خوێندەواری لە نێوکۆمەلگە بەرزبکرێتەوە. لەکۆتایی ئەو توێژینەوەیەشدا، نووسەر چەند ڕاسپاردەیەک لەبارەی ڕێگری لە حاڵەتەکانی تەلاق دەخاتە ڕوو بۆئەوەی لەداهاتوودا خێزانێکی تەندروست وهوشیارو بیرکراوە دروست ببێت.

توێژینەوەی چوارەم و کۆتایی ئەم کتێبە، تەرخانە بۆ باسێکی ئەدەبی لە بارەی شیعرەکانی زەینەب خان.بەرلەوەی ڕانانێکی خێرای ئەو توێژینەوەیەش بکەین، بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە بابەتیک بکەم. زستانی ساڵی ڕابردوو٢٠١٨، دوای ئەوەی دیوانی (زەینەب خان)دەرچوو، وەک خوێنەرێکی ئەدەبیات دیوانەکەم کڕی و خوێندمەوە. کاتێ لەوشیعرانەبوومەوە (کەخۆشبەختانە وتارێکیشم لەبارەی شیعرەکانییەوە نووسی) گەیشتمە ئەو دەرەنجامەی کە (زەینەب خان) یەکێک لە بە تواناترین شاعیرە ژنە گومناوەکانی کورد لە سەدەی بیست کە توانای شیعری هاوشێوە و بگرە زیاتری شاعیرە پیاوەکانیش بووە. شیعرەکانی زەینەب خان، لە ئاستی ناوەڕۆکدا هەڵگری چەندان گوتاری جیاوزن و ئەوە دەهێنن لە چەندین ڕووەوە لێکۆڵینەوەیان لە بارەوە بکرێت.گومناوبوونی ئەو شاعیرە بەبڕوای من، ستەمێکی دیکەی کۆمەلگەی کوردییە لەڕەگەزی مێ کە لەپەراوێزی بە سەنتەربوونی نێر لە هەموو کایەکانەوە لێی کراوە. دەنا چۆن دەبێت دوای ئەو هەموو ساڵە تازە خوێنەری کورد ئەوشاعیرە ژنە داهێنەرە بناسێت؟ خاتوو مەهاباد توێژینەوەی چوارەمی ئەو کتێبە بە بەهایەی خۆی بۆ ئەزموونی ئەو شاعیرە ژنە تەرخانکردووە.بەبڕوای نووسەر، زەینەب خان یەکێکە لە بەتواناترین ژنە شاعیری کوردو لەدوای مەستوورەی ئەردەلانی ئەستێرەی درەوشاوەی ئەدەبی کوردییە لە سەدەی ڕابردوودا.شیعرەکانی زەینەب خان، دەشێ لە چەندین کلاوە ڕۆژنەوە بخوێنرێنەوە.یەکێکیش لەو خوێنەوانەی کە بە میتۆدی ڕەخنەی شیکاری نووسەر کاری لەسەر کردووە، دەرەخستنی جۆرەکانی هوشیارییە لە شیعری زەینەب خاندا. نووسەر باس لەوە دەکات کەلە دووتوێی ئەزموونی ئەو ژنە داهێنەرەدا، خوێنەر بەرچەندین جۆری هوشیاریی (چینایەتی و نەتەوایەتی و فێمێنیزمی و ژینگەیی) دەکەوێت.بۆهەریەک لەو جۆرە هوشیاریانەش،نووسەرنموونەی بەرجەستەی لەشیعرەکان هێناوەتەوە و لەڕێی میتۆدی ڕەخنەی شیکارییەوە دەریخستوون.بێگومان ئەمەش گوزارشتە لەوەی کە زەینەب خان خۆی کەسێکی هوشیاربووە و چەندین زمانی زانیوە، ئەو هوشیاریەش لەشیعرەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە.هەرلە درێژەی ئەو باسەدا، نووسەر ئاماژە بە دیدگایەکی دیکەی شیعری زەینەب خان دەکات کە ئەویش سەربەخۆیی خوازیبووە.بەبڕوای نووسەرو لە پەراوێزی شیکردنەوەی شیعرەکانیدا، دەردەکەوێت کە زەینەب خان وەک ژنێک دیدێکی سەربەخۆخوازانەی هەبووەوە بڕوای بەمافی سەربەخۆیی گەلی کورد هەبووەوە لەوبارەیەوە شیعریشی نووسیوە.ئەو سەربەخۆیەش،بەرمەبنای یەکگرتووی کورد وهاوهەڵوێستییان دەزانێت.بۆیە لە شیعرەکانیدا جەخت لەو یەکگرتوویە دەکاتەوە.

لەلایەکی دیکەوە نووسەر باس لە سیمایەکی دیکەی شیعری ئەو شاعیرە دەکات کە ئەویش ئەقڵگەراییە. زەینەب خان لە شیعرەکانیدا، دیدگایەکی ئەقڵانی هەیە بۆ ژیان ودەوروبەر.خوێنەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ دیاردەکانی بوون و ژیان، دەرەنجامی ئەقڵخوازی و لۆژیکخوازییە. لەو بارەیەشەوە چەندین نموونەی شیعری دێنێتەوە. بەگشتی نووسەر لەبارەی ئەزموونی شیعری ئەو ژنە شاعیرە گومناوەی کورد دواوە و شیعرەکانی لەگەلێک ڕووەوە شرۆڤە کردوون. ئەو توێژینەوەی خاتوو مهاباد، لەڕاستیدا منی وەک خوێنەرێک هاندا کە جارێکی دیکە بگەڕێمەوە سەر دیوانی زەینەب خان و لە دەرفەتێکدا جارێکی تر لە بارەیەوە بدوێین. لە کۆتاییدا دەستخۆشانە لە نووسەر دەکەم بۆ نووسینی کتێبی (ئافرەتیزم). ئەوکتێبە، خوێندنەوەی چەند بۆ ژنی کورد پێویست و گرنگە،ئەوەندە زیاتریش بۆ خێزانی کوردی و پیاوی کورد پێویستە. چونکە تیشک دەخاتە سەر چەندین کێشەی خێزانی و پەروەردەیی و سایکۆلۆژی و فەرهەنگی کە پێویست دەکات خێزان لە بارەیانەوە شارەزایی هەبێت....

پەراوێز/ئافرەتیزم/نووسینی/مهابادقەرەداغی/ساڵی چاپ ٢٠١٨ هەولێر.لە چاپکراوەکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان...

کام خود نووسینەوەی ژنان؟!

سەدیق سەعید ڕواندزی

ماوەیەک لەمەو بەر، لە یەکێک لە ژمارەکانی گۆڤاری (شیکار)دا، کە ئەگەر هەڵە نەبم ژمارە بیست و هەفت بوو، نووسینێکی کورتی خانمە نووسەرێکم خوێندەوە، کە تیایدا باسی لەو بەربەست و گرفت و ناخۆشییانە دەکرد، کە ئەو لە سەرەتای تەمەنییەوە تاکوئێستا هەر لە مردنی دایک و باوک و براوجیابوونەوە لە هاوسەرکەی، کارکردن و هەڵسوکەوتی بەشێک لە پیاوان لە میانەی کارکردنی خۆی وەک ڕۆژنامەنووسێک، تاکو وەرگرتنی چارەسەری دەروونی دەکرد. ئەم نووسینە، یەکێک بوو لەو بابەتانەی کە ڕەنگە تا مردن لە هزری مندا بمێنێتەوە. ئەمەش نەک لەبەر ئەوەی ژنێک نووسیویەتی، نەک لە بەر ئەوەی ئەو خاتوونە باسی ژیانی سەختی خۆی دەکات و بەزەییم پێدا هاتبێتەوە کە مرۆڤ شایستەی ڕێزە نەک بەزەیی، بەڵکو تەنها لە بەر ئەوەی زۆر بوێرانە وڕاشکاوانە، باسی ژیانی نهێنی و تایبەتی خۆی کردووەوە خستوویەتییە ڕوو. ژیانێک کە ڕەنگە هەزاران ژنی تری وەک ئەو بینیبێتیان و ئەزموونیان کردبێت، وەلێ تەنها لە بەر ئەوەی ژنن، ئەوا لە ترسی کۆمەڵگە و دەوروبەر، ناتوانن و بوێرییان نییە باسی بکەن. بۆنموونە: ئەو نووسەرە بە ئاشکرا باس لەوە دەکات کە چارەسەری دەروونی وەردەگرێت، لە کاتێکدا هەزاران کەس لەو کوردستانە گرفتی دەروونییان هەیە، کەچی شەرم دەکەن باسی بکەن و بچنە لای پزیشکی دەروونیش. بۆیە کاتێ لە خوێندنەوەی کتێبی (خود نووسینەوەی ژنان)بوومەوە کە (هۆزان مەحمود) ئامادەی کردووەوە گێڕانەوەی بەشێک لە ناخۆشی و تراژیدیای ژنانی ئێمەیە،پرسیارێک وەک خوێنەرێک کە یەک ڕاست لە خۆمم کرد ئەوەبوو، بە ڕاست ئەو نووسەرە چی نووسیوەتەوە لە کتێبەکەیدا؟ جیاوازییەکەی لە کوێدایە؟ شتێکی نوێی وتووە کە پێشترنەبووبێت و تەنها ئەو داهێنەری بێت؟. ئەمانە و گەلێک پرسیاری دیکەش. ئەم کتێبە، لە گێڕانەوەی سەرگوزشتەی ژیانی چەند ژنێک پێکهاتووە، لە هەر چوار پارچەی کوردستان. کە باسی

ژیانی خۆیان و ئەو گرفتانەش دەکەن کە هاتوونەتە ڕێیان و توانیتیان ئەو بەربەستانە ببڕن. بێگومان نکۆڵی لەوە ناکرێت، کە ژنی کوردیش وەک هەر توێژێکی دیکەی کۆمەڵگەی کوردی، ڕووبەڕووی سەختی و نەهامەتی و گرفتی زۆر بۆتەوە. وەک هەر تاکێکی دیکەی کۆمەڵ، ئەویش بەشی خۆی لەو ئازارو دەردە سەرییانە چێشتووەوە کە ڕووبەڕووی زۆربەی هەرە زۆرمان بوونەتەوە. بە تایبەتیش لە باکوورو ڕۆژهەلات و ڕۆژئاواو، کە کوردستانی باشوور بە بەراورد لە گەڵ ئەو بەشانەی دیکەی کوردستان، تا ڕادەیەک ئازادی و سەربەستی هەبووە، بە تایبەتیش لە دوای ڕاپەڕینەوە. بۆیە ئەوە بە تەنها ژنێک نییە ئازاری دیبێت و شایستەی گێڕانەوە بێت، بەڵکو زۆربەیان وەهان. بۆنموونە: یەکێک لەو ژنانەی لە کتێبەکەدا باسی سەختی ژیانی خۆی دەکات ئەوەیە، کە چۆن ڕژێمی بەعس کوڕەکەیان لە سێدارە داوەو ئەویش خۆڕاگرنە، وەک دایکێکی جگەر سووتاو ڕووبەڕووی ئەو خەمە گەورە و کۆستە قووڵەیە بۆتەوە. هەڵبەتە ئەو دایکە نموونەی خۆڕاگری و بەرگرییە، بەڵام ئاخۆ زۆربەی دایکانی کورد، کوڕەکانییان بە دەستی بەعس لە سێدارە نەدراون؟ زۆربەیان ئێستاش لە چاوەڕوانی هاتنەوەی کوڕەکانیان دانین؟ کەواتە ئەمە بە تەنها چیرۆکی ژنێک نییە، بەڵکو چیرۆکی هەموو ژنان و دایکانی کوردە. بە بڕوای من، باسکردن لە قوربانی و خۆڕاگری ژنی کورد، بەبێ باسکردن لە (دایکە عایشە) باسکردنێکی ناتەواو دەبێت. ئەم دایکە، نەک هەر خۆڕاگرە، بەڵکو سیمبولی بە هێزی و خۆڕاگری هەموو ژنانی کوردە. ئەم دایکە کۆڵنەدەرە، لە یەک سات و بە یەکجار، سێ کوڕی پێشمەرگەی قارەمانی لە شەری تیرۆستانی داعشدا، لە بەرواری ٢٥/١٠/٢٠١٤لە زوممار لە دەستدا. ئەم دایکە، لە کاتێکدا تەمەنی لە سەرووی هەشتا ساڵییەوەیە، کەچی ئەو کۆستە نەک هەر نەیهێخست، نەک هەر نەی ڕووخاندو نائومێدی نەکرد، بەڵکو قارەمانانە دەیگوت: لە ڕێی کوردستان خوێنیان ڕشت و سەربەرزییە بۆ من. بێننە بەرچاوی خۆتان، دایکێکی بە ساڵاچوو، لە چرکەیەکدا، سێ جار کزە لە جەرگییەوە بێت، دەبێ نموونەی چ جۆرە ژن و قارەمانییەتی و خۆڕاگرییەک بێت؟ کێ دەتوانێت بەرگەی لە دەستدانی سێ لە منداڵەکانی تەنانەت ئەگەر بچووکیش بن بگرێت؟چ داستانێک هەیە، لەوە قارەمانتروشایستەتر؟ مەگەر ئەمە ئەو پەڕی خۆڕاگریی و ئازایەتی نییە و شایەنی ئەوە نییە لە پێشەوەی هەموو چیرۆکەکانی دیکەی

خود نووسینەوەی ژنان بێت؟ئەگەر باس لە نەهامەتی و سەختییەکانی ژیانی ژنانی کورد بێت، چ نەهامەتی و خەمێک هەیە لەو بە ئازاترو بە سوێتر. بۆیە دایکێک ئەگەر کوڕەکەی لەدەست دابێت، یەک جار نموونەی خۆڕاگری بێت، ئەوا دایکە عایشە سەدان جار وەک ژنێک نموونەی خۆڕاگری ژنی کوردە. ئاخۆ ئەم قوربانیدانە، سەدان جار بە بە هاترو دیارتر نییە، لە نموونەی چیرۆکی ژیانی ژنێک کە بڕوانامەیەکی زانکۆیی، لە ئارامترین وخۆشترین وڵاتی دونیا دێنێتەوە؟. نموونەی قوربانیدان و خۆڕاگری ئەوە نییە کە ژن لە کەشێکی ئارام،ژیانێکی شایستە و بێ کێشە، بڕوانامەیەک بێنێتەوە، یاخو باسی جەستە بکات لە شیعردا،بێگومان ئەمەیش جۆرێکە لە قوربانیدان و هاتنەوە بە گژ نەریتەکانی کۆمەڵگە و پیاو سالاریی، وەلێ نموونەیەک نییە لە قوربانیدانێکی گەورە و خۆڕاگرییەکی بەرز. چونکە مێژووی تێکۆشانی ژنی کورد، پڕە لە چیرۆکی گەورەی قوربانیدان و سێدارە و گەلێک سەختی دیکە.تەنانەت سەرنووسەری ئەم گۆڤارە، لە تەمەنی چواردەساڵیدا، بەعس دەیگرێت و زیندانی دەکات و وەک خۆی لە کتێبی ساڵێک لە دۆزەخ باسی دەکات، کە جگەرەیان بە سنگی کوژاندۆتەوە. مەبەستی من ئەوەیە، کە مێژووی تێکۆشانی ژنی کورد، زۆر قوربانی دیکەی تێدایە. ئەوەی لە دوو توێی ئەو کتێبەدا خراوەتە ڕوو، ڕەنگە بە بەراورد لە گەڵ قوربانیدان و تێکۆشانی دیکەی ژنانی تر، چیرۆکێکی ئاسایی بێت. بۆنموونە: من هیچ بوێرییەک لەوەدا نابینم، ژنێک بڕوانامەیەکی بەرزی زانستی لە وڵاتێکی وەکو فەرەنسا بێنێتەوە، چونکە هەموومان دەزانین هەلومەرج و بارودۆخی ژیان لەو وڵاتەدا، بە بەراورد لەگەڵ وڵاتی خۆماندا چۆنە. ئەگەر ئەمە بەراورد بکەین بە خۆڕاگری ئەو ژنە گەرمیانییەی هەموو ئەندامانی حێزانەکەی ئەنفال کراون وبە تەنها ماوەتەوە، ڕەنگە خۆڕاگرییەکی ئەو تۆ نەبێت. بۆیە لەو کتێبەدا، گەلێک خود نووسینەوە دەبینین کە شتێکی ئەو تۆیان تێدانییە، کە وەک لاپەڕەیەکی قوربانیدانی ژنی کورد ببینرێت.تەنانەت یەکێکیان باس لەوە دەکات کە لەدوای ڕاپەڕین، مافورێکی کاشانی هەبووەو لێیان دزیوە و ئەویش زۆر خەفەتی خواردووەو هەموو شتێکی لەبەرچاو کەوتووە (ل١٨١ی کتێبەکە). یان هەیانە باسی خەتەنەکردنی ژن و ئەزموونی شکستخواردووی هاوسەرگیری خۆی دەکات، هەرچەندە بەخۆشەویستیش ئەو کەسەی وەک هاوبەشی ژیانی دەست نیشان کردبوو. ئەمانە، چ

خۆڕاگریی و داهێنانێکییان تێدایە، تاکو ئامادەکاری کتێبەکە، وەک چیرۆکی بوێریی و قوربانیدان و خۆڕاگری بەشێک لە ژنان بینووسێتەوە و بە خوێنەرانی کتێبەکەی بفرۆشێتەوە؟ مەگەر ژن هەیە لەو دایکە ئێزیدییە خۆڕاگرتر، کە نۆکوڕی بەدەستی تیرۆرستانی داعش لە نێوبردراون؟مەبەستی من وەک خوێنەرێک بە هیچ شێوەیەک ئەوە نییە کە چیرۆکی ژیانی ئەو ژنانە نادیدە بگرم و بەکەم سەیریان بکەم، بە پێچەوانەوە، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە، کە ژیانی زۆر ژنی تر، شایستەی نووسینەوەو لە سەر وەستان و بینینە. بەشی زۆری ئەوانەی لەو کتێبەدا چیرۆکی ژیانی خۆیان گێڕاوەتەوە لە مەنفاو لە ژیانی بێ کێشەی ئەوروپان، کەواتە ئەگەر باسی سەبەرستی و ئازادی و هاتنەوە بەگژ ئەقڵی پیاو سالاریش بکەن، هیچ داهێنانێکی تێدا نییە. سەرکەوتنی ژیان ئەوەنییە چۆن بەربەستەکانت بریون، بەڵکو دواتر چیت کردوەوە بۆ خزمەتی گەل و خاکەکەت ئەوە گرنگە.هیچ توێژێک هێندەی ژنی کورد، چەوساوەو بێ دەرەتان نییە، ئەو لەیەک کاتدلە ژێر چەوسانەوەی کۆمەڵایەتی، ئایینی، خێزانی و کولتووری دایە. توێژێکە هاوشانی پیاو لە خەبات و تێکۆشان و سەختییەکانی ژیان دابووە، وەلێ وەک ڕەگەزەکەی تر، هەموو مافێکی نییە. ئەوە گرنگە ژنێک کاتێ چیرۆکی ژیانی خۆی دەنووسێتەوە، لە پەراوێزییەوە ئەوە ببینین چی کردووە بۆ ئەوەی هاوشوناس و هاوڕەگەزەکانی، ئاشناتر بکات بە مافەکانیان؟ ئامادەکاری کتێبەکە، گەرچی لە پێشەکی کتێبەکەیدا باس لەوە دەکات کە نابێ هەر تەنها ژن وەک بوونەوەرێکی قوربانی ببینین، وەلێ هەر خۆی لە کتێبەکەیدا، چیرۆکی بەشێک لەو ژنانە دەخاتە ڕوو. تەنانەت یەکێکییان باس لەوە دەکات کە دوای ئەوەی بۆماوەی ساڵێک هاوسەرگیری کردووەو دواتر جیابۆتەوە، ئێستا وەک زیندانییەک لە نێوان خێزان و کۆمەلگە خۆی دەبینێت. مەگەر ئەمە جۆرێک نییە لە قوربانی دەستی پیاو و ژیانی هاوسەرگیری؟ چونکە هەمووما‌ن دەزانین کاتێک ژنێک لە پیاوەکەی جیا دەبێتەوە، چ ئازارێکی گەورەی دەروونی و ڕوحی دەکێشێت.دواجار دەمەوێ لە بارەی بەرگی کتێبەکەوە سەرنجێک دەرببڕم. لە بەشی پێشەوەی بەرگی کتێبەکەدا، وێنەی ژنێکی بە ساڵاچوو داندراوە، کە بە تاسەوە مژ لە جگەرە دەدات و لە چاوەڕوانی و ڕامانێکی قووڵدایە. بێگومان هەمووما‌ن دەزانین، کە جگەرە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، وەک کردارێک بۆ دووركەوتنەوە و ڕەوینەوەی خەم دەبینرێت، وەلێ ئاخۆ جگەرە

لە ڕووی تەندروستییەوە زیانێکی زۆر بە تەندروستی مرۆڤ ناگەیەنێت؟ زەقکردنەوەی ئەو وێنەیە، بە بڕوای من ڕەوایەتی دانە بەو دیاردەیە لە نێو ژنانی ئێمەدا، لە کاتێکدا بە پێچەوانەی ژنانی خۆرئاوا، ژنی ڕۆژهەلاتی و ژنی کوردیش بە تایبەتی، زۆر بەکەمی جگەرە دەکێشن. نازانم چ هونەرکارییەک لەو وێنەیە دایە، مەگەر نیشاندنی ئەو وێنەیە، خۆی لە خۆیدا ڕەنگدانەوەی ئەو ئەقلّیەتە نییە کە ژن وەک بوونەوەرێکی لاواز، بێ هێزو دەسەلات و قوربانی دەبینێت؟!!!...

پەراوێز: ناوی کتێب: خود نووسینەوەی ژنان، ئامادەکردنی: هۆزان محمود، بلاوکراوەی پڕۆژەی کتێبی نووسیار_٢٠١٩).



«دۆزەخ بە جەستەوە»
کتێبێک دەربارەی ئەنفال بە زمانی ئیتاڵی

لە نووسینی تاریق بزێنێ

دۆزەخ بە جەستەوە دەیەوێ تیشکێکی خۆر بکاتە سەر کارەساتی گەلی کورد بە گشتی و ئەنفالەکان بە تایبەتی .
ئەم کتێبە کۆمەڵێ رووداو ئەگێڕێتەو کە لە کۆتایی دا هەر هەموویان لە کارەساتدا پێکەوە ئەبەستێتەوە .سەرەتا گێڕانەوەی خوو نەریتی گەلی کورد ئەگێڕێتەوە، هەتا کوولتوری گەلی کورد بە ئیتالیەکان بناسێنێ .
نووسەری ئەم رۆمانە گەشتەکەی دەگێڕێتەوە کە دوای سی ودوو ساڵ بە جێهێشتنی، بۆ وڵاتەکەی خۆی کە کوردستانە دەگەڕێتەوە. دیدەنی لەگەڵ خێزانەکەی خۆی ئەوە پێشان ئەدا کە زۆر شت گۆڕاون، نەک هەر لە سیماو شێوەی دایکی کە ئازارو ئەشکەنجە پەکی خستووە ، گەرچی سەرەتا نایانەوێ باسی ئەو ساتانە بگێڕنەوە، بەڵام دوای سەردانی ماڵ و شارو گوندەکەی زۆر کارەساتی دڵتەزێن پێ ئەزانێ.
لە بەشی دووەمی رۆمانەکە گێڕانەوەی بەسەرهاتی کچەکەی بەرگی رۆمانەکەیە کە مریەمی خووشکێتی، کە دوا وێنەی ئەو لاوەیە پێش گرتنی کە تەمەنی حەڤدە ساڵ بوو. بەکورتی باسی ئەوە ئەکا لە ساتی دەستپێکردنی ئەنفالەکان چۆن هەوڵی رزگارکردنی ئافرەتێکی سک پڕی داوە لەگەڵ سێ منداڵ و لە ئەشکەوتێ حەشاری داون، گەرچی بە هۆی گریانی یەکێ لە منداڵەکانەوە ئاشکرا دەبن و دەکرێنە نێو زیلی سەربازیەوەو دوای سەلمان پاک ڕەوانەی نوگرەسەلمان دەکرێ، لە بەندیخانە رۆڵی وەرگێڕو یارمەتی دەری کوردە زوڵملێکراوەکان دەگێڕێ، ئەمەش دەبێتە هۆی سەرنج ڕاکێشانی ئەفسەرێک و بزواندنی هەستی و هەوڵی رزگارکردنی دەدا، زۆر شتی چاوەڕوان نەکراو ڕوودەدا و رۆمانەکە سەرنجی خوێنەران بەرەو رووداوەکان رادەکێشێ، گەرچی دەزانین چی کۆتاییە چاوەڕوانی راگوێزراوەکان دەکات، جگە لەوەی رۆمانەکە پڕە لە وشەی کوردی وەکوو نان، خەنجەر، تەندوور، گۆزە، کارێز، پشتێن، باپیرە، نەنک، خشت، بەیان، سەربەست، نەبەز، ئاواز و ناوی چەند شارو شارۆچکەیەک، ئەمەش وای کردوە کە خوێنەرانی ئیتاڵی هۆگری ببن و بۆتە جێگای بایەخیان و کەوتوونەتە کڕینی رۆمانەکە و بەتایبەتی

قوتابخانەکان وەکوو کتێبێکی کوولتوری پڕ بایەخ .

ئەمە زۆر بە کورتی ناوەڕۆکی رۆمانەکەیە. لە پەیوەندی لەگەڵ نووسەری ڕۆمانەکە، فەرمووی دیالۆگێکی زۆر بەدی دەکرێ لە کاتی خوێندنەوەی هەر نۆ بەشی ڕۆمانەکە، خەڵکانێک لە ئیستاوە داوای ئەوە دەکەن و پرسیار دەکەن ئایا بەرگی دووەمی دەردەچێ، ئەمەش مانای وایە لە ماوەیەکی یەکجار کورتدا رۆمانەکە زۆر بە خێرایی بڵاو بۆتەوە و کاریگەری خۆی لای خوێنەری ئیتالیزمان داناوە.







هێرۆ کوردە شاعیر و توێژەرێکی بوێر و جیاوازی ئەدەبیاتی ئیرۆتیک

ستار جەباری . کەرکووک

پێش ئەوەی بچینە سەر خاڵی مەبەست پێمباشە به پێناسەی ئەدەبی ئیرۆتیک یان ئیرۆتیزم Eroticism ڕێی چوونە نێو باسەکەمان روونتربکەینەوە..ئیرۆتیزم Eroticism بەو بەشە ئەدەبیاتە دەوترێ کە ئەدەبێکی ئەویندارییە و جەخت لە خواست و ئارەزوو و چێژەکانی جەستەئەکات. ئیرۆتیزم لەوشەی eros ی یۆنانی کۆن وەرگیراوە ، لە ئەفسانەکان بۆ خواوەندی ئەڤین و خۆشەویستی بەکار هاتووە. بۆ یەکەمجار ئەم وشەیە لە ساڵی (١٧٩٤) لە لای نووسەری فەرەنسی (ریتیف دی لابریتون) بەمانای ئارەزوی سێکسی بەکار هاتووە. هەر لە لای هەمان نووسەر لە ساڵی (١٧٩٦) وشەی پۆرنۆگرافی (pornoghraphy) بەکارهێناوە، لە نووسینێکی بەناونیشانی « پۆرنۆگرافی، لێکۆڵینەوەیەک لە لەشفرۆشی» پۆرۆنگرافی، واتا ئەدەبی سێکس» گشت ئەو نووسین و ئەو وێنانەی ئەگرێتەوە کە لەبارەی ژنی لەشفرۆش و ژیان و ڕەوشتی دەگرێتەوە.لە ئەدەبی یۆنانیدا «ئۆڤید» لە کتێبی شعری «هونەری ئەوین» دا کە لەسەدەی یەکی زاییندا نووسیویەتی، بەیەکەم هێمای ئەدەبی ئیرۆتیکی ئەژمێردرێ. ژنە شاعیری یۆنانی «ساڤۆ»ش لە هەمان سەردەم، یەکەمین دەنگی مێینەیە، کە گوزارشت لە ئەوین و سێکس بکات. نووسەری بەناوبانگی ئێران عەباس مەعرووفی جوانترین پێناسەی بۆ ئیرۆتیزم کردووە و زۆر بە کورتی و و بە پوختی گوتوویەتی:»ئیرۆتیزم واتە دۆزینەوەی جوانیی ئاشقان، واتە ئاشقانە دۆزینەوەی جوانی..

نووسەر ە ڕووناکبیر ڕێبوار سیوەلی بەمجۆرە پێناسەی ئیرۆتیک دەکات و دەڵێی: (جگە لەوەی جەستەی تاکەکەس لە کۆمەڵگادا لەبەردەم هەڕەشەدایە، ئاواش ژیانی سێکسی و ئیرۆتیکییانەی ئێمە لە مەترسیدان. ئەگەر بە پێناسەیەکی سادە، سێکس دیوە جەستەییەکەی مەیل و ئارەزووەکان بێت، ئەوە ئیرۆتیک، دیوە مەعنەوی و ڕۆحییەکەیەتی. ئەگەر سێکس وەڵامدەرەوەی پێویستییە جەستەییەکانی تاکەکەس بێت ئەوا ئیرۆتێکا پڕکەرەوەی پێویستییە ڕۆحی و مەعنەوییەکانێتی. سێکس ئارەزووی

تێربوون دەیبزوێنێ و ئیرۆتیک ئارەزووی شوناس دروستکردن. بۆیە جیاکردنەوەی سێکس لە ئیرۆتێک، شەبەقێکی گەورە دەخاتە ناو شوناسی ئێمەوە، بە جۆرێ نە تاکەکەس لە سێکس تێر دەبێت و نە ئاسوودەییش دەبێتە بەشێک لە شوناسی ئێمە.)...

ئیرۆتیزم لە دەقی کوردیدا:

بۆ ناسینی سەرچاوەکانی ئیرۆتیزم لە ئەدەبی کوردیدا، نابێ لە ئەدەبی نووسراوی ئەو میللەتەوە دەست پێ بکەین، بەڵکو پێویستە زۆر بۆ دواوەتر بگەڕێینەوە و بچینەوە بنج و بناوانی حەیران و بەیت و گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان. ئەوەتا حەیرانبێژ دەڵێ: سینگی کچەتیمە حەیرانەکەم بەمن بمینی بە باخەکەی شەددادی... یان: ئەوە کچ دەڵێ، ئەمن سینگی خۆمت بۆ دەکەم بە کاغەزێکی مەرجان و مەمکی خۆمت بۆ دەکەم بە قەڵەمێکی فەرەنگی شەو هەتا رۆژێ وەکوو مەلای دوازدە عیلمێ لەسەر بکەیتەوە موتاڵایە»١» .. لەگەرمیانیش مەقامبێژ لەگەڵ مەقامە رەسەنەکەی « ئای ئای»دا ئێژێ: شوکرانەم وەتۆ خودای بی خەیاڵ، شەوگاری ئیمشەو بۆم بکەی وەساڵ، ئیمشەو تا بەیان دەم لەناو دەم بوو، دەسم سەڕافەی ناو سینە و مەم بوو»٢» ..

ئەدەبی نووسراوی کورد کە بە شیعر دەستی پێ کردووە، لێوانلێوە لە وێنەی ئیرۆتیکی، پاشخانەکەشی دەچێتەوە سەر دوو سەرچاوە:

١ـ زەین و روانینی کورد بۆ مەسەلەی جوانییەکانی رەگەزی بەرامبەر (ژن بۆ پیاو و پیاو بۆ ژن).

٢ـ دەوڵەمەندیی ئەدەبی زارەکیمان لەو بوارەوە، کە دەکرێ هەر وێنەیەکی بکەیتە تابلۆیەکی جوان. بۆ نموونە شاعیر هێمن موکریانی دەڵێ: شلکەڕانی بگوشم، بۆنی لە سینە و مەم کەم..

ئیرۆتیک لای ژنە شاعیرەکانی کورد:

لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەوە چەندین ژنە شاعیری کوردی بوێر رویان لە نووسینی شیعری ئیرۆتیکی کردووە و توانیویانە زۆر بەجوانی گوزارشت لە هەستی ژنانەی و عەشق و خۆشەویستی و خەیاڵی خۆیان بەبی گوێدانە سانسۆری داب و نەریتی دواکەوتووی کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی بەگشتی و کوردی بەتایبەتی دەرببڕن، لەوانە :(نیگار نادر و دڵسۆز حەمە و شنۆ محەمەد زاخۆیی و نازندە بەگی خانی و هێرۆ کوردە.....هتد).ئاخر لە کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتدا بەگشتی ژن بوون ئاستەمە و جا چجای شاعیربوون و دەسبردن بۆ ئەدەبیاتێک لەشیوەی ئیرۆتیک! . وتەیەک هەیە

دەڵێ: (ژنێکی ڕۆژئاوایی نووسی: نامەوێ وەکو تۆ بم، نامەوێی وەکو من بی، ئەمەوێ وەکو یەک بین، خەڵاتی نۆبلی پی بەخشرا ..!
ژنێکی ڕۆژهەڵاتیش نووسی: نامەوێ لە سەروی من بی، نامەوێ لە سەر وی تۆبم، ئەمەوێ شان بە شان بین، تریبوونی»ییی» لێ سەندرایەوە..!).

دووانەی ئیرۆتیک و هێرۆ کوردە:

«هێرۆ کوردە» جیا لەوەی یەک لە ژنە شاعیرە پێشەنگەکانە لە بواری نووسینی شیعری ئیرۆتیک و دوو کۆمەڵە شیعری چاپ کراوی هەیە لەم بووارە، بەناوەکانی (سوتانەکانم لەوەرزی فرێندا ٢٠٠٧) و (دەنووسم یوسف٢٠١٣) لی جیاوازە لەوانیتر بەوەی وەکو پسپۆرێکی لەو بوارەدا توانیویەتی دوو توێژینەوەی ئەکادیمی و زانستی و مێژوویی لە بواری ئەدەبیاتی ئیرۆتیکدا بنووسێتەوە ، یەکەمیان: لە ساڵی٢٠١٢ کاتی بەشی زمان و ئەدەبی لە کۆلێژی پەروەردە لە زانکۆی کەرکووک تەواو دەکات باسی دەرچوونەکەی تایبەت دەکات بەئیرۆتیک و بەناونیشانی « ئیرۆتیک لەشیعری نیگار نادر»دا، پێشکەشی دەکات و بەپلەی زۆر باشە قبوڵکراوە..
دووەمیان: لە ساڵی٢٠١٧ ماستەرنامەکەیشی لە بواری ئەدەبی ئیرۆتیک و تێزەکەی بەناونیشانی : (ئیرۆتیک لەشیعری ژنانی باشووری کوردستاندا)بووە و بەپلەی

زۆرباشەی باڵا قبوڵکراوە.... بەم دوو توێژینەوە گرنگ و دەگمەنە، هێرۆ کوردە دەبێتە یەکەم ژنی کورد، کە ماستەرنامەی لەبواری ئەدەبی ئیرۆتیک بەدەست هێنا بێت . هێرۆ هێندە چووەتە قوڵایی ئەدەبیاتی ئیرۆتیکەوە تەنانەت لای زۆر لە خوێنەران و هەوادارانی شیعرەکان بووەتە مایەی پرسیار و ئەویش لەوەڵامدا دەڵی: (خەڵکانێک دەپرسن بۆچی زۆربەی پۆست و ستۆرییەکانی ئەنیستاگرام و فەیسبوکی من لە جۆری ئیرۆتیک و نەیکەدە؟ ..من قووڵ چوومەتە دونیای ئیرۆتیک و بەکالریۆس و ماستەرم لەم بووارەیە جگە لە وتار و دەقی ئەدەبی خۆم و ئەو ژمارە زۆرەی ،وتارو لێکۆڵینەوە کە دەیانخوێنمەوە هەمووشتێکی ئیرۆتیکی سەرنجم رادەکێشی و هەرکام لەجۆر و بوارەکانی ئیرۆتیکیش لێکدانەوەی جیام لادروست دەکەن. رووتی بۆمن خەمگینییە، نەک وروژاندن، کاتێک سەیری سەمای ژنێک دەکەم ،کە جلەکانی رووتە نیگام دەچێتە سەر چاوی ، ماسولکەکانی، روخساری، دەبینم نیگای خەمگینە، بزەی تاڵە، بۆ بوارەکانی دیکەیش هەمان شت چونکە لەبنەڕتداپێم وایە رووتبوونەوە خەمگینترین کردەیە، کاتێک ناتوانین و نازانین بە بەرامبەرەکەمان بڵێین خۆشمدەوێی و ئەویندارتم، خۆمان رووت دەکەینەوە ، کاتی تورەین ، خاوەن هەقین و دەنگمان ناگا سینەی خۆمان دەدرپن، زۆر حاڵەتی تر کە بۆتۆی جێدێلم بیری لێ بکەیتەوە، ئینسان خۆی رووت دەکاتەوە تا پێست و دەمارەکانی لەجیاتی دەنگی ، بیری، بدوێن ، بۆیە ئیرۆتیک خەمیگینە خۆ رووتکردنەوە زمانی دووەمی ئینسانە)...

ئەمەش نموونەیەکە لە لێکۆڵینەوەکانی هیرۆ کوردە، بەناونیشانی «ئیرۆتیک لە هونەری فۆتۆگرافیدا» لە ماڵپەری رووداو لە رێکەوتی ٦-٥-٢٠١٧ بڵاوکراوەتەوە.:

(ئیرۆتیک وەک جوانییەکی تەلیسماوی خۆی تێکەڵی هەموو بەشەکانی ئەدەب و هونەر کردووە. لە کاری فۆتۆگرافیدا، هونەر و جوانبینی مەرجی سەرەکییە، هەڵبژاردنی گۆشە و رووناکی و پاشان ئەو بەشەی جەستە کە مەبەستە وێنەی لێ بگیرێت هزرێکی هونەرمەندانەی دەوێ، چونکە جەستە خاوەنی کۆد و شیفرەی تایبەت بەخۆیەتی، ڤالێری داوامان لێدەکات هەرکەسە جەستەی خودی خۆی کەشف بکات و شیفرە سەرسوڕهێنەرەکانی بکاتەوە، جەختیش دەکاتەوە کە دەبێت مرۆڤ توانای ئیستغلالکردنی جەستەی خۆی هەبێت. لە بواری فۆتۆگرتندا زۆرجار جەستە ئیستغلال دەکرێت و بەکار دەهێنرێت بۆ نیشاندانی بیرێک، ئایدیایەک، یانیش هەر نیشاندانی جەستە بەمەبەستی خستنەڕووی نهێنییەکانی رووح. جەستە فەلسەفەیەکی تایبەتی هەیە، لە فکری هاوچەرخدا بە یەکێک لە رێگە بنەڕەتییەکانی گوزارشتکردن لە خود هەژمار دەکرا، لە سەرەتای تەمەنی منداڵییەوە جەستە یەکەم شتە کە تاک دەیدۆزێتەوە و مامەڵەی لەگەڵ

دەکات، جەستە ماتریاڵێکی کەتوارییە، تەواوی ویستەکانی مرۆڤ لە پێناو رازیکردنی جەستەیە، جەستەی خود و جەستەی ئەویتر کە جەستەمان دەیەوێ نزیکایەتی بکات، ئەمەش دەبێتە بناغەی دروستبوونی فۆتۆی ئیرۆتیکی (رووت). ئەم جۆرە فۆتۆیە بە لایەنێکی گرنگی هونەرە جوانەکانی تایبەت بە فۆتۆگرتنی تیشکی هەژمار دەکرێت. جەستە خود دەکات بە خودێکی تەواو، چونکە رووحی مرۆڤ پەیوەندییەکی راستەوخۆ و راستەوانەی لەگەڵ جەستە هەیە و جەستە نمایشکاری دۆخەکانی رووحە، واتا هەردوو لایەنی فیزیکی و دەروونی (رووحی) یەکتر نیشان دەدەن، ئەو شتە وردانەی جەستەیش، ئەوکاتە لە وێنەیەکدا رەنگدانەوەیان دەبێت، کاتێک لە نزیکەوە سەیری وێنەکان دەکەین و لێیان رادەمێنین، هەرچەندە فۆتۆی ئیرۆتیکی مەبەستی زۆرە و هەر هونەرمەندێک کە کار لەسەر فۆتۆ و پەیکەر و تابلۆی ئیرۆتیکی دەکات، بەجۆرێک لە جۆرەکان داکۆکی لە هونەرەکەی دەکات، بەڵام دواجار هەموو لایەنەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە کارکردن لەسەر جەستە بە مەبەستی دۆزینەوەی رووحە، چونکە رووح ئەو شکڵ و شێوەیەیە کە جەستە نیشانی دەدات.

« مێژووی سەرهەڵدانی فۆتۆی ئیرۆتیکی»

بەهونەرکردنی رووتبوونەوە و داماڵینی جەستە، هی ئەم سەردەمە و زەمانە جەنجاڵە نییە کە هەم جەستەی مرۆڤەکان نرخی نەماوە هەم رووحیش هێندە تەماوییە، ئاسان نییە نیشان بدرێت، سەرچاوەکەی هی سەرزەمینێکی پڕ ئایدیا و هەست و باوەڕ و کولتوورێکی زۆرە کە زۆر دوورە لە سەردەمەکەی ئێمە. ئەو سەردەمە سەردەمی جەوهەر بوو، ئایکۆنوگرافیای رووتی، بە ئەندازەی کۆنیی مرۆڤەکان کۆنە، لە سەردەمی گریکەکاندا وێنەی رووت وەک یەکێک لە ئاسەوارە بەنرخەکان تەماشا کراوە، هەروەها کێشانی پێوەندییە سێکسییە سروشتییەکان و دەگمەنەکان (شواز) لە تابلۆکاندا رەواجی زۆر بووە. ئەو سەردەمانە کە تێیدا هەم هونەر باڵا بوو، هەم مرۆڤیش بە ئەرزش بوو، کە تێیدا جەستە دەکرایە نوێنەری رووح و لە کارە هونەرییەکاندا نیشان دەدرا، جەستەی رووت گەورەترین نموونەی گواستنەوەی ماددەیە بۆ شکڵ، ئەو سەردەمە ئەو جۆرە هونەرە بەکار دەهات بۆ گوزارشتکردن لە نموونەی باڵا و نیشاندانی سیفەتە مرۆڤایەتییەکان و بەشێوەیەکی تایبەت لە هونەری یۆنانییەکاندا رەنگدانەوەی هەبوو، مێژوو ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە رووتبوونەوە لە شارستانێتییەکانی رۆژهەڵاتی دوور دەستیپێکرد و تۆیەکەی گەیشتە هونەری رۆژئاوا، بەتایبەتی بۆ سەردەمی هێلێنستی یان بەر لە زاین، ئەم جۆرە هونەرەش درێژەپێدەری وێنە و پەیکەری رووتی سەدەکانی

ناوەڕاستە که پاش دەسەڵاتداربوونی کەنیسە و پیاوانی ئایینی کەوتنە بەرهێرشی لەناوبردن، بەڵام تا ئەمڕۆ ئاسەواری ئەو جەستە رووتانە ماونەتەوە، چونکە هێند کەم نەبوون بەئاسانی لەناوببرێن. رووتی کردەیەکی نوێ نییە، چونکە مرۆڤ بە رووتی لەدایک بووە، سەرەتای مرۆڤایەتی کۆمەڵگەکان بەرووتی ژیاون، داهێنانی خۆداپۆشین و بەرگریکردنی جەستە بە پێستی ئاژەڵ و گەڵای رووەک بەهۆی گۆڕانکاریی کەشوهەوا و گۆڕینی ژینگە و گوزارشتکردن لە حاڵەت و دەسەڵاتێکی کۆمەڵایەتی بووە. لە سەردەمانی پێشوو بەکارهێنانی رووتی بۆ مەبەستی دیاریکراو و گرنگ و پیرۆز بوو، یۆنانییەکان وێنەی خواوەند و فریشتە و پاڵەوانەکانیان بەڕووتی دەکێشا، ئەم نەریتەش تا سەردەمی کلاسیک و رۆمانی درێژەی کێشا، هەرچەندە فەیلەسوفەکانی ئەو سەردەمانە و بەتایبەتی ئەفلاتوون گرنگییان بەجەستە نەدەدا، (ئەفلاتوون هەمیشە دەستەواژەی خۆت خۆت بناسەی هەبوو، ئەمەش مەبەست لە جەستە نەبوو، بەڵکو جەختکردنەوە بوو لەسەر دۆزینەوەی رووح و زیهن، لەسەر بنەمای فەلسەفەکەی کە بایەخی زۆری دەدا بە دەروون)، فەلسەفە کۆنەکان زۆرتر جەختیان لەسەر فەرامۆشکردنی جەستە و کەوتنە شوێنی دەروون کردووەتەوە، سوقرات گوتوویەتی: «ئەرکی گەورەی من گەڕانە بە شوێن گەنج و پیر و منداڵ و ئامۆژگاریکردنیان کە هەرگیز بەجەستە کاریگەر نەبن و هەرچی چاکەکاری هەیە پێشکەشی رووحی بکەن».

ئەم هونەرە کەوتە بەر هێرشی پیاوانی کڵێساکان و داپۆشینی پەیکەر و وێنە رووتەکان بەگەڵای هەنجیر، پاشان دووبارە لەسەردەمی رێنیسانسی ئەوروپی دەرکەوتەوە و زیاتر کاری دەکرد بۆ نیشاندانی جەستەی جەنگاوەران و وەرزشوانان و سەماکاران، ئەمەش بۆ گوزارشتکردن لە هەستی بنەڕەتی کە گوزارشت لە وزەی مرۆڤ و جوانییەکانی ئەفراندن و داهێنان بوو، هاوکات لە وڵاتی میسریشدا فۆتۆی ئیرۆتیکی هەبووە، مێژووەکەی بۆ کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە دەگەڕێتەوە، فۆتۆگرافەرێک بە ناوی ڤان لیۆ ئەرشیفێکی زێدە دەوڵەمەندی فۆتۆی ئیرۆتیکی کچانی میسری وەک میراتێکی هونەری جێهێشت. کچانی مۆدێل، بەشێک بوون لە بناغەی سیستەمی خوێندنی کۆلێژی هونەرە جوانەکانی میسر لە ساڵانی حەفتاکان، کۆلێژی هونەرە جوانەکانی میسر ساڵی ١٩٠٨ دامەزراوە، شانبەشانی وانەکانی زمانی فەرەنسی و ئیتاڵی، نمایشکاری رووت هەبوون کە فۆتۆیان دەگیرا و وێنەیان دەکێشرا، یەکەم مۆدێلی کچیش کچی عەبدولوەهاب هەیکەل بوو کە یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی کۆلێژەکە، ئەو وێنە رووتانەی دەگیران زیاتر وێنەی کچانی میسری بوون و لەلایەن وێنەگرانی بیانییەوە دەگیران، وێنەکانیش دەکرانە پۆستکارت و

لەگەڵ نامە و پیرۆزبایی دەنێردران.

« فۆتۆی ئیرۆتیکی ئایینی»

زۆربەی پەرستگەکانی ئاینی کریستیان و هیندی بە وێنەی مرۆڤ و فریشتەی رووت رازاونەتەوە، چونکە ئەوکات هونەر لە خزمەتی ئایندا بووە، ئەو تابلۆ و پەیکەرە هەڵکۆڵراوانەی لە پەرستگە و ئەشکەوتی هیندییەکاندا ماونەتەوە، هەندێکیان زۆر رووت و راستەوخۆن، ئەمەش وەک بەشێک لە نەریتی هندۆسییەکان ماوەتەوە کە سێکسکردنیان پیرۆز تەماشا کردووە، هەروەها پەیکەری ڤینۆسی خواوەند کە دۆزرایەوە، رووت بوو. لە شارستانیەتی بابلیدا پەیکەری رووتی خوداوەندی زاوزێ دۆزراوەتەوە، لە هونەری کۆنی میسری و هیندی و ژاپۆنیشدا پاشماوەی وێنەی ئیرۆتیکی هەن. ئەمەش پەیوەندی بەوەوە هەبوو کە لە ئەفسانە ئاینییەکاندا رووتیی پیرۆز بووە، چەمکی رووتبوونەوە لای یۆنانییەکان بەسترابووەوە بە خواپەرستییەوە، یەکێک بوو لە بنچینە گرنگەکانی عیبادەت کە بەسترابووەوە بە بیرۆکەی (وەک چۆن خوداوەند ئەفراندوومی) ، یەکەم بەرهەمی هونەری رووتەمەنی، تابلۆ رووتەکەی هونەرمەندی ئەڵمان(هانز بێهام)ە کە ساڵی ١٤٥٢ کێشابووی و دروشم و مانای وێنەکە بریتی بوو لە (رووتبوونەوە یەکەم گوناهـ نییە، خواردنی سێوەکە یەکەم گوناهە)، گەشەسەندنی هونەری وێنەی رووت پاش هاتنی ئاینی مەسیحی بوو، هەندێ لەو وێنانەی کە هی سەردەمەکانی ناوەڕاستن و ماونەتەوە، وێنەی (مەریەم) ن بە مەمکی رووتەوە کە شیر دەدات بە عیسا، ئەمەش وەک نیشاندانی شیرپێدان وەکو کردەیەکی بێگەرد نەک سێکسی، هەمیشەش وێنەی ئادەم و حەوا بە رووتی دەکێشرێت وەک نیشانەی یەکەم ساتەکانی ژیانی ئینسان بەر لە گوناهکردن، هەروەها وێنەی عیسا بە خاچەوە هەمیشە رووتە، بۆنیشاندانی ئازارەکانی مرۆڤی رووت و دەرخستنی برینەکانی عیسا. رووتی زۆرجار بە ئاینەوە دەبەسترێتەوە وەک نیشاندانی بێگوناهی، مایکل ئەنجیلۆ لەم بوارەدا داهێنانی زۆرە و یەکێک لەکارەکانی تەواوکردنی کارێکی ناتەواوی هونەرمەندێک بوو کە وێنەی پێغەمبەر داوود بوو. ئەم پەیکەرە بەرزییەکەی شەش مەترە و ناوی نا (داڤيد) و لە ساڵی ١٥٠٤ تەواوی کرد. بەڵام ئەم هونەرە لە ئاینی ئیسلامدا نییە، چونکە جەستە لە ئاینی ئیسلامدا لە شتە قەدەغەکراوەکانە و کێشانی جەستەی پەیامبەر یان خوداوەندێک کوفری رەهایە.

پاش خوداوەندەکان، هونەرمەندەکان جەستەی مرۆڤیان وەک نموونەی باڵا هەڵبژارد بۆ کارەکانیان، جەستەی ژنانیش پشکی زۆرینەی بەرکەوت. ژن بووە کەرەستەیەکی هونەری و هەمیشە کێشمەکێشمی بوو لە نێوان بەهونەرکردن و بە سێکسیبوون.

لەڕووی فیزیکییەوە ژن هارمۆنی و باڵانسێکی خوداییانەی هەیە، بەڵام گرنگە بزانرێت چۆن ئەو باڵانسە دەبینین، یان بەرجەستەی دەکەین، لەبەرئەوەی زۆربەی کات فۆتۆ ئیرۆتیکییەکان کار لەسەر جەستەی ژن دەکەن، دەبێت کارەکە هێند ورد بێت کە نەبێتە مایەی وروژان. کینیس کلارک دەڵێ «سێکس بەمانا شەهوانییەکەی نابێت ببێتە بابەتی هونەریی رووت، چونکە هونەر داماڵینە نەک رووتبوونەوە، ئامانجیشی وروژانی سێکسی نییە، گەر بووە مایەی وروژاندن، ئەوکارە هونەر نییە و کارێکی قەڵب و درۆینەیە، لە میانەی کارکردن لەسەر جەستەی ژن ناکرێت تەنیا جەستەی ببینرێت، جەستەی ژن دوا شتە کە هەیە، وەک کەرەستەیەکی سێکسواڵێتی، چونکە هارمۆنییەتی ژن پێش سێکس دەستپێدەکات». (١)

ئەفرۆدیت کە پەیکەر و وێنەکانی رووتن، سێکسی نییە، چونکە ئەفرۆدێت کە خوداوەندی جوانی بووە، لەکارە هونەریەکەشدا جوانیی رووح و جەستەی پێکەوە نیشاندراوە. (ئەو پەیکەر و وێنانەی لە پەرستگە هیندییەکاندا هەبوون کە وێنەی سێکسکردنی نیشان دەدا، لەم رۆژگارەدا رەواجیان نییە و لە مۆزەخانەکانی ئەورووپاشدا چیتر نیشان نادرێن)..
لەکۆتاییدا ماوە بڵێین: ناوی تەواوی خاوەن باس و خواس ، «هێرۆ حسام الدین محێدین»ە و ناسراو بە هێرۆ کوردە، لە١٩٨٩/١/١٠لەشاری کەرکوک لەدایکبووە و لە ساڵی٢٠٠١بۆ یەکەمجار دەستی کردووە بە نووسین.
لە ساڵی ٢٠٠٤ شیعرەکانی بڵاو کردۆتەوە ..
دەیان کۆڕی تایبەتی کردووە و لە چەندین فیستیڤاڵی ئەدەبی بەشداریکردووە..و براوەی خەڵاتی لاوی ساڵی ٢٠٠٩ی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە .
دەرچووی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی کەرکووک بەشی زمانی کوردیە و هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە و لەئیستادا پیشەی مامۆستایە لەشاری کەرکووک.
لەماوەی نێوان ٢٠٠٧تا ٢٠١٤لەبواری راگەیاندنی نووسراودا وەک نووسەرو ئامادەکار و پەیامنێر، بۆ بەشێک لەبڵاوکراوەکانی هەرێمی کوردستان کاری کردووە و نوسینی لە رۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردستان بڵاوکردۆتەوە و بەردەوام بە پێنووسەکەی بەرگری لە مافی ژنانیش کردووە و لەم بارەیەشەوە دەیان بابەتی نووسیووە و هەندێجار بەدێڕێک بەجوانترین شێوە بەرەنگاری ژن کوژان بۆتەوە و دەڵێ: « ئەو پیاوانەی ژنکوژ نین ! لەژنکوژی بێدەنگن»..
زۆرێک لە شیعرەکانی وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و بەتایبەتی

لەلایەن «شێنێ محەمەد و پشتیوان کەمال» سێ دەقی هێرۆ یان کردووە بە ئینگلیزی بۆ پرۆژەیەکی تایبەت لەزانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی و لە گۆڤار و ماڵپەڕێک کە ئیشییان وەرگێڕانی دەقی کوردییە بۆ زمانی ئینگلیزی بڵاوکراونەتەوە..ئەمەی خوارەوەش نموونەیەکە لە شیعرە ئیرۆتیکەکانی:

(لە دۆزەخ گەرمتر)

دەستت بەر هەر بەرزییەکم کەوت
کڕنۆش ببە و باوەڕ بێنە
نە ئێرە زەوییە و نە شەویش شەوی هەڵە
دەستت بەر هەر نزمییەکم کەوت
دەستەکەی دیکەت بکوتە
ئاسان نییە بی هیچ گوناحێک
گەرمی دۆزەخ بڕژێتە خوێنتەوە
وەک تاسەم بۆت.

«دەنووسم یوسف /لاپەڕە ٩٥»

سەرچاوە:

.١ (سوتانەکانم لەوەرزی فرپیندا ٢٠٠٧) و (دەنووسم یوسف٢٠١٣) دوو کۆمەڵە شیعری هێرۆ کوردەن.
.٢ :جەستە و جوانکاری
.٣ ئێمە ژیانی ئیرۆتکییانەمان دەخەینە باوەشی سێکسگەراییەوە..وتارێکی رێبوار سیوەیلی یە لە ٩ی ئایار ٢٠١٧ لە ماڵپەڕی باس نیوز بڵاوبۆتەوە..
.٤ واڵی: ئەدەبی ئیرۆتیک..
ی (بەیتی سوارۆ، گوتنی عەلی کەردار).
ییهونەرمەندی لاو» ئاگرین دڵشاد» لەم دواییە بە مەقامی رەسەنی دەڤەری گەرمیان «ئای ئای» ئەم گۆرانیەی تازەکردەوە.
ییيتريبوون: مینبەر..

....

سەرچاوەکانی بابەتەکەی هێرۆ کوردە:

١_ سمیه بیدوح ، فلسفه الجسد،٢٠٠٩
٢_حیان دیب،NUDE LIGHT او التیّویر العاری، موقع خوابی،٢٠١٦
٣_ێباح زوین - هكژا ڕفهم الجسد، موقع رساله الحب،١٩٩٩،
٤_ابراهیم الحسن،الجسد ونوافڤ الغوایه فی الفن التشكیلی، موقع پقافات،٢٠١٣
٥_غاده قدری، جمالیات جسد العاری، موقع رساله حب،٢٠١٦
٦_ایفان دراجی،مفهوم التجرد و التعری، موقع ایفان دراجی،٢٠١٦).....

بەرزبوونەوەی ڕێژەی ئافرەتی خاوەن پرۆژە لە وڵاتانی ئاسیا لە تەکنەلۆژیای زانیاریدا

ئا. ئیراد منوچر سان ئەحمەد

لەم دواییەدا لەژیانی پیشەیی خۆیدا (سەمیرە نجم) کە ئەندازیارێکی بەشی ئایتی IT ە لە قاهیرە پرۆگرامی (ویستگەی خود پارکی بۆ ئۆتۆمبیل)ی دانا. ئەویش دوای ئەوەی کاتێکی زۆری بەسەر دەبرد لەناو ئۆتۆمبیل لە هێڵکانی گواستنەوە لەکاتی چوونی بۆکار ، کە زۆرجار زیاتر لە سێ کاژێر زیاتری بەسەردەبرد، سەرەڕای جەنجاڵی ترافیک و بەرزی نرخی هیڵەکانی گواستنەوە،ئەوەی زیاتر مایەی نیگەرانی (سەمیرە نجم) بوولە شارەکەیدا هەراسانکردنی ئافرەتانی ئیشکەرە بوو لەکاتی گواستنەوەیان لە هێڵەکانی هاتۆچۆدا بە جۆرێک مەترسی سەرهەڵدان کلتوورێک لە ناوچەکەدا هەبوو کە ڕێگری دەکرا لە ئافرەتان بۆ چونەدەروەیان بەتەنها.

خوشبەختانە (سمیرو نجم) توانی بەشداری بکات لە داهێنان و دانانی ئەپێک بەناوی (app store--رایج)کە لە ڕێگەی موبایل زیرەکەوە ، دوای دابەزاندنی ئەم پرۆگرامە و دانانی ئەکاونتی تایبەت بە کەسی بەشداربوو ، خۆی دەتوانیت ئەو هاورێیانەی کە دانیشتووی شوێنی نیشتەجێبوونی نزیکە خۆیەتی لەرێگەی GPS داینێت لە ئەپەکەدا، و بەجۆرێک هەریەکەیان کاتی خۆی دیاری بکات لە دەرچوونی بۆکار وەلەرێگەی ئەم ئەپەوە کە بەکارهێنەر پشتی پێ دەبەستێت ئوتۆمبیل دیاری دەکات لەسەر ئەو هێلەی پێشتر دیاری کراوە بۆی بۆچوون بۆسەر کار و گەڕانەوە.

بەم شێوەیە لەکاتی هەڵسەنگاندی ئەپەکەدا دەتوانرێت کەسانی بەشداربوو بەتایبەتی ئافرەتان کۆمێنت بنوسن لە سەر ئەو شوفێرانەی کە بەشداری دەکەن لە هیڵەکانی گواستنەوەی ئەم دامەزراوە بە پوزتیف و نیگەتیف لەسەر چونێتی مامەڵەکردنیان لەگەڵیاندا لە میانەی هاتوچۆکردنیان ، کە ئەمەش بۆ ئافرەتان چانسێکە کە کەمترین ڕووبەڕووی هەراسانکردن دەبنەوە لە کاتی چونیان بۆکار و بە فیرۆچونی کاتیش کەم دەکاتەوە .

سميره نجم

شایەنی باسە (سميره نجم) یەكەم ڕووخساری نوێی گەنجە لە دەستپێشخەریەكانی پرۆژەی تەكنەلۆژیا لە جیهاندا. وە ئەوەی جێی ئاماژە پێكردنە ژمارییەک زۆر لەئافرەت لە وڵاتانی ئاسیا سەریهەڵداوە بەجۆرێک لە ٣٠ وڵاتی گەشەكردووی بواری بازاڕكردن (ماركێتین) ، نزیكەی ١٠٠ ملیۆن ژن كاریان كردووە لە ٢٠٠٢ وە ، بەڵام ژمارەكە لە ئەمڕۆدا گەشتۆتە ١٥٥ ملیۆن ژن .

لەلایەكی دیكەوە پێویستی ئابووری ، و بەرفراوان بوونی ڕۆشنبیری ،و تەكنەلۆژیای نوێ ، گۆڕنكاریەكان لەنورم و داب و نەریتەكاندا بوتە ناو جەرگەی ئەم گۆڕانكاریە، وە لە نێو ئەم بەشداریكردنە كەم وێنەدا ئافرەتی وەک (سەمیرە نجم) ی نەوەی نوێی ڕۆشنبیر و كارامە لە تەكنەلۆژیا بەرهەم دێت.

ئەوەی ئێستا لە جیهاندا دەگوزەرێت بەشێوەیكی گشتی لە زۆرێک لە وڵاتەكاندا ژنان ڕێژەیكی كەمتر لە پیاوان پێک دەهێنن لەكارمەییەكانی پرۆگرام سازی لەبواری تەكنەلۆژیای زانیاری، لە ڕاستیدا تەنها پێنج وڵات هەیە كە ئافرەتان لە بواری زانست و تەكنەلۆژیا و ماتماتیک و ئەندازیاری كە بە ستیم STEM ناودەبریت ژمارەیان زیاتر لە ئافرەتانی وڵاتەكانی دیكەدا دوو لەو وڵاتانە وڵاتانی (برونی و كوێت)ە كەسەربەوڵاتانی ئاسیان . هەروەها لە هەژدە وڵاتی دیكەی ئاسیا كە ئافرەتان زیاتر لە ٤٠٪ قوتابیەكانی)STEM) (زانست و تەكنەلۆژیاو ئەندازیتری و ماتماتیک) پێكدەهێنن ، لە كاتێكدا لەویلایەتەیكگرتووەكانی ئەمریكا ئافرەتان تەنها لە ٣٠٪ قوتابیان پێكدەهێنن لە بواری .STEMدا

كاتێک باس دێتە سەر گیانی دەستپێشخەری و خاوەن پرۆژەی ئابووری مالیزیا

و ئەندەنوسیا لەنێو ئەو ١٣ وڵاتەی جیهانن کەرێژەیەکی بەرزی هەیە لە چالاکی دەستپێشخەری لە بواری ئابووری لە نێو ژنان زیاتر لە پیاوان. هەروەها وڵاتانی دیکەش بەهەمان شێوە لە ئاسیا ئەم رێژە بەرزەیان خستۆتەڕوو ، بۆنمونە لە کازاخستان ڕێژەی چالاکی بازرگانی ژنان لە ٨٠٪ زیاترە لە پیاوان، و لە ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو ٦٣٪ لە کۆی هەر چوار وڵاتەکەدا ڕێژەی ژن بۆ پیاوان لەبواری دەستپێشخەری و خاوەن پرۆژە لەم وڵاتانەدا زیاترە لەوەی لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا هەیە کەتەنها ڕێژەکە ٪ ٦٠ پێکدەهێنێت

ئەم یەکتر بڕینەی نیوان پەوروەردییSTEM و زیادبووونی گیانی دەستپێشخەری و بوون بە خاوەن پرۆژە لەبوارەدا ، ژینگەیەیکی خولقاندووە بۆ ژنانی ئەم وڵاتانە کەبتوانن دەستیان بگات بەو شەپۆلە گۆڕنکاری تەکنەلۆژیایە کە جیهان ئەمڕۆپێویستی پێیەتی ، بەڵام بەرێگەیەک کاردەکەن جیاوازە لە ژنانی ڕۆژئاوا ، وە زۆر جیاوازتر لە ژنانی پێش خۆیان، چونکە ئەمان دەتوانن تەکنەلۆژیا بەکاردەهێنن بۆ سەرکەوتنی دووبارە دارشتنەوەی کلتوور و گۆرینی کلتوور .

کۆمپانیایي http://www.docthers.com

کەدامەزراوەیەکی پاکستانی پزیشکیە (تیل میدیسین) ، ئامانجی ئەم دامەزراوە چارەسەرکردنی دۆزە کلتووری و ئابورریە بێهاوتاکانە لە پاکستاندا ، چونکە لەم وڵاتەدا ئافرەتانی دەرچووی قوتابخانە پزیشکیەکان کە ژمارەیان زۆرە و نمرەیان لە پیاوانیش بەرزترە لەکاتی داواکردن بۆ دەستکەوتنی پلەی پزیشکی دەستکاری شکۆی ژنیان کردوە لە بازاڕی کلتوورونەرێتی هاوسەرگیریدا ، بەجۆرێک ژنان دوای ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری وبوون بە دایک ناتوانن ئەم پلە بەدەست بهێنن و ناتوانن ببە پزیشکی ڕاهێنەر .

بۆ ئەم مەبەستەش زۆرێک لە ژنانی پاکستان کە لیهاتووی پزیشک یان هەیە دوای ئەنجامدانی هاوسەرگیری کاری پراکتیکەکردنی پزیشکی ناکەن ، ئەمەش سەرهەڵدانی ئەو ئەگەرەیە کە لە بوونی کەلێنێکی گەورە لە بوونی پزیشکی ڕاهێنر او بەتایبەتی لە ناوچە گوند نیشینەکان کە وڵاتی پاکستان پێوەدەناڵێنێت کەمی ژنانە .

سارا خورم

بۆ ئەم مەبەستە سارا خورم دەستی کرد بە دیزاین کردنی http://www.docthers.com لە ڕوانگەی ئەو گرفتانەی کەخۆی ڕووبەڕووی بۆتەوە وەک پزیشکێک و دایکێک، توانی ئەم دامەزاروەیە بکاتە بڵندگۆیەک بۆ دابینکردنی ڕاهێنانی سەرتایی و لیهاتووی پزیشکی بۆ ژنانیماڵەوە لەگەڵ دابینکردنی پلەی پزیشکی بۆ ئەو ژنانەی کە دەرچووی قوتابخانە پزیشکیەکانن و ناتوانن پیادەی کاری خۆیان بکەن بەهۆی ئەو کلتوورەی سەپێنراوە بەسەریاندا. وە وونی پەیوەندی ئۆن لاینی بەشێویکی بەردەوام بۆ کارکردن لە دوورەوە بە دەوامێکی نیوە وە لە رێگەی بڵندگۆیەکی ڤدیۆ لە ماڵەوە کاردەکەن.وە زۆرێک لە نەخۆشەکانی ژن کە لەناوچە دوورەدەستەکان لەم وڵاتەدا کە چاودێرو پێداویستی پزیشکی زۆر بەکەمی بۆیان دابیندەکرێت یان هەر بوونی نەبوو دەتوانن لەم بازاڕە دیجیتاڵانە کە سەری هەڵداوە ە وەریبگرن و پێشکەشکردنی چارسەری تەکنەلوژییەسەریهەڵداوە و لە ئاییندە دەبێتە کلتوور و دابینکردنی فۆرمێکی نوێی بۆ دەستبەرکردنی ڕۆزی (مەعیشە) بۆ ژنان کە لەبواری پزیشکی کاردەکەن و خزمەتکردنی ژنانی نەخۆش لەرێگەی ئۆنلاینەوە.

ئەمیرە عەززوز

هەروەها ئەمیرە عەززوز دامەزرینەری https://fustany.com/en لە قاهیرە کە دەروازی فاشیۆن و شیوازی ژیانی ژنانی لەناوچەکەدا دەخاتە ڕوو کە تەندروستی وجوانی وخوراک و پیشەی فاشیۆن و منداڵانان دەگرێتەوە.

ئەلیسا فەریحە

هەروەرها ئەلیسا فەریحەلە دوبەی دامەزرینەری https://womena.com/ کە بڵدنگۆیەکە بۆ بەستنەوەی پەیوەندی لە نیوان ژنانی خاوەن پرۆژی بەرهەمهێن و خاوەن سەرمایە گوزاری .

دیاجینگ لیستاری

هەروەها دیاجینگ لیستاری   لە جاکارتا دامەزرینەری کۆمپانیای https://www.hijup.com/en/

کە بە پێشەنگ دادەنرێت لە بواری بازرگانی ئەلکترونی فاشیۆنی سادەیی باڵاپۆش کە توانی ٢٠٠ دیزانەری فاشیۆن کۆبکاتەوەو ساڵانە ١,٥ ملیۆن سەردانیکەری هەیە لە مانگێکدا.

وەبۆ ئەو داپیرە و ودایکانەیکە   کارکردن لەدەرەوەی ماڵ بەردەست نیە بۆیان ، توانراوە ٥٠ ملیون ژن لە وڵاتانی ئاسیا لە ماڵەکانیانەوە پەیوەندیان بەهێزی کار کردوە لەرێگەی ئەنتەرنێت (ئون لایەنو ئوف لایەن) بکەن، و لە ماوەی ١٥ ساڵی ڕابردوودا   بە شێوەیەک   کە گەورترین کۆچ کردن لە ماڵەوە بۆ دەرەوەرە   بکرێت لەو وڵاتانەی کە ئەم تەکنیکەیان تێدا بەردەستە.

ئەم هەلە ئابووریە کە پێکەوە بەستراوە لە پەروەردە   و پەرۆشی وتەکنەلوژیا وایکردوە کە داهاتی ژنانی ئیشکەر لە زۆرێک لەوڵاتانی ئاسیا بگاتە یەک تریلیون دولار.

لەگەڵ خولقاندنی زۆریک لە پرۆژە داهێنەرەکان لەلایەن ژنانی دەستپێشخەر و خاوەن پرۆژە ،و دواتر ڕەخساندنی هەلی کار وداهات بۆ زۆرێک بۆ کەرتەکانی دانیشتوان هاتۆتەبەرهەم حکومەتەکان دەتوانن کار ئاسانی بکەن بۆ گەشەسەندني ئابووریان ، ئەویش لە رێگەی پاداشتی کۆمەڵا یەتی بۆ   ژنان   لە شێوەی : توناندارکردنی

ژنان،تێکشکاندنی کلتورو بەربەستەکانی بەردەم ئافرەتان وبەهێزکردنی کۆمەڵگە.
هەروەک چۆن بڵندگۆ دیجیتاڵەکان وئامرازەکان وا دەکات کە چالاکی ئابووری ئاسانتر بێت وتوانای پێوانەی هەبێت. هەروەها سیاسەتمەدارانیش دەبێت ئەو هەلە لەدەست نەدەن لەم وڵاتانەدا بۆ ئەوەی ژنانی زیرەک دەرفەتە کانیان بۆڕێکبخەن.
هەمیشە یاساکان لە پشت گەشەسەندنی بواری ئابووری بۆ هاونیشتمانیانی نێرومێ،لە کاتێکدا زۆربەی بازاڕە گەشەسندووەکان وڵاتانی ئاسیا تێکڕایەکی بەرزی هەیە لە بڵاوبونەوەی ئەنتەرنێت و هەڵگرانی موبایل ، بەڵام هێشتا گەشتنی ژنان بە هاوکاری دیجیتاڵیەکان کەمترە لەپیاوان.
لەکاتێکدا بە شێوەیەکی گشتی بنەما ی بازاڕە گەشەسەندوەکان لەم وڵاتا نەداپێویستی بەچاکسازی هەیە، و هەروەها لە هەمان کاتداپێویستی بە هەند وەرگرتنی نیگەرانیەکانی ئافرەتان هەیەلە بوارەکانی سەلامەتی و هەراسان نە کردنیان لە پێناو کردنەوەی دەروازەی حەقیقی تایبەت بە ژنان خۆیان.

وە حکومەتەکان لەسەرجەم وڵاتانی ئاسیا پێویستیان بە دووبارە پێداچونەوە سیاسەتەکانیان هەی لەو بوارەدا وەک : دیجیتاڵ، کار ،مۆڵەتی دایک وباوک ، چاودێری منداڵ، سەپاندنی باج، سەلامەتی و دەستکەوتنی دارایی و گواستنەوە ، ودانانی دیدگای جێندەری نوێ بۆ گەشەکردنی ڕەهای تەواوی توانا شاراوەکانی هێزی کاری ئافرەتان لە نێویدا بوون بەخاوەنی پرۆژەی کار.
جیهانگیری و تەکنەلۆژیا لە هەمان کاتدا،کاریگەری توندیان هەبوو لە بەشەکانی چینی کار لەویلایەتەیەکگرتوەکانی ئەمەریکا،وڵاتە پێشکەتووەکانی دیکەی لە جیهاندا ، کە هەر ئەم هێز لەتوانایدا بوو ملێۆنان ژن توانادار بکات، سەڕاری بوونی بەربەستە مەودا فراوەنەکان هەر لە خێزان و کۆمەڵگا و وڵات. ئەگەر وێنەی خاوەن پرۆژەی ئەلکترونی لە شاری سلیکۆن ڤالی ناسراو لە کالیفۆرینا لە ویلایەتە بەکگرتوەکانی ئەمەریکا گەنجێکی کوڕ بێت ، ئەوا زۆرێک لەناوچە پێشکەوتووەکانی وڵاتانی ئاسیا ، زۆر بەئاسانی دەکرێت ژنێکی گەنجی بێت .
سۆز و ووزەو خواستەکان بۆ چارەسەر کردنی گرفتە نێوخۆیەکان هەمان شتن، پێویست حکومەتەکانیان دەرک بەوە بکات و پشتیوانی لە خاوەن پرۆژە نوێیەکان وبەکاربەران بکات ، ئەوانەی باج دەدەن لە پێناوی ئابوورێکی حەقیقی بەهێز.

سەرچاوەکان

١-https://www.cartierwomensinitiative.com/candidate/samira-negm

٢- https://www.thenational.ae/arts-culture/my-uae-elissa-freiha-on-investing-in-women-١,٩٣٠٠٠

٣- http://myvoiceunheard.com/dr-sara-khurram/

٤-https://id.techinasia.com/kisah-profil-ceo-hijup-diajeng-lestari

٥- http://www.mladiinfo.eu/٢٠١٧/٠٣/٠٣/egypt-entrepreneurs-amira-azzouz-and-her-fustany/

٦- https://www.nytimes.com/٢٠١٨/٠٥/٢٥/opinion/muslim-women-tech-entrepreneurs.html

چۆنیەتی فێربوونی زمان

شەنگ مەحەممەد ئەدیب و ئەڤین سەعید عەبدولعەزیز

زمان چییه؟

زمان پێک دێت لە کۆمەڵێک پیت و هێما کەوا ڕێگایەکە لە ڕێگاکانی تێگەیشتن وپەیوەندی، زمان پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە بە بیرکردنەوە، وتەنها لەڕێگای زمانەوە هەر بیرۆکەیەک بوونی ڕاستەقینەی خۆی دەست دەکەوێت، زمان توانایەکە بۆ بەکارهێنانی سستمێکی پەیوەندی ئاڵۆز، ولێکۆڵینەوەی زانستی زمان پێی دەوترێت زانستی زمانەوانی.

چەندەها پرسیار لەسەر فەلسەفەی زمان تاوتوێکراوە لەلای (جورجیاس) و (پلاتۆ) لە یۆنانی کۆندا، وەک ئەوەی وشەکان دەربڕینی ئەزموونە، هەندێک لە زاناکان دەڵێن کەوا زمان لە هەستەوە دروست بووە، وهەندێک دەڵین زمان لە بیرکردنەوەی عەقڵی دروست بووە ولەوانە دیسۆسێر وچۆمسکی و ستۆکیۆ.

چۆن فێری زمانی بییانی ببین؟

فێربوونی زمانی بییانی پەیوەندییەکی زۆری هەیە بە ژمارەی ئەو وشانەی واتایان دەزانیت وتاچەند دەوڵەمەندی لە هەبووونی ووشە و واتای کە پەیوەندی بە زمانە بیانێکەوە هەیە، فیربوونی وشە لە ڕێگای لەبەر کردن و یان تێکەڵ بوون بەو کۆمەڵگایەی کەدەتەوێت زمانەکەیان فێربیت.

منداڵ کاتێک لەدایک دەبێت، نەدەتوانێت قسە بکات، ونەش زمان دەزانێت، بەڵام باش تێپەربوونی کات وبەسەربردنی ژیان لە چوارچێوەی خێزانەکەیدا فێری قسە کردن دەبێت ئەویش پاش ئەوەی پر دەبێت لە وشە، واتا نە دەخوێنێت و نە هیچ کەرەستەی فێربوون بەکار دێنێت، وپێویستی بە دووساڵ دەبێت تا بەتەواوی وریکوپێکی فێری زمانی دایک ببێت، هەڵە زۆر دەکات و بەبێ ئاشنا بوونی بەرێزمان قسەی خۆی دەکات ئەوەش ئەوە دوپات دەکاتەوە کەوا گوێگرتن باشترین رێگایە بۆ فێربوونی زمانی بییانی، لێکۆڵینەکان دەریان خستووە کەوا دەتوانرێت فێری زمان ببیت تەنها لە رێی گوێگرتنەوە، وئەو جۆرە فێربوونە هۆیەک دەبێت بۆ فێربوونی نوسین وئاشنا بوون بە

پیتەکانی ئەو زمانە.

دەربڕین قۆناغێکی پاش گوێگرتنە لە فێربوونی زمان، چونکە هەر خوازیارێکی زمان سەرەتا بە وەرگرتن واتا (In put) دەستپێدەکات، پاش تێپەربوونی کات قۆناغی تێگەیشتن دەستپێدەکات کە سەرەتایەکە بۆ دەربڕین (Out put).

زانایانی زمان لێکۆلێنەکانیان بۆ فێربوونی زمان لەسەر مندالان ئەنجام داوە، وبۆیان دەرکەوتووە کەوا مندالْ توانای فێربوونی پێنج زمانی هەیە لەیەک کاتدا، لە پێشدا وتویانە کەوا لە مێشکی هەر مندالێکدا گەردیلەیەک واتا (Memory) هەیە، ئەو میموریە تا پێنج سال کاردەکات، بۆیە فێربوونی ڕێزمان هیچ رۆلێکی نیە لە فێربوونی زماندا، بو نموونە قوتابیانی زانکۆ لە بەشەکانی زمان ناتوانن فێری زمان بن تەنانەت پاش تەواو کردنی خوێندن وبەسەربردنی چوار سالْ لەو بوارەدا، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەوا ڕێزمان ڕێگا نیە بۆ فێربوونی زمان ودەبێت بابەتەکان بگۆردرێن وهەولْ بدرێت بابەتی سەردەمیانە و سود بەخش بن تا قوتابی بتوانێت سودی لێوەربگرێت و هەست بە فیرۆ دانی کات نەکات وبەجوانی فێری زمانەکە ببێت کەوا لە ئایندە دەبێتە پێشەی خۆی و لەوبوارەدا ئیش دەکات.

زانایان پێیان وابوو کەوا دەبێت یاسا بۆ فێربوونی زمان دابنێن، ئەوە بوو کە ڕێزمانیان دانا، زیاتر لەسەد سالْ لەسەر ئەو ڕێزمانانە رۆشتن، بۆیان دەرکەوت خەلْکی فێری ڕیزمان دەبن بەلاْم فێری قسەکردن نابن بەو ڕێزمانە، بۆیە ئەو ئەزمونە سەرکەوتو نەبوو، دوای سالْی (١٩٧٠) زایینی دەستیان کرد بە گۆڕانکاری ئەو بیرۆکانە و دەستیان کرد بە لێکۆلێنەوە لەسەر مێشکی مرۆڤەکان، بۆیان دەرکەوت ئەو میموریە نامرێت پاش پێنج سالْی و خانەکان بەزیندویی دەمێننەوە، بۆیە ئەم جارەیان بە شێوازێکی تر بیرۆکەکەیان دارِشتەوە بۆ فێربون، وچون مندالْ فێری زمان دەبێت گەورەش بەهەمان شێوە فێردەبێت.

فێربوونی زمان پرۆسەیەکی هێواشە وخوازیار لە پڕێکدا فێری زمان نابێت بەلکو پەیوەستە بە کات و بەردەوام بوون و بەشداریکردنی خول و خوێندنەوەی کتێب وگوێگرتن وپەیوەندی کردن بە مامۆستایانی پسپۆر، مێشکی مرۆڤەکان توانای فێربوونی هەیە لە هەموو تەمەنێک وهەموو کاتێک، بۆیە ئەوەی دەلْێت کەوا تەنها مندالْ توانای فێربوونی خێرای هەیە هەلْەیە، تەمەن گەورەکانیش هەمان توانایان هەیە بەلاْم ئەوە پەیوەسەت دەبێت بە خودی کەسەکە تاچەند باوەری بە تواناکانی خودی خۆی هەیە.

دەرئەنجام:

ئەم توێژینەوەیە دەروازەیەک بوو بۆ خستنە رووی بەشێک لەو ڕێگایانەی کەوا

فێربوونی زمانی بیبیانی ئاسان دەکات بەگشتی وچۆن فێری زمان دەبێ بەتایبەتی، کەوا لەم خاڵانەی خوارەوە دەخرێتە ڕوو، لەوانە:

١- گوێگرتن باشترین رێگا و خێراترین و سودمەندترین ڕێگایە بۆ فێربوونی زمانی بیبیانی.

٢- ڕێزمان ڕۆڵێکی ئەوتۆی نیە لە فێربوونی زمان و توانای قسەکردن نابەخشێت بە خوازیار.

٣- پەنابردن بە گوێگرتن و خوێندنەوەی کتێب و مامۆستا و کلاس لەیەک کاتدا کاریگەریەکی بۆزەتیڤی هەیە لە فێربوونی زماندا و فێربوونی زمانەکە خێراتر دەکات.

سەرچاوەکان:

- The Foreign Language Learning Process, British Council, ETIC Publication ,١٩٧٨.
- Languag & Style, Stephen Ullman, Oxford Basil Blackwell Publisher ,١٩٦٤.
- How to Learn a Forign Language, Pimsleur p, Boston ,١٩٨٠.
- Learning another language, Fiona Mcpherson ,١٩٩٨.
- wahat do you need to know to learn a foreign language, Paul Nation, Victoria University of Wellington ,٢٠١٤.

شەنگ محمد ردیب محمد رۆوف ڤین سعید عبدالعزیز

Shang.m.raouf@su.edu.krd avin.abdulazeez@su.edu.krd

فرمێسکێکی قەتیسماو لە چاو شانۆ

بیرەوەری

فرمێسک مستەفا

(بەشی دووەم)

تێبینی بۆ خوێنەران:

بەشی یەکەمی ئەم بیرەوەرییە لە ژمارە (٢٧)ی گۆڤاری شیکاردا بڵاوکراوەتەوە ...



بیرم نایەت لە دوای وەرگرتنی دەقەکە و لە ڕێی گەڕانەوەمان بۆ ماڵەوە من و کلۆپەی برام باسی هیچمان کردبێت. لە ماڵەوە تێکستی شانۆنامەکەم دەرکرد و دەستم کرد بە خوێندنەوەی. چالاکی ئەمجارەیانم وەک هیچ جارێکی دیکە نییە، ئەمجارە هەڵبژاردن و بڕیار دانە. ئەرکێکی قورس کەوتە سەر شانم، جیهانێکی نوێ هیچی دەربارە نازانم. ئەوەی دەمزانی دەبوو بڵێم بەڵێ، بەڵێیەکی خۆڕسکانەی سروشتی، بڕیاردانێکی یاخی! بەکڵپەم گوت: من بەشدار دەبم.

کڵپە: ئەوە بڕیاری کۆتاییتە؟

من: بەڵێ.

کڵپە: تۆ هیچ دەربارەی شانۆ دەزانیت؟

من : نا. بەس دەمەوێ بەشدار بم.

کڵپە خەیاڵێکی قوڵ بردییەوە و دوای تاوێک گوتی: باش.

ئیدی ڕۆژانە دوای خوێندنم لە ئامادەیی سلێمانی کچان، دەچوومە چالاکی قوتابخانەکان و ئێواران دوای مەشق کردن، لەگەڵ کڵپە دەگەڕامەوە ماڵەوە.

من ڕۆڵی کۆمبارسم وەرنەگرت، من ڕۆڵی سەرەکیم بینی. منێکی حەڤدە ساڵان دەبوو ببمە ٣٥ ساڵ. خۆی هەڵبژاردنی دەرهێنەرەکە بۆ من پڕکێشیی بوو، ڕازی بوونی منیش سەرکێشییەکی شێتانەی هەرزەکارێک بوو.
هەستی خۆمتان ناتوانم بە تەواوی بۆ باس بکەم، چونکە هەستێکی سۆفییانەی لەروحەوە هەڵقوڵاو بوو. ساتە وەختی بەتەنیا لە ناوەڕاستی سەکۆیەک وەستان، لە ژێر گڵۆپێکی ڕۆشندا، گەرمی گڵۆپەکە لەسەر سەرمی نەدەدا، بەڵکو لە نێوان پەنجەکانی پێمەوە دەڕۆیشت بۆ تەوقی سەرم. بۆ دەمارەکانم و منیان دەدرەوشاندەوە، تا دەرهێنەرەکە بمبینێت و بڕیاربدات، من دەتوانم ببمە ئەکتەر. یان ئەو ساتە نەگەڕاوەیەی منداڵیم بوو. کاتێک نۆ ساڵان بووم، لە چالاکییەکی خولی سەمای بالییەدا بەشدار بووم، کاتێک سەماکەمان بۆ بینەر نمایش کرد، من زۆر شەرمم دەکرد. دوای تەواو بوونی سەماکە و چەپڵە لێدانی بینەر، شانازییەک لام دروست بوو، کە چوومە پشتی شانۆکەوە، ویستم ئەمجارەیان بە بڕوابەخۆبوونەوە بگەڕێمەوە سەر سەکۆ وجارێکی تر سەماکەم بکەمەوە. بەڵام بەداخەوە یەک جار نمایشمان کرد و شانسی گەڕانەوەم نەبوو بۆ سەر سەکۆکە. لەو ساتەوە تینووی ئەوە بووم جارێکی دیکە، بگەڕێمەوە سەر سەکۆ بە بێ هیچ شەرمێک نمایشەکەم بکەمەوە. ئەو ساتەی لەسەر سەکۆی هۆڵی خالدییە وەستام، گەڕانەوەی ئەو حەزەی منداڵیم بوو، نەشئەی منداڵێکی نۆ ساڵان بوو. نەک هەرئەوەیش بەڵکو ئەوەتام خۆمم بە تەنیا.
نامەوێت زۆر ڕۆمانسیانە لێی بدوێم، هێندەی ئێستا لەم تەمەنەمدا دەتوانم وای ببینم، لەهەموو ئەو چالاکیانەی پێشووتر هەمبوون، ئاوا نەمدەتوانی خۆم بسەلمێنم. بە تەنیا ببینرێم، دیارە پێویستم بەوە بووە، کە فرمێسک دەبێت ببینرێت، دەبێت بەتەنیا قسە بکات، بەتەنیا پێبکەنێت و بگریت. بەڵێ خۆسەلماندن باشترین وشەی گونجاوە. لە کۆرسەکاندا من لە ڕیزی پشتەوە دایان ئەنام، چونکە جورمێکی بچکۆلە و لاوازم هەبوو، چی کچە باڵا بەرز و لەشولار پرو قەشەنگەکان هەیە، دەخرانە ڕیزی پێشەوە. لە یاری تۆپی دەستیشدا، لەبەر ئەوەی لە ڕاکردندا خێرا بووم و بچکۆلانە بووم دەمتوانی بە خێرایی تۆپەکە لە دەستی گروپەکەی تر وەربگرم، ئەو فرسەتەم نەبوو لە بەرگریدا بم لە پێشەوە، یان گۆڵچی بم، هەر نەدەبینرام، ئەوە باشترین جێگە بوو لەخۆشمدا ڕامدەبینی گەر بەتەنیا ببینرێم. فرمێسکە بچکۆلانەکەی منداڵییم ئەوەی دەخواست. بۆ سەلماندنی خۆمیش بێت، دەتوانم بەهرە و زیرەکی خۆم لێردا چڕبکەمەوە و بیانسەلمێنم. لەو تەمەنەوە تا ئێستا من کە لە ناوەراستی ئەو سەکۆیەدا دەوەستم، ڕۆڵی سەرەکیم هەبێت یان نا بۆمن گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە چۆن دەبینرێم! ئەندێشەکانم لە هونەری شانۆدا چڕبوونەوە، پلان و نەخشەی ژیانم ڕۆژانە لەوێدا دەکێشرا. نەک هەر بۆ شانۆ، بەڵکو دڵە بچکۆلانەکەم خورپەی ئەشقی گەیشتێ! بەرپشکۆی ئەشق کەوت. لەو تەمەنە کاڵوکرچە دا ژیان دەرگای بە ڕووی بەهرە و تواناکانمدا واڵا کرد. بەرپرسیارییەتی دڵم و ئامانجم بوونە ئەرک. بوونە پشتەکۆڵەیەکی قورس بە شانمەوە هەڵواسران، پشتەکۆڵەکەشم ناوی قەدەرم بوو.
ئیدی لە تەمەنی حەڤدە ساڵیمدا، کامڵ بووم. ڕێگە و ئامانجی خۆم دیاری کرد لە ژیاندا.

من دەبێ شانۆکاربم، شانۆ ئەو جوگرافیا بچکۆلە تۆزلێنیشتوە، پڕ پڕە لە گەرمی و تیشک و ژیان. ئەوێ بووە نیشتیمانم. ئەوە ئەو بەهەشتە بوو کە خۆشەویستەکانم نزایان بۆ کردبووم بیگەمێ.

بێمەوە سەر هاوسێ باشەکەم کە ئێواران دەچوومەماڵیان تا فێرببم. ئەمجارەیان پێویستم بە کەسێک بوو باسی شانۆم بۆ بکات، ئەو جیهانە شیرین و قووڵە. ئەو کەسەیش دلاوەر قەراخی بوو. ژورێکی بچکۆلانەی هەبوو پەنجەرەکەی بەسەر باخچەیەکی بچکۆلانە دا بوو، قەرەوێڵەیەک و مێزێکی نوسین و ئامێرێکی تۆمار کە هەمیشە گوێی لە داریوش دەگرت. دوو کورسی لاستیک. کتێبخانەیەکی بچوک لە ژورەکەیدا هەبوو. لەوێ چەندین کاتژمێر بەدیاریەوە دادەنیشتم تا باسی نووسەرە شانۆییەکانم بۆ بکات. باسی کۆلیجی هونەرە جوانەکان، ئەوکات ئەو لەوێ قوتابی بوو لە بەشی شانۆ. شەشی ناوەندیم تەواو کرد، باوکم پێی باش نەبوو کە بەهیچ شێوەیەک ڕێگەی هونەر بگرمەبەر. دەیگوت: جیهانێکی پڕ مەترسییە و خەڵکەکەی ناویشی ماندووت دەکەن. هەروەها هەمان ڕای هەبوو بۆ سیاسەتیش. هەمیشە بە ناو دۆڵابەکانماندا دەگەڕا و کتێب و بەیانی دەدۆزییەوە و حەوشەیەکمان هەبوو لە پشتی ماڵەکەمانەوە لەوێ دەیسوتاندن. چونکە خۆی زیندانی بینیبوو لە نوگرە سەلمان ئەشکەنجەیان دابوو، نەیدەوسیت ڕێگەی ژیانمان بەچەشنی خۆی سەخت و یەخسیر بێت!! پێی گوتم: تۆ بەخەیاڵ دەژیت لەوێش خەڵکی وای تێدایە ئەتوانن بەئاسانی بەرەو شێتبوونت بەرن. ئەو دنیایە بەکەڵکی تۆ نایەت. هەڵبەتە ئەو خۆی ئەو ئەزموونەی کردبوو، لێدەرچووی یەکەم خولی بەشی مۆسیقای پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغداد بوو ساڵی ١٩٥٧. پێشنیازی ئەو ئەوە بوو بچمە کۆلیجێکی دیکە و شانۆ وەک ئارەزوویەک لێبکەم. ئەو ساڵەی من شەشی ناوەندیم تەواو کرد، قوتابییەکی زۆر لە ماڵەوە دانیشتن بە هۆی ئەوەی نمرەیان کەم بوو. پرسیارەکانی ئەو ساڵە زۆر قورس بوون. بەشێکی زۆری دیکەیش تاقیکردنەوەکانی بەشی دووەمیان نەدا و ئەو ساڵە مانەوە. هەرچەندە من زیرەک نەبووم. تەنیا تۆزێک زیتەڵە بووم و زانیاری گشتیم هەبوو، کە لە وانەکانی مێژوو، وە جوگرافیادا یارمەتی دام.

ویستم وانەی مێژوو هەڵبگرمەوە بۆ دەوری دووەم، بەڵام باوکم نەیهێشت. کە چوومە ژوری تاقیکردنەوە، تا چارەکێک هەموومان بە دیار پرسیارەکانەوە دانیشتین. کاتێ دەستم کرد بە وەڵام دانەوە، کوڕێکی قوتابی لە پشتمەوە بوو، ناوی فەرەیدوون بوو. گوتی؛ بەڕاستیتە وەڵام دەدەیتەوە؟ چی دەنوسی؟ گوتم: نازانم ئەوەی لە کتێبی تردا خوێندومەتەوە ئەوە دەنوسم. هەروەها وانەکانی زمان باشبووم، بێ لە عەرەبی کە لە ڕێزمانەکەیدا لاواز بووم.. نمرەی کۆتایم ٦٧ بوو. بەرامبەر ٧٧ ی ساڵانی پێشوو بوو. کە چووم بۆ وەرگرتنی کارتەکەم لە گەڕانەوەدا باوکم بینی لەبەر دەرکی سەرا، چاوەڕێی دەکردم. پێمگوت: دەرچووم و نمرەکەیشم ئەوەندەیە. زۆر بەشانازییەوە کارتەکەی لێوەرگرتم وبردی . ئەو باوکەی دوای پۆلی سێ دەیویست دواناوەندی بازرگانیم پێ بخوێنێت، ئێستا کاتەکەمی فڕاند و بەخۆشییەوە و بردی. نەمزانی بۆ کوێ!! ئەو سەرکەوتنەم پشتیوانی برایەکم بوو، کەبەرامبەر باوکم وەستایەوە،

تا خوشکەکەی ئامادەیی بخوێنێت. نمرەی ئەو ساڵەی من شانسی کۆلیجی یاسایی هەبوو. چونکە دواجار کۆلیجەکان بە نمرەی نزمیشەوە قوتابیان وەردەگرت. گەرچی نیوەیان ساڵێک لە ماڵەوە مانەوە. خۆشم نازانم بۆ دەرچووم!! خۆم بە زیرەک نەدەهاتە بەرچاو و ئەو قوتابییە زۆر زیرەکەش نەبووم. زۆر باشیش سەعیم نەدەکرد. بیرم دێت دایکم بەرەبەیان لەسەربان هەڵیدەستانم ناوی هەموو ئەو کچ و کوڕانەی پێدەگوتم کە هەستاون لەخەو لەسەربان سەعی دەکەن. هەندێکیان بەڕاستی زیرەک بوون، مەخابن نمرەکانیان هێندەی زیرەکییان نەبوو. ڕاستە کە گوتوویانە پۆلی شەشی بەکەلۆری وەک یاری قومارە. هەموو جارێک بە پێکەنینەوە بە دایکمم دەگوت: هەموویان بوون بە چاوی تۆوە کچێ.

دوای پاڕانەوە و گریان و تەحەداکردنی بەردەوام و گفتوگۆکردن، باوکم ڕازی بوو.

 لەگەڵ مندا چەند دەسەخوشکێکم لەشاری سلێمانی، چووینە کۆلیجی هونەرە جوانەکان. یەکەمین چوونمان بوو بۆ شاری بەغداد. باوکم لەگەڵماندا هات، لە هۆتێل شیرین لە شەقامی کەندی کە پێی دەگوترا سەفارەتی کوردی، لەوێ میوان بووین. باوکم زۆر میهرەبان بوو لەگەڵماندا، کەسێکی تەواو پێچەوانەم بینی وەک لەوەی لە ماڵەوە هەیە. شەوەکەی خۆی چووە دەرێ و ئێمەی جێهێشت، ئێمەش کەوتینە بەزمی کچانە و قسەی قۆشمە و پێکەنین و قاقای بێ کۆتایی. هەموومان گەشی ژیان بوو، شەرمنانە چوینە بالکۆنی ژورەکەمان، بەسەر شەقامێکی چڕ و قەرەباڵخدا دەیڕوانی. باڵەخانەکانی دەورمان هێندە بەرز بوون، نەماندەتوانی شەقامەکەی بەرامبەر و ئەملاو ئەولامان ببینین. میدیا بەسەر سورمانێکەوە گوتی: بەقوربانی بەغداد بم، ئەم هەموو حەسیب ساڵحە!! سەری هەموو سەعاتێکیش تا باوکم هاتەوە کەسێک لە دەرگاکەمانی ئەدا، چەند بوتڵە سینانکۆیەکی بەدەستەوە بوو، دەیگوت : ئەوە باوکت پێی وتووم بۆتان بهێنم.

سەرلەبەیانی بەرەو کۆلیج بەڕێ کەوتین بە پاسێکی سوری دووقاتی. بۆیەکەم جارە ئێمە سەرنشینی پاسێکی وابین. بۆ یەکەم جارە ڕوخساری نامۆ ببینم کە زۆر لە کورد ناکەن، هەروەها زمانێکی نامۆ، بە ئاستەم دەتوانی لێی تێبگەیت. کوڵمەکانم لە گەرما و شادیدا سوور هەڵگەڕابوون.

 بە قژێکی کورتەوە، کراسێکی بێ قۆڵی سور تا سەر ئەژنۆکانم بوو، جوتێک پێڵاوی پاژنە بەرزی سپیشم لە پێدا بوو. بۆیەکەم جار بوو پێڵاوی پاژنە بەرز لە پێ بکەم و برۆکانم باریک بکەمەوە و سوراوێکی سوور بدەم لە لێوەکانم. ئەمە بە شۆڕشی گەورەبوون لە قەڵەم ئەدرێت. بە واتای گەیشتن بە ئامانج و پچڕاندن لە خێزان و بەدەستهێنانی سەربەستی وسەربەخۆیی بوو.

کچی پورم ژاڵەکۆ کە ساڵێک پێش من چووە زانکۆی بەغداد، لە کۆلیجی ئاداب بەشی زمانی فارسی دەیخوێند. لە سەربان بە دزی دایکم و باوکمەوە برۆکانی بۆ باریک کردمەوە. لە یەکێک لەو ڕۆژانەی لەگەڵ باوکمدا لە گفتوگۆی قەناعەت پێکردنیدا بووم کە بچمە کۆلیجی هونەرەجوانەکان کە ئەو کات پێی دەگوترا ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان، خاولیم بە سەرەوە بوو، باوکم لە نیوەی گفتوگۆکەماندا وتی: ئەوە چییە کچێ بۆ خۆت کردووە بە شەیتان!!

هاهاها . بیرم چووبووەوە بڕۆم کردووە. دەنا بەو جەسوورییە ڕووبەڕووی نەدەبوومەوە. هیچ نەبێت پەرچەمەکەم ئەدایە سەر بڕۆم. نەک بە خاولی قژم بپێچمەوە! وابزانم تەنیا ئەو ڕۆژە بوو هیچم بۆ نەوترا لەشەرمدا، هەستام جێمهیشت، لە ناکاودا ئاوڕێکم دایەوە و پێم گوت: ئەی ئیتر گەورە بووم. باوکم ڕاستی دەکرد، کە بە دایکمی دەگوت: ئەمە بلوێربەزێنە. هەمیشە وەڵامێکی ئامادەکراوم پێبوو.

گەیشتینە ناو دەروازەی کۆلیجی هونەرە جوانەکان. دوای پرسگە ڕێیەکی باریکەلەی دووروو درێژ ئەملاو ئەولای باخچە بوو، داری پرتەقاڵ و لیمۆ و دار خورمای باڵا بەرزی تێدا ڕووا بوو. چەند کورسی بانکێک لە باخچەکاندا هەبوون. لای چەپ کتێبخانەکە بوو سەرەوەی کتێبخانەکە بەشێک بوو وابزانم تەواوکەرەوەی بەشی سەمعییەو مەرئیە بوو. لای ڕاستیش عەمادە و بەشی شێوەکاری بەهەموو لقەکانییەوە. گۆڕەپانێک بۆ وەرزش و تێنسی ئەرزی، لە بنی بنەوەیش بەشی شانۆ بوو دەرگاکەی دەکەوتە بەشی دواوەی کۆلیجەکە. لە نێوان بەشی شانۆ و کتێبخانەکە کافتریای کۆلیجەکە بوو کە ناوی (نادی الكلیه) بوو، بەدەوری کافتریاکە پێپلیکانەی بە ڕەنگی شین بۆیاخ کراو بوو. ئیستمارەکانمان دانێ و خۆمان ناونوس کرد. تاقی کردنەوەی وەرگرتنمان دابەش کرابووە سەر سێ قۆناخ:. تیۆری، پراکتیک، لیاقەی بەدەنی لە هۆڵی تاقیکردنەوەدا لیژنەی تاقیکردنەوە چەند مامۆستایەک بوون، ئەوان کوردیان نەدەزانی منیش هەروەها عەرەبیم نەدەزانی، نەک هەر ئەوە، بەڵکو بۆ یەکەمجاریشم بوو شاری بەغداد ببینم. هەر کە خۆم کرد بە هۆڵەکەدا، بووە غەڵبەغەڵب و پێکەنین، شەرم دایگرتم بە خۆمم گوت: دەبێت وەربگیرێت؟ وابزانم دڵم لە لێدان کەوت، خەیاڵم نەما، بوومە کەسێک کە ئێستا لەهەموو کاتەکانی تری ژیانی گرنگترە. ئێستا و ئێرە هەموو ژیانت دەتوانێت بگۆڕێت. پرسیاری ناوەکەیان لێ کردم، یەکێک لە مامۆستاکان گوتی: تورکمانیت؟

من: نا کوردم؟

مامۆستاکە: ئەی ناوەکەت بۆ لە تورکمانی دەچێت؟

من: نا کوردییە.

مامۆستاکە : هیچ مانایەکی هەیە؟

من : بەڵێ . دمعە.

هەموو پێکەوە : ئەڵاااا لەو ناوە!

بەدەم ئەم قسانەوە هەر لە مدیوی دەرگاکەوە پێڵاوە بەرزەکانم داکەنی، بە پێی پەتی چوومە سەر ئەو سەکۆیەی لە دواجاردا هۆڵی موحازەرەمان بوو. مۆنۆلۆگێکی ئۆفیلیام ئامادە کردبوو، پێشوەخت چەند هاوڕێیەکم فێریان کردم وتیان: ئەگەر وتیان بەسە، تۆ هەر بەردەوام بە، با وابزانن تۆ تەواو لە ناو ڕۆڵەکەتدایت وگوێت لەوان نییە و تەقەموسی تەواوت کردووە. ئەمەش مەرجێکی سەرەکی ئەکتەرە لە کاتی نواندندا. لە ڕاستیدا بە درێژایی کاتەکە ئاگام لە هەناسەدانیشیان بوو، گوێم لە چرپە چرپیشیان بوو کە سەریان دەنا بە سەری یەکترەوە وئەدووان. ئیتر لە هەلومەرجێکی وادا تەقەموسی چی،هاهاها!!!

چەند پرسیارێکیان لێ کردمەوە، مامۆستای ڕەوانشادم د. شفیق مەهدی بە زمانی کوردییەکی پڕ ئەکسێنت، تەنیا ئەو ڕستەیەیان فێر کردبوو.
گوتی: تۆ شانۆت خۆش دەوێت؟
منیش بە عەرەبییەکەی خۆم لە کوردییەکەی ئەو باشتر نەبوو وەڵامم دایەوە
من: وەک دایکم.
بە دوو چاوی گەورەی پڕ بریقە پێی گوتم: وەرە خوارێ.
نەچوومە خوارەوە،
پێم گوتن: دەتانەوێت گۆرانییەکتان بۆ بڵێم ؟
ئەمەیان ڕێک مەکر وعەیارییەکەی منداڵیم بوو،کە لە کاتی تاقیکردنەوەکاندا بە هانامەوە دەهات. نازانم چۆن بۆم هات! هاهاهاها. سەرەتا بە کۆی دەنگ ڕازی بوون.
دوایی پرسیاریان لێم کرد کە چ گۆرانییەکە؟
گوتم: گۆرانییەکی فارسییە.
ئێ ناکۆکی کەوتە نێوانیانەوە، یەکێک دەیگوت بابیڵێ، ئەوەی دیکە بە گرژییەوە دەیگوت نا نەخێر با نەیڵێت و پێویست ناکات (لە ناوەراستی جەنگی کەنداودا بووین). ئەوان هیشتا سوڵحیان نەکردبوو، من گۆرانییەکی گوگوشم گوت (مەنئۆ مە دام) فارسی چییە نایزانم و وشەکانیش هەڵە بوون و هەر میلۆدییەکەی وەک خۆی بوو ئەو گۆرانییە دوو جار بەکەڵکم هاتووە لە سەر دەمی دانیشگە دا. جارێکی دیکەش لە وانەی ریتم و چێژی مۆسیقادا بوو! هیچم ئامادە نەکردبوو بۆ تاقی کردنەوە خێرا ئەم گۆرانیەم گوت.
بۆ گەڕاندنەوەی شکۆی خۆیان لە گۆرانییەکی بەناو فارسییەوە، یان ترس بوو. یەکێک لە مامۆستاکان هەڵیدائێ و گوتی: ڕات بەرامبەر جەنگی قادسییە چییە؟ هەستم کرد هەڵە بووم گۆرانییە فارسییەکەم وتووە، دەنا دوچاری ئەم پرسیارە نەدەبوومەوە.
بیرم کردەوە چ بڵێم !! بیرم بۆ ئەو ریکلامە تەلەفیزیۆنیانە چووەوە کە شەو ئاکاری تیڤییەکانیان تەرخان کردبوو بۆ ئەو جەنگە دۆڕاوە. یەکێک لە شیعارەکانم هاتەوە یاد.
من: مثل ما یگولون معرکە شرف و الکرامە. (وەک دەڵێن جەنگی شەرەف و کەرامەتە).
مامۆستاکە بە تەوسەوە: یەعنی خۆت هیچ نازانیت!! وەک دەڵێن؟ ها؟
من هیچم نەگوت و بە نەرمی هاتمە خوارێ و پێڵاوەکانم لە پێکرد. دوای تۆزێک هێمنی ناو هۆڵەکە، خێرا من پرسیارێکم کرد و هێمنی هۆڵەکەم شکاند.
گوتم: ئەلبومێکم پێیە وێنەی چالاکییە هونەرییەکانمی تێدایە، دەتانەوێت ببینن؟
د. شەفیق ئەلمەهدی گوتی: هەمووت چالاکییە پێویستمان پێی نییە.
یەکێک لە هۆڵەکەوە بەدەم زەردەخەنەوە گوتی: کامران رەئوف دەناسیت؟
من : نەخێر.
ئەو: حەیف چۆن نایناسیت! ئەکتەرێکی زۆر باشە.
من: نازانم کێیە.
ڕامکردە دەرێ بە خۆشییەکەی بێ هاوتا، تامی ئەو خۆشییە هەتا ماوم لە یاد ناکەم. لە

هۆڵێکی دیکە تاقی کردنەوەی تیۆری بوو. قۆناخێکی سەخت، بە عەرەبی دەبێت وەڵام بدەمەوە، گوایە خوێندنەوەی زانیاری گشتی بوو بۆ ناسینی ئێمە.

بە مامۆستاکەم گوت: من دەتوانم وەڵامی هەموو پرسیارەکانت بدەمەوە، بەڵام بە کوردی!

گوتی: هەر هەمووی دەتوانی وەڵام بدەیتەوە؟

گوتم : بێگومان هەر هەموو پرسیارەکان!

گوتی: بە کوردی وەڵام بدەوە، خێزانی د. عونی کەرومی کوردە و ئەیدەین بەو بۆمان وەربگێڕێت.

هەموو قوتابییە کوردەکان بە کوردی وەڵامی پرسیارەکانمان دایەوە. هەر ئەو ڕۆژە کاک ئازای شیخ حەسیب لە کۆلیج هاتبوو بۆ سەردان، ئەو وەڵامەکانی ئێمەی بۆ وەرگێرابوون.

پرسیارەکانم تا ئێستا لە بیرە، پرسیاری یەکەم، ئەگەر بەشداریت لە شانۆنامەیەک کردبێت، باسی بکە. هەروەها باس لە نوسەرەکە و ڕۆڵەکەت بکە. دووهەمیان شیکارێک بۆ کارێکی تری شانۆیی بکە کە بینەر بووبیت. لێی ئاسانتر نەبوو. ئەوەی دوای ئەوە شکسپیر کێیە؟ لەوەش ئاسانتر نەبوو، ناوی کۆمەڵێک شاعیری جیهانی و ئێراقی لەوانە بەدرشاکر سەیاب ناوی هاتبوو لەگەڵ ئەراگۆن. دەمتوانی بە کورتی باسی ئەوانیش بکەم. بەم جۆرە ئەوەشم بڕی.

سێیەمیان تاقی کردنەوەی لیاقەی بەدەنی بوو. هەر خۆم کرد بە هۆڵەکە دا دوو مامۆستای لاو بوون، دەمە تەقێیەکیان کرد و وتیان ساڵی چەند لە دایک بوویت؟ کە پێم گوتن بەدەم پێکەنینەوە شتێکیان گوت. ڕاستیتان دەوێ؟ لەو هۆڵە بەهەستێکی زۆر ناخۆشەوە هاتمە دەرێ، هەرچەندە ئەوان داوایان کرد، گۆزەیەک هەڵگرم بچم بۆ کانی ئاوی تێبکەم و بێمەوە، کێشەی ئەوەم نەبوو کە ئەوداواکارییەم خراپ بووبێت، بەڵکو پێکەنینە زۆرەکەی ئەوان کە منیان بینی کێشەم بوو. یەکەم ساڵی خوێندن دوای ئەوەی کە زمانی عەرەبییەکەم تۆزێک باش بوو، لە دڵم دەرنەچووبوو، خۆم کرد بە ژورەکەیاندا، پرسیاری ئەوەم لێ کردن بۆ ئەو ڕۆژە پێم پێکەنین؟ یەکێیان هەڵی دایێ و گوتی: فرمێسک ئەوەنە بچکۆلە بوویت، وتمان ئەمساڵ دەبێت حەفازەش بێنین بۆ کولیە. تەنانەت قوتابییە کوردەکانیش لەیەکەم ڕۆژی دەوامەدا وتیان وامانزانیوە لەگەڵ خوشکەکەتدا هاتوویت، کەچی خۆ دەوام ئەکەیت! دوو مانگ دوای تاقی کردنەوەکەم من نە شەوم هەبوو نە ڕۆژ، هێندەت نەدەزانی دەگریام لە خۆمەوە، دەترسام وەرنەگیرێم. هەموو ژیانم بووە خوێندنی شانۆ. ژیان هچی تێدا نەما بۆ من تەنیا وەرگرتنم نەبێت لەوێ. ترس و دڵە ڕاوکێ بەدوومەوە بوون. تا ئەو ڕۆژەی هەواڵم بۆ هات کە لیستی ناوەکان هەڵواسراون، یەکەم ناو فرتیسکۆ مستەفایە نەمدەزانی دڵم خۆش بێت یان نا؟ منم یا نا؟ دەمگوت نا خۆمم!! دوایش دەمگوت نا خۆ ناوم فرتیسکۆ نییە. نەخێر خۆم بووم . تا ئەو کاتەی دەبوو بچین ئیستمارەی تر پڕبکەینەوە، ڕەوان شاد نوری ئەحمەدی تەها (مێردی پورم) پێکەوە لەگەڵ ژاڵەکۆی پورزامدا بردینی بۆ بەغداد. لەگەڵمدا هاتە ناو کۆلیجەوە و لیستی ناوەکانمان داوا کرد، بەڵێ فرتیسکۆ مستەفا من بووم. بوومە قوتابی بەشی شانۆ. تەمەنم هێشتا هەژدە ساڵانە و لە خێزانەکەم دابڕام، دەبوو ئاگاداری خۆم و شانۆ بم! جەنگی ئێران و ئێراق لە لوتکەیدا بوو، وەک ڕەشبگیرلاویان دەنارد بۆ سەربازی و بۆ

جەنگیان ڕەوانە دەکردن. کڵپە بووە سەرباز، تەنیا جارێک فریا کەوت بێتە سەردانم. ئەوەیش لەگەڵ ئازای شێخ حسیب بوو. لە بەردەمی دەرگای بەشەناوخۆییەکەمدا وەستا، تێر قسەمان کرد و پێکەنین و باسی دارخورماکەی تەنیشتمان کرد. پێم گوت: کڵپە زۆر حەز دەکەم بەسەر ئەم دارخورمایە دا سەرکەوم.

کڵپە سەیرێکی ئازای کرد، گوتی: ئەگەرئێستا نەیکات، کەمن ڕۆیشتمەوە هەر سەر ئەکەوێت بە دارەکەیا. دەی فەرموو تا لێرەم سەرکەوە.

کڵپە خۆی دارخورما باڵا کەڵەگەتەکەم بوو، کە دەیتوانی لە ناوقەدی خۆیا بمبەستێت و کۆشم بۆ پڕبکات لە خورمای شیرین. برایەک بە تامی دڵنیایی.

بەشە ناوخۆییەکەمان نزیک بوو لە وەزارەتی بەرگرییەوە، هەر بۆیە مەترسیمان لەسەر بوو بۆ بۆردوومانەکانی ئێران. شەوێکیان، لەسەر جێیەکەم دانیشتبووم دەمخوێند، لە پەنجەرەکەوە موشەکێکی سپیم بینی، ڕێک دەتگوت کەلەشەکرە. هەرلەو چرکەیەدا، لە چاو نوقاندێکدا، دەنگی ڕوخاندنی چەندین باڵەخانە پێکەوە هات، دەنگی ئیسعاف و لورەی ئاگرکوژێنەوە و هاوار و گریانی خەڵک. چ کارەساتێک بوو.لە سلێمانی بۆردوومانم بینیبوو. بەڵام بەوجۆرە گوێم لە داڕماندن و روخاندنی باڵاخانە نەبوو بوو، ئەوەی من بینیبووم، کە بۆردوومانی حامییەی دەکرد، بەرد وخۆڵ و لەوح پێکەوە وەک گێژەڵوکە بە ئاسماندا هەڵدەچوون و زرمەی شوشەی پەنجەرەی ماڵەکەمان دەهات.

قوتابییە کوردەکان خێرا بەرەو سەربانی بەشەناوخۆییەکە ڕایانکرد، پێمان خۆش بوو جێیەکی هەستیاری جومگەی سەدام وێران کرابێت، بەڵام قوتابییە عەرەبەکان ئەوەی لە هۆش خۆی دەچوو، لە هۆش خۆی دەچوو. ئەوەی دەگریا و لە خودا دەپاڕایەوە، بە ئێمەیان دەگوت بۆچی دەڕۆین بۆ سەربان! ئەوان ئێمەیان لە سلێمانی نەبینیبوو، لەگەڵ هەموو بۆردومانێکدا ڕامان دەکرد بۆ سەربان و بە خۆشییەوە سەیری ئەو جێیانەمان دەکرد کە بنکەی ئەفسەری سەدام بوون و وێران دەکرا. چ حەز بە خۆشییەکە؟ ئێستا لەم تەمەنەمدا بەزەیم بەو ئەفسەرانەشدا دێتەوە. هەموو ئەفسەری بە زۆرە ملێ بوون. جەنگ قێزەونترین دیاردەی ژیانە، ڕەشترین هەناوە.

کڵپە لەسەربازی هەڵهات و چووە ئێران. ئیدی کۆستێکی گەورەم کەوت، هاورێ و پشتیوانەکەم لە پڕجێی هێشتم، ژیانی ماڵەوەمان و منیش بووە دۆزەخ. ئێستایش کە بیری لێدەکەمەوە، دەبێت قووڵ هەناسە هەڵکێشم و گریانی ناو هەناوم بگرم. لەو ڕۆژانەدا زۆر شت گۆڕدرا. من، هاوڕێکانم، دۆخی ژیان. تەندروستیشم، کە گومانی شێرپەنجەی خوێنم لێدەکرا. جارێک وام لێهات خۆزگە بەوە بخوازم کە بەقسەی باوکمم بۆ نەکرد. باوکم پشتیوان و هاوکارم بوو. یەکەمین ئامۆژگاری ئەو دوای وەرگرتنم لە کۆلیج ئەوە بوو(ئیتر تۆ دەبێت خۆت وەک ئەفسەرێک ببینیت، لە ناو جەنگێکی دڵڕەقدایت، هەر کاتێک تۆیان ویست دەبێت بەهەموو ئازاییەکەوە ئامادە وپڕچەک بچیتە ناو مەیدانی جەنگەوە).

باوکم کە زانی نەخۆشم ڕۆژێک هات بۆ لام بردمییە دەرەوە . لە وەزیرییە بەشەناوخۆییەکەی

خۆی پێشان دام، بردمی بۆ کۆرنیش لەوێ ماسی برژاومان خوارد.

ئامۆژگاری کردم گوتی: هەموو تەمەنی تۆ لەم چوار ساڵەدا چڕ دەبێتەوە، بیر لە هیچ گرفتێک مەکەوە، هێندەی لەو چوارساڵە، خۆشترین کات و ساتی تەمەنە، کە ڕۆی ناگەڕێتەوە، هەوڵبدە چێژی لێبببینیت.

ئەو دەیزانی نەخۆشییەکەی من پاڵەپەستۆی دەروونییە. ئەو پیاوە توڕە و بەزەبرە، ئەو رۆژە هێندە میهرەبان بوو، دەتگوت لۆکەی قەد نەمامی باخچەی ماڵەکەی تەیراوەیە.

لە قۆناخی یەکەمی کۆلیجدا، ناوی کاری هەریەک لە مامۆستاکان هەڵواسرا. ئێمەی قوتابی قۆناخی یەکەم، بۆمان نەبوو، ڕۆڵ ببینین، تەنیا دەبوو کاری کارگێڕی بکەین لە کارە شانۆییەکانی ئەو ساڵەدا. ناوی من لە هیچ کارێکدا نەبوو. خەمبار بووم، ئەی گوایە من بۆ هاتوومەتە کۆلیج گەر نواندن نەکەم! زۆرم پەلە بوو، بچمە سەر شانۆ. لە ڕاڕەوی بەشی شانۆ لوتم بوو بە لووتی د. سەلاح قەسەبەوە. ناوبانگیم لە سلێمانی بیستبوو. ئەو پێشەنگی شانۆی وێنەیە لە نیشتمانی عەرەبی. بە عەرەبییەکی شەقوشڕ، هەڵەی ڕێزمان. چوومە بەردەمی و گوتم: اريد اشتغل وياچ.

زۆر پێکەنی و قاقای لێدا، دەستی برد بۆ سمێڵی و دەستەکەی تری کردە ملم.

گوتی: بشرفي راح تشتغلين ويايه.

دەستی هەر لە ملمدا بوو، بردمی بۆ ژوری مامۆستاکانم، پێی گوتن کە چیم گوتووە، هەموو پێکەنین. منیش تەقەی سەرم دەهات نەمدەزانی بۆ پێدەکەنن. لە دواییدا زانیم (ویاچ، بۆ ژنە نەک بۆ پیاو). ڕۆڵێ کۆردیلیام وەرگرت، کە دەقەکەم خوێندەوە، پرسیاری لێکردم، لێی پرسیم ئایا پێشتر نواندم کردووە؟ گوتم: بەڵێ لە شانۆنامەی شا لیردا، لەتەک مامۆستای وانەی نواندنم، مامۆستا سامی عبدالحمید. هەروەها چەندین قوتابی بەتوانای کۆلیجەکە، میدیای رەوف بێگەردیش کاستین بوو. بەشدار بووم. هەموو بە قوتابی و مامۆستاوە،خۆشیان دەویستم. بەرامبەر بەوەیش بڕوایان بە توانام هەبوو، زۆر گرنگیان پێدەدام. ڕۆژێک لە پرۆڤەدا لە سەر پێپلیکانەی هۆڵەکە دانیشتبووم لەسەر چیمەنتۆکە. د. سەلاح چاکەتی قاتەکەی چوارقەد کرد وەک گۆشەیەکی لێکرد و دایمێ لەسەری دانیشم. ناوی نام زینە بە ناوی کچەکەی خۆیەوە.

هەر رۆژە نا رۆژێک مامۆستایەکی بەشێ شێوەکاری بە پۆشاکێکی خاکییەوە دەهاتە لامان و قوتابییە کوردەکانی کۆ دەکردەوە، دوو قوتابی عەرەبیش، داوای لێدەکردین بە زۆرە ملێ ئێمە واژوو بکەین بۆ حزبی بەعس.

بۆ د. سەلاح قەسەبم باس کرد، کە ئەو کەسە هەراسانی کردووم. دکتۆر سەلاح قەسەب منی بردە لای ئەو مامۆستایەکی بەشی شێوەکاری، پێی گو : هەر کاتێک ویستت قسە لەگەڵ فرمێسک بکەیت، وەرە لای من. فرمێسک زینەی کچمە. هەرچییەکت ویست وەرە بۆلای باوکی.

تا ئەو کاتەی کۆلیجم تەواو کرد، کەسێک نەهاتە لام و لێپرسینەوەی حزبیم لەگەڵدا بکات.

یەکەم قۆناخی خوێندنم لە شانۆ من ڕۆڵی کۆردیلام بینی لە شانۆ نامەی شا لیری شکسپیردا.

نەک هەر ئەوە مامۆستای وانەی نواندنم ڕەوانشاد سامی عبدالحمید شالیر بوو، کۆمەڵێک خوێندکاری سەرکەوتوو بەناوبانگیش، کە سێ قۆناخ پێش خۆم بوون. ڕۆژێک ڕۆژنامە نوسێکی ڕۆژنامەی الثوره لە گۆڕەپانی کۆلیجەکە بەرەو ڕووم هات و پێی گوتم: تۆ لە یەکەم قۆناخدا ئەمەت کرد و ئەو ڕۆڵەت بینی، دەبێت لە قۆناخی چوارەمدا چی بکەیت؟ ئەم ڕستەیە هەموو ساڵەکانی خوێندنم لە کۆلیج لە ناو جانتای شانمدا هەڵگرتبوو، هەندێ کات تووشی دڵە راوکێی دەکردم، دەترسام کە رۆلێکی باشتر نەبینم یان بڵێم تووشی بەرپرسیارییەتی کردم.

ئێمە هەر چوار کچە کوردەکە، بە توانای خۆمان هەموو مامۆستا و قوتابییەکانمان سەرسام کردبوو. هەر مامۆستایەک کارێکی شانۆیی بکردبایە دەبوو ئێمە ڕۆڵی سەرەکیمان تێیدا هەبێت. هەموو یاساکانی کۆلیجەکەمان پێچەوانە کردبۆیەوە. بۆ نمونە قوتابی بۆی نەبوو لە تیپەکانی دەرەوەی کۆلیج کار بکات،، تا قۆناخی کۆتایی. تیپە شانۆییەکان یاسای تایبەت بە خۆیان هەبوو، کە ئەندامەکانی خۆیان دەبێت بەشداربن، یاخود ئەو ئەکتەرانەی لە سینەما و مەسرەح فەرمانبەر بوون. یەکەمین کاری دەرەوەی کۆلیج من لە قۆناخی یەکەمدا بووم، لە شانۆی ستین کرسی کە لە سەر شەقامی سەعدون بوو. شانۆنامەی بدر شاکر السیاب بوو. لە دەرهێنانی دکتۆر عقیل مهدی. من و نیگاری شێخ حسیب ڕۆڵمان تێدا دەبینی. هەروەها یەکێک لە مامۆستاکانمان بەناوی میمون الخالدی ڕۆڵی سیابی شاعیری دەبینی. شانۆیەکی شیعر ئامێز بوو، بۆ من زۆر گران بوو. پێویستی بە زمان لێزانێکی باش بوو لە ئەدا و دەمو دوودا. قوتابییە کان و بەشدار بووان هاوکارییەکی تەواویان کردم، لە چۆنیەتی ئیلقاکردنیدا. دوو رۆڵم هەبوو، یەکێکیان دایکی سەیاب و ئەوی دیکەیان وەفیقەی دەستگیرانی. نیگاریش تیمار پێچی نەخۆشخانەکە و سەرپەرشتی بەدر شاکر سەیابی دەکرد. لەوێشەوە دەرگایەکی ناوبانگی تر بەڕووماندا کرایەوە.

ئێوارەیەکیان دوای تەواو بوونی نمایشەکەمان، دکتۆر مورسل الزیدی کە دواجار بووە ڕاگری کۆلیجەکەمان، هاتە سەر شانۆکە و دەستی ماچ کردم، بە خەڵکەکەی گوت: وەرن قسەی لەگەڵدا بکەن، بزانن دەتوانێ بە عەرەبی وەڵامتان بداتەوە؟ بەڵام کێ زانی ئەمە کوردە! من و نیگاری پاداشت کرد بە سپاسگوزاری بۆ ئەو رۆڵەی بینیمان.

ماڵی شانۆی شەست کورسی، شانۆیەکی نیمچە ئەزمونگەر و نوێخواز بوو. ناوی بەخۆیەوە بوو، ژمارەی کورسییەکانی تەنیا شەست کورسی بوون.

هەروەها کارێکی ترمان لە دەرەوەی کۆلیج کرد، لە کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی لە بەغداد. (جمعیه الثقافه الکردیه) بەناوی الزیاره. لە دەرهێنانی ڕەوانشاد ئیبراهیم چێوار و نواندنی میدیا و نیگار وشەماڵ و من بوو.

جارێکی دیکە بەشداری شانۆنامەیەکی ترم کردەوە لەگەڵ میدیا دا، ئەو شانۆ نامەیەش لە دەرەوەی کۆلیج بوو، بەرهەمی مسرح القومی بوو. شانۆ نامەی لمن الزهور. گوڵەکان بۆ کێ؟ دەرهێنانی عزیز خیون و نواندنی ئیقبال نەعیم و کەریم رەشید بوو. ئەو شانۆ نامەیە بۆ

فێستڤاڵی شانۆی عەرەبی لە بەغداد خولی یەکەمی لەسەر سەکۆی مسرح الرشید نمایش کرا. کاتێ ریکلام بۆ فێستڤاڵەکە کرا، یەکەمین شت دیمەنی شانۆنامەکەی ئێمە بوو، ئەو دیمەنە بوو کە من دێمە سەر سەکۆ. بۆمنێکی تازە هەڵکەوتوو لە شانۆدا، جێگەی شادومانیم بوو. هەروەها بۆ خێزانەکەشم وابوو. رۆژانی پرۆڤەی ئەم شانۆ نامەیە، لە ناو بەڕێوەبەرایەتی سینەما و مەسرەح بوو. ئەو فەرمانبەرایەتییە تەنیا ئەو ئەکتەر و دەرهێنەرانەی وەردەگرت کە زیاتر لە پێنج ساڵی تەمەنی کارکردنیان لە شانۆ و سینەما دا گەیشتوونەتە پلەی ئەستێرەی ئێراقی. هەربۆیەش فەرمانبەرایەتییەکی زۆر شیک و پوخت و جوان بوو. لە بینا سازی هەموو پێداویستییەکانی تێدا بوو، کە سینەما و شانۆ و ئەکتەر پێویستیانە. باڵەخانەیەکی چەند نهۆمی بوو. تەنانەت جێگەی حەوانەوەیشی تێدا بوو، چەندین هۆڵ بۆ پرۆڤەکردن و ژوری ماکیاج و ژوری ڕاهێنان و هەر دەرهێنەرە و ژورێکی تایبەت بەخۆی هەبوو. ئەوانەی لەوێش دەبوونە فەرمانبەر، رۆژانە دەوامیان نەدەکرد، تەفەروغیان پێکرابوو بۆ پرۆڤە و بەشداری کارە هونەرییەکانیان. رۆژێکیان من و میدیا لە چێشتخانەی فەرمانبەرایەتییەکە دانیشتبووین برسیمان بوو. پرۆڤەکانمان دوای دەوامی کۆلێجمان بوو. تووشی شۆک بووین. چێشتخانەیەکی هێندە جوان و گەورەمان تەوەقوع نەدەکرد. لەو لاشەوە ئەکتەرە بە ناوبانگەکانی دراما و فیلمە ئێراقییەکان بە لاماندا تێپەڕدەبوون سەر سینییەکانیان پڕ بوو لە برنج و ڕانە مریشک هاهاها. میدیا بەدەم پێکەنینەوە پێی گوتم: تۆ بەلایەکی چاو سەیری نرخی خواردنەکان بکە، با کەس پێمان نەزانێت!! منیش کە سەیری مینوە هەڵواسراوەکەم کرد و نرخەکانی لەسەری نوسرابوو. دامە قاقای پێکەنین و گوتم: کچێ پارەکەی پێمانە بەشی ماستاوێک دەکات بە برسێتی پرۆڤەی خۆمان کرد، دەبوو پارەکەی پێمان بوو، بەشی بلیتی پاسەکەمان بکات تا بەشە ناوخۆییەکەمان.

قۆناخی یەکەممان کۆتایی پێهات. هەر لەو سەمستەرەدا، من لە چوار بەرهەمی شانۆییدا نواندم کرد. خوێنی سەربەخۆیی و حەز و خولیا و فێربوونی شانۆ لە جەستەمدا وەک تاڤگەی بە خوڕ بە دەمارەکانمدا وروژمیان دەکرد. دیوێکی تری ژیانم لە بەغداد، گوزەرانم لە بەشە ناوخۆییەکەماندا بوو. لە کاتژمێر شەش بەو لاوە بۆمان نەبوو لە دەرەوە بین.

ژیانی بەشە ناوخۆییەکەمان تەواوکەری ژیانە چەتوونەکەی سەر شانۆکەمان بوو. لەوێش بەهەمان شێوە کچە کوردەکان هەموو باڵەخانەکەیان هێنابووە جۆش و خرۆش بەو ژیانە پڕ خۆشی و سەلیقەی هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتییەی کورد هەیەتی.

بەشە ناوخۆیی زانکۆی بەغداد، کەوتبووە ناوچەی ئەعزەمیەوە. دوای کۆلیجی ئاداب، و مۆزەخانەی سروشتی کە ئاژەڵی تەحنیت کراوی تێدا بوو، لەبەردەمیدا پەیکەری دیناسۆریکی گەورە بوو. بە شەقامێکی درێژدا دەڕۆیشتی، بەدرێژایی شەقامەکەیش لە ناوەراستیدا دار خورما و داری جەمال بوو. تا دەگەیشتییە دەرگایەکی ئاسنی گەورەی بەرز، بەپرسگەکەدا تێپەڕ دەبوویت. لەوێشەوە دیسانەوە ڕێگەیەکی دووروو درێژت دەبڕی تا دەگەیشتیتە باڵەخانەکەی ئێمەی لێ نیشتەجێ بووین بە ناوی فتووە. چەندین باڵە خانەی لێ بوو، هەر باڵە خانەو کۆلیجێک یان قوتابی دوو کۆلیجی تێدا بوو. بازاڕێکی سوق مەرکەزیمان هەبوو. ژوری دروومان

و کتێبخانە و ژووری حەواندنەوە وسەیری تیڤی. تەنیا باڵە خانەیەک دوورخرابۆیەوە و پێنج نهۆمی بوو. هۆ کۆلیجی دەرمانخانە و پزیشکی بوو. لەگەڵ قوتابیانەی ماستەریان دەکرد. ئا ئیسعافێکیشمان هەبوو، ژنێک لێی دەخوڕی هەندێ شەو کە درێژەی دەکێشا، بە درۆ یەکێک نەخۆش دەکەوت سێ کەسیش یاوەری دەبوو، دەچووین بۆ خەستەخانە، تا لە پەنجەرەکەوە دەرەوە ببینین بەشەو. شەوێکیان ئیسعافەکە چوو بۆ بەشە ناوخۆییەکانی زانکۆی موستەنسرییە، شۆفێرەکەمان پێیگوتین لەوێ نەخۆشێک هەیە لە گەڵ خۆماندا هەڵیدەگرین. و سێ یاوەرەکەی هاتن، هەر کورد بوون. هاوڕێی خۆم بوون، ڕازو قوستەنتین و پەخشان ئەمین بوو. هەر سەرکەوتن، دامانە قاقای پێکەنین و گوتمان: ها! دەڵێی حەزتان لە پیاسەیە؟ کردمان بە گۆرانی گوتن و چەپڵە ڕێزان لە ناو ئیسعافەکەدا. هەر شەوێکی بەشە ناوخۆیی چیرۆکێکی لەیاد نەکراوی لە خۆ گرتووە. شەوان لە ژوورەکەی گەزیزە کۆ دەبووینەوە. سەر لە بەیانییەکەی لە دەرسی ئیرتجالدا هەر کە مامۆستاکەمان دەیگوت: ئادەی ئێستا دیمەنێکی ساتە وەختی ئامادە بکەن. ئێمە هەموو دانیشتەنەکەی ژورەکەی گەزیزەمان دەکرد بە دیمەنی ئیرتجالی. بەسەرهاتەکان هێندە زۆر و پڕ تام و چێژن، دەکرێ ڕۆژێک هەر چوارمان پێکەوە بیرەوەرییەکانمان بنووسینەوە هەموو ئەوانەی تایبەتن بەشەوان و ڕۆژانی بەشە ناوخۆییەکەمانەوە.

من لە باڵەخانەی یەک بەناوی فتووە، لە ژوری ژمارە یەک نیشتەجێ بووم. لە ژورەکەدا نیگاری شێخ حسیبم لەگەڵ بوو، دونیا لە بەعقوبەوە لە بەشی شێوەکاری پەیکەر تاشی، تغرید لە بەعقوبەوە بەشی پەروەردەی هونەری، ئیشراق لە بەسرەوە، بەشی شێوەکاری هێڵکاری، عامیرە لە حلەوە بەشی دیزاین. هەموومان قۆناخی یەکەمدا بووین. شەش کچ لە ژورێکدا، شەش جێگە و شەش تاکە کانتۆر و شەش لۆکەر و مێزێکی نان خواردنی بچکۆلە و دوو کورسی و سەلاجەیەک لە ژورەکەماندا بوو. یەکەم ڕۆژ هەموومان بەیەکەوە گەیشتینە ژورەکە، وێنەیەکی سەدامەمان لە سەر یەکێک لە کانتۆرەکە دۆزییەوە، هەموو وەستاین وسەیرێکی یەکمان کرد، بەچاو پرسیارمان لەیەکتر کرد، کە وێنەکە چی لێبکەین؟ دنیا هات و وتی: وێنەکە دەخەینەوە سەر کانتۆرەکە. هەموو ئاهێکمان پێدا هاتەوە. خۆشترین ژوور و تەباترین ژوور. نە وەک ژورەکانی دیکە پارەی خواردن کرێنمان بەش دەکرد، نە خشتەی پاکوخاوێنیمان هەبوو. هەر کەسێ بیتوانیایە هەڵدەستا بە بازاڕکردن و خواردن لێنان و پاککردنەوەی ژورەکە. پێیان دەگوتین ژورەکەی لە نەخشەی ئێراق دەکات. ژورەکەمان بەرامبەر چێشتخانە و خۆشۆردنە کە بوو. ئێواران لە بەر دەرگاکەماندا کچان کۆ دەبوونەوە و بۆنی خواردن و سابوونی خۆ شتن دەهات ژورەکەمان. لە قاتی سەرەوەی ئێمە قوتابییەکانی کۆلیجی داد و یاسا بوون. لەوێ هاورێیەکی زۆر خۆشەویستم بۆ خۆم دۆزییەوە. خەڵات نەجمەدین موفتی بوو. چەندین شەو پێکەوە لەسەر جێیەکەمان هۆنراوەکانی دەماننوسی بۆ یەکترمان دەخوێندەوە. خەڵات کچێکی باریکەلەی ئەسمەری روخسارفریشتەیی بوو. شیعرەکانی بە زمانی عەرەبی دەنووسی، دوای خوێندنەوەی هۆنراوەکانمان بۆ یەکتر، بەشەرمێکەوە دەیگوت: فرە جیان خۆ مەرج نییە، هەر کورێکت خوشبوێت، تا هۆنراوەیەکی رۆمانسی بنوسیت! من خەون دەبینم و لە خەیاڵی خۆمدا

وشە دەڕازێنمەوە و ئەمەی لێدەردەچێت. ئەو هێندە نەرم نیان بوو. خەیاڵی بۆ دوور لە یاسا و ڕێساکانی دەیخوێند دەیبرد و وشەی ناو خەیاڵی بۆ من دەگوت، منیش بۆ ئەو. ئەوەش گەورەترین نهێنی نێوانمان بوو، شەوان شیعرەکانمان بۆ یەکتر بخوێنینەوە.

دوای دەوام گەر پرۆڤەمان نەبووایە، هەموو قوتابییە کوردەکان پێکەوە، لە کۆلیجەکانی تر و زانکۆی موستەنسرییەشەوە. بە کۆمەڵ سەردانی پێشانگەکان و گەلەرییە بەناوبانگەکانی بەغدادمان دەکرد. هەروەها سەردانی بنکەی ڕۆشنبیری بەریتانی و فەرەنسیش. بۆ ڕاستکردنەوەی وتارەکانی دەمانووسین، دەچووینە لای شوکر مستەفا و حەمەی مەلا کەریم، ئەوان لە ئەکادیمای مجمع العلمی لە بەغداد بوون. کۆڵەکەی فێربوونی ڕێزمان و وشەی کوردی ئێمە بوون. ورد ورد دادەنیشتن وانەی ڕێزمانی کوردیان پێدەگوتینەوە، زۆر لە خۆبووردووانە هاوکاریان دەکردین. پێشەنگی وا نابنەوە. لە ڕۆژنامەی هاوکاری و پاشکۆی ئێراق دەمنووسی، وەک بێژەریش لە ڕادیۆی بەغداد، دەنگی کوردی کارم دەکرد، بەرنامەیەکی مامۆستا ع.ع شەونمم پێشکەش دەکرد. بە پاداشتی ئەم کارانەم دەژیام لەپاڵ ئەو بڕە پارەیەی باوکم بۆی دەناردم هەورەوها، ٢٠ دیناری پێی دەگوترا مخ××ات.

لەو ساڵەدا بوومە نۆزدە ساڵ، ئاهەنگی یادی لەدایک بوونم لە بەشە ناوخۆیی کرد. لە ژوری ژمارە یەک. قوتابییەکی زۆر هاتن بەشداری ئاهەنگەکەم بوون، کراسێکی کوردی ڕەنگ سپیم لەبەر کرد هی خۆشی شەوقی بوو. ژاڵەکۆی کچی پوریشم لەوێ بوو. تا درەنگانێکی شەو بە هەڵپەرکێ و گۆرانی گوتنەوە بردمانە سەر.

ساڵی یەکەمم تەواو کرد. ڕۆژی ١٩٨٥/٦/١٠ گەڕاینەوە سلێمانی.

پشووی هاوین، بە خوێندنەوەی دەقە شانۆییەکان و خوێندنەوەی هەر کتێبێک سەر بە شانۆ بووایە، سەر بە شیعر بووایە، سەر بە ڕۆمان بووایە دەمخوێندەوە. وازم لە کتێبە سیاسییەکانی گەنجیم هێنا. شانۆ بووە سیاسەتی من. هەروایشە لەو سەردەمەدا شانۆ ڕۆڵی پێشمەرگە و بەرەنگاربوونەوەی دەبینی. مینبەرێک بوو، بۆ ڕووبەڕووبوونەوە.

سەردانی پێشانگە و کۆڕو شانۆنامەکانم دەکرد، ئەمجارەیان وەک کچێکی سەربەخۆ. بێ ئەوەی یاوەری کلێپەی برام بم. گەرچی بێ بوونی کلێپە لە ژیانمدا کەلێنێکی گەورە بوو. لەهەموو جێیەک بۆشایی خۆی جێهێشتبوو. بۆشاییەکی خەمبار زۆر خەمباریش. نەک هەر بۆ من بۆ هەر یەکێک لە ئێمە وابوو. ئێستا کە خۆم دایکم، هەست بە ئازاری دووری منداڵێکی گەنج دەکەم، کە نازانیت لە چ سوچێکی وێراندا ژیان دەگوزەرێنێت. لەهەر جێیەک گیتارێک یان گوێم لە ژەنینی گیتارێک بوایە، تاوێک دەوەستام و لە تاسەی خۆمدا نوقم دەبووم.لە دوای هەڵاتنی کلێپە لە سەربازی، پەردەیەکی خەمناک ماڵەکەمانی داپۆشی. شەوانە خەوەکانم لە واقیعەوە دوور بوون. خەونەکانم تا ئێستایش لە بیرە، هێندە کاریگەرییان لەسەرم جێهێشتبوو، هێندە لەگەڵ خەونەکانم دەژیام، زۆر کات خۆم وەک خەونەکان دەبینی. وامدەزانی من بەشێکم لەو خەیاڵە سورپالییە. شەوێک مانگمم بینی وەک ئاوێنە بوو، لە خوارییەوە دوو بەشی گەورە فیگوری سپی وەک مرۆڤ وەستابوون، مانگ شکا بووە دوو لەت ئاوێنە، ئاسمان سەوز سەوز بوو. ئاوێنەکە وردو خاش بوو. وەک باران دڵۆپە ئاوێنەی شکاوی بریسکە دار دەباری. منیش

لەسەر هەیوانەکەی ماڵی خۆمانەوە وەستاوم و چاوەکانم لە ئاسماندا گیربووە. وا دەزانم هەر ئێستا پێش چەند خولەکێک خەبەرم بۆتەوە. ئەم خەونەتان بۆ دەگێڕمەوە. هێندە کاریگەری لەسەم جێهێشتووە.

جارێکی دیکە، هەموو شاری سلێمانی ببوە دارستان، پەلوپۆی دارەکان حەشەرەی باڵدار دەیخواردن. خەڵکی بەیەک قوڵەوە هاتووچۆیان دەکرد. من لە ناویاندا بە ترسەوە گوزەرم دەکرد. هیچ خەونێکم لەم دوو خەونەم ئەهۆنتر نەبوون. ترسی منداڵیم لە خەونەکانمدا چڕببوونەوە. دایکم کە ژنێکی هێندە ئیماندا نەبوو، پەنای بردە بەر شێخ و مەلا و خەونەکانی منیان بۆ باس بکات. من لە خۆشم دەترسام.

پشووی هاوین تەواو نەبووبوو، داوایان لێکردم لە درامای ژاڵە بەشدار بم و ڕۆڵی ژاڵەم هەبوو. هەر لەو کاتەدا، دکتۆر سەلاح قەسەب نامەیەکی بۆ باوکم نارد، داوای کرد من بگەڕێمەوە بۆ بەغداد، پرۆڤەی مەلیک لیر بکەم، چونکە بەشدار دەبێت لە فیستڤاڵی شانۆی عەرەبی لە بەغداد لە خولی دووهەمیدا بوو. لەڕاستیدا من پێمخۆش بوو لە دراماکەدا بەشداربم. بەڵام باوکم وای پێباش بوو کە بڕۆمەوە بۆ بەغداد. ئەو کارە دەنگدانەوەی زۆرتری دەبێت و دوای ئەوە ڕۆلی خۆم بووە و لەهەمان کاتدا، کاری کۆلیج و مامۆستاکەمە. مانگێکی مابوو بۆ کردنەوەی دەوام، من گەرامەوە بۆ بەغداد. بەشە ناوخۆیی چۆڵ و هۆڵ بوو. تاکوتەرا قوتابی عەرەبی لێبوون. کە بەو قوتابیانە دەگوترا لە وڵاتەکانی ترەوە هاتبوون بۆ خوێندن بۆ بغداد. بۆ نمونە لە جەزائر، مەغرب، سۆماڵ، سۆدان، تونس و فەلەستین، ئوردن. هاوینان دەمانەوە. گەرمایەکی زۆر بەتین. ژوری بەتاڵ و ترسناک. چومە پرۆڤە لە باڵەخانەی سینەما و مەسرەح بوو لە یەکێک لە هۆڵەکانی پرۆڤەدا . لەوێ کامەران ڕەئوفم بینی لەگەڵ سوهێر ئەیاد دانیشتبوو. ئەو سەلامێکی هاکەزایی پێدام، بیرم نایەت قسەمان کردبێ پێکەوە. ڕۆژی دوایی لە پرۆڤە پێکەوە بووین. لەناو یەکێک لە قەفەزە ئاسنینەکاندا بوو، کە شالیر و کچەکانیشی لەناو ئەو قەفەزە ئاسنینانەدا ڕۆڵمان دەبێت. ئەو لە بری سامی عبدالحمید دانرابوو. ئەو ڕۆژە من هەر دانیشتم سەیرم کردن، بۆ بەیانییەکەی، لە پرۆڤەدا کامەران کەوتە گفتوگۆ لەگەڵ دکتۆر سەلاح قەسەب و پێی گوت، ئەو قەفەزە ئاسنە هیچ نابەخشێت، دەقەکەی داناو کارەکەی جێهێشت. سامی عبدالحمید هاتەوە، سهیر اياد و شذى سالم و سهى سالم بەیەک جار هەرسێکیان هاتن و ڕۆڵەکەی منی دایە سهى سالم. ئەو سێ کچە ئەکتەرە، ئەستێرەی دراما و سینەمای ئێراقی بوون. سێ ئەکتەری بە توانا و دیار بوون. من ڕۆڵی کۆردیلیام نەبینی. لە درامای ژاڵەش ئاڵا عمر ڕۆڵەکەی بینی. لەو کاتەدا هیچ پرسیارێکم نەکرد بۆ منی هێنایەوە و بۆ ڕۆڵەکەی لێ سەندمەوە. لای خۆمەوە پاساوم هێنایەوە. ڕەنگە هی ئەوە بێت من کوردم، پێی گوتراوە با ئەو لە فێستڤاڵەکەدا دەرنەکەوێت کە خۆمان کچی ئەکتەرمان هەبێت . بێ لەوەیش لە هەنگاوی یەکەمی ژیانی هونەریمدام. ئەو بۆ کەسی بەناوبانگ دەگەڕێت، تا لە فێستڤاڵەکە دا ڕووی ئەوان بەدیار بکەوێت. بۆ ماوەیەکی کورت گەڕامەوە سلێمانی.

پشووی هاوین کۆتایی پێهات جارێکی دیکە گەڕامەوە بەغداد. من ئاشقی بەغداد بووم لێوەکانم، کوڵمەکانم، کە بەر گەرمییەکی شێداری ئەو شارە دەکەوتن، هەستی یەکەم ڕۆژم دەبوو کە

سەرم کردە ئەم شارە نامۆیەوەو سوور هەڵگەڕان. سەرسامیم بەو گەورەییەی کە پێش ئەوە سلێمانی بۆ من شارێکی زۆر گەورە بوو، بەڵام دوای ژیانکردن لە بەغداد، بۆ من سلێمانی بچکۆلە بۆیەوە، دەمتوانی لە ناو لەپی دەستمی بنێم و هەموو شەقام و کۆڵانەکانی تێدا ببینم. شارە دڵگیرەکەم وەک ناو دڵمدا دەژیا. بەغدادیش لە ناو هەناومدا. بەغداد لە دەریای دەکرد، شەقامە دووروو درێژەکان، درەختەکانی سەریان لەیەکتر گیر کردبوو، لەملاو ئەولای شەقامەکانەوە بەرزببوونەوە. خانووەکانی وەک ڤێلا وابوون و چۆڵ بوون. کۆڕنیش. ڕووباری دجلە و ئێوارانی بۆنی ماسی و ڕووبار. ماسی گرەکان بەسرە بەلەمی بچکۆلەو باریکەوە . روخساری ئەسمەر ئەسمەری ون . جم و جوڵەی کایە ڕۆشنبیرییەکان، ئیوارانی نمایشە شانۆییەکان، گەلەرییە پڕ لە تابلۆکان. دەرختی لیمۆ و نارنج و پرتەقاڵەکان گوڵەکانی هەر بە خونچەیی دادەنیشتم دەمهۆنینەوە و دەمکردنە ملوانکە و بازن و دەمکردن بە خۆمەوە، بۆنی قداحم دەگرت. کۆڵانە باراناویەکانی وەزیرییە، ژنەکانی لە سەر شەقامەکان قەیماغ و نانی تەنوور و سەوزەیان دەفرۆشت، چایخانەکان کە بۆمن شوێنێکی پڕ ئەفسوناوی بوون. بۆ یەکەمین جار کە چایەکم لە چایخانەیەک خواردەوە، دەتگوت لە یەکێک لە قاوەخانە بەناوبانگەکانی شەقامی شانزەلیزێ قاوەیەکم خواردۆتەوە. یان باشتر بڵێم شۆڕشێکم کردووە، یان دەسکەوتێکی گەورەم بەدەست هێناوە. ئێ چایخانەکان تەنیا بۆ پیاوان بوون. ئێمە کچە کوردەکان توانیمان جارێک لە چایخانە چابخۆینەوە. گۆرانی ئوم کەلسوم لە چێشتخانەکاندا لێ ئەدرا. بە کورتییەکەی من نغرۆ ببوم لە سیحری جوانی ئەو شارە . خۆم بە یەکێک لە چیرۆکەکانی هەزار ویەک شەوە دەبینی. دەمتوانی بەشێک بم لە بوونی ئەو جوگرافیا بێ سنوورە. لەوێ من خۆم دەسەلمێنم، فێردەبم، سەربەخۆ و ئازادانە بیر دەکەمەوە. نەک هەر ئەوەش توانیم بەو دڵە سادەیەی خۆمەوە، خۆشەویستی زۆربەی مامۆستا و قوتابییەکانی هاوڕێم بم.

هەر وەک ساڵی پێشوو کاری مامۆستاکانمان هەڵواسرا. هەموو ساڵێک دوای پشووی هاوین، کاری شانۆیی مامۆستاکانمان هەڵدەوەسرا، هەر یەکێکیان شانۆنامەیەکیان دەردەهێنا، بەو میتودەی ئەوان خۆیان خوێندبوویان و بڕوانامەی باڵایان تێدا بەدەست هێنابوو. بەیانیان وانەمان دەخوێند و دوای کاتژمێر دوو، دەستمان دەکرد بە پرۆڤە لە کاری شانۆدا. زۆربەی ڕۆژەکانی دەوام کە دەچووینە کۆلیج و دەگەڕاینەوە بۆ ماڵەوە، جلوبەرگی یەکپۆشیمان لەبەردا بوو. دەنا لە بەیانییەوە تا کاتژمێر چواری ئێوارە بە کوڕ و کچەوە تراکسودمان لە بەردا بوو. لە وانەی عەمەلییەوە بۆ پرۆڤەکردن. بیرم دێ شەوێکیان کە چوومە سەر جێگەی خەوەکەم، لە ماندوویەتیدا هەستم دەکرد جەستەم لەسەر جێگەکەم هێواش، هێواش بەرز دەبێتەوە. مامۆستاکانمان لە گۆڕەپانی کۆلیجەکەشدا، گەر پرسیارمان هەبوایە، دادەنیشتن و دەبووە هۆڵی وانە گوتنەوە. جارێک لە ژێر مەوقیفی پاسدا ڕەوانشاد بەهنام میخائیلمان بینی. پرسیارێکمان لێکرد، نزیکەی کاتژمێرێک لەوێدا وانەی پێگوتینەوە. لە وانەکانی بەهنام میخائیلدا، نەدەبوو تەقە لە کورسییەکانمان بهێنین، گەر تەقەیەکی بهاتبایە دەبوو داوای لێبوردن لە کورسییەکەی ژێرمان بکەین. کچەکان نەدەبوو ئارایشتیان پێوە بێت. ئەوان هێندە

شانۆیان لا مەبەست بوو، بڕوایان بە شانۆ هەبوو، شانۆ بەشێکی ڕەوشتیان بوو، کردار و هەڵسوکەوتیان بوو. هێندە سادە و لە خۆ بووردووانە ڕەفتاریان لەگەڵ دەکردین، هێندە بە چاوێکی بەرز و متمانە پێکردنمانەوە سەیریان دەکردین. ئێمەش بە بڕوا بەخۆ بوونەوە گەشەمان دەکرد. هەندێ کات هەر مامۆستا نەبوون بەڵکو باوک و هاوڕێشمان بوون. بەتایبەتی بۆ قوتابییە کوردەکان. جارێک مامۆستا بەهنام لە ژوری موحازەرەدا، گوتی: فرمیسک سوراوەکەی لێوت بسڕەوە، وتم: دەمتوانی پێش ئەوەی بێیتە ژورێ، وەک کچەکانی هاوڕێم سوراوەکەم بسڕیبایە و دوایی وانەکەی تۆ سوراوەکەم بکردایەتەوە. بەڵام دەمەوێ بمبینی، کە من ئەمڕۆ سوراوم کردووە. ببورە نایسڕم تا لەگەڵ خۆم درۆزن دەرنەچم. سەیرێکی کردم. گوتی: سوراوەکەت مەسڕەوە. سوپاس.

لەو ساڵەدا مەخابن نەخۆشییەکەم زیادی کرد، لێم بووە کۆکەیەکی بەردەوامی تووند. لەسەر سنگمەوە خوێن دەهاتە دەرێ. زۆرکات خۆم لە وانەکان دەدزییەوە و دەچوومەوە بۆ بەشە ناوخۆیی، لەبەرئەوەی هەموو قەمیسەکەم دەبووە خوێن. تەنگە نەفەس دەبووم، لە ڕووشم نەدەهات بەکەس بڵێم. جارێک هەر لە خۆمەوە چوومە لای دکتۆرێک ناردمی بۆ پشکنینی خوێن، منیش ئەدرەسەکەم لێ وەرگرت و تاکسییەکم گرت. ئەدرەسەکەم دایێ و تەواو، تاکسییەکە بردمی بۆ شوێنێکی دوور، بە ناو بێستانێکدا ڕۆیشتین، ترسم لێ نیشت. لەرووم نەدەهات بە شۆفێرەکە بڵێم بۆ کوێ دەمبەیت؟ بەڵام گەیشتمە نەخۆشخانەیەک ناوی نەخۆشخانەی یەرموک بوو. لەوێ مامۆگرافیم بۆ کرا. دکتۆرێکی لاو مامۆگرافییەکەی بۆ کردم. لە شەرم و ترسدا دەلەرزیم. ئەو زەردەخەنەیەکی بۆ کردم. من هیچ کاردانەوەیەکم نەبوو، سەیرێکی ئەشیعەکەی کرد و دایە دەستم.

ڕۆژێک لە کافتریای کۆلیج دانیشتبووم زۆرم بۆ خۆم هێنا و بە عەواتیف نەعیمم گوت، کە من کێشەیەکی وام هەیە، دوای ئەوەی جارێک باوکم لە سلێمانی بردمییە لای دکتۆر و کە گەڕایەوە ماڵێ بە دایکمی گوت: جێیەکی هێندە حەساسە، پیاو لە ڕووی نایەت لەگەڵیان بچێتە لای دکتۆر. ئەو قسەیەی باوکم ڕەنگە بێ مەبەست بووبێت. بەڵام من هەڵمگرت و ئیتر باسی نەخۆشییەکەی خۆمم نەکرد بۆ کەس بێ لەکچەکانی ژورەکەمان. لێ ئەو ڕۆژە ناچاری و ترس بوو، ئەویش ژنێکی لە ئێمە گەورەتر بوو، قوتابی خوێندنی باڵابوو. زۆر مەردانە گوتی: من بە عزیز دەڵێم، بتبات بۆلای دکتۆرەکەی ماڵەوەمان. هیچ شەرمی ناوێت و من تێیدەگەیەنم. بەداخەوە من نمایشم هەیە، ناتوانم من بتبەم. ئێوارەکەی عزیز خیون هات بە شوێنما و بردمی بۆلای دکتۆرەکەیان. لە کاتی پشکنینەکەمدا، ئەو چووە دەرەوە. دوایی هاتەوە ژورێ. کە هاتینە دەرێ لە عیادەکە، خەڵکی لێمانەوە ئاڵان، سەرسامێ خۆیان بۆ ئەو دەردەبڕی. ئەوان ئەستێرەیەکی بەناوبانگی سینەما و درامای ئێراق بوون. دەستی گرتم و گوتی راکە، بە ڕاکردن پەڕینەوە ئەوبەری شەقامەکە تا لای ئۆتۆمبیلەکەی، تا لە قەرەباڵخی خەڵکەکە دەرباز بین. لەوێش بەهەمان شێوە نەیانزانی بەتەواوی من چیمە! دوای ئەوە ناوی دکتۆرێکی کوردیان دامێ. ئەویش لەگەڵ چوار پرۆفیسۆری نەخۆشخانەی مدینە الطب کۆبوونەوە و بڕیاریان دا نەشتەرگەریم بۆ بکەن. لە نەخۆشخانە کەوتم، بەتەنیا نەشتەرگەرییەکەم کرد، تەنیا چەند کچە

هاورێیەکی خۆم نەبێ دەیانزانی. گەزیزە دوو شەو لەلام مایەوە.
ئەو بەیانییەی برام بۆ نەشتەرگەری، زۆر سەخت بوو، تەنیا چوومە ناو مەسعەدەکەوە پیاوێکی کەڵەگەت هات بەشوێنما جوتێک جزمەی سپی لە پێدا بوو، چەند پەڵە خوێنێکی پێوە بوو. ترسام، لە خۆی لە سەیرکردنە زۆرەکەی. یەکەمین جارە لە ژیانمدا نەشتەرگەری بکەم. کچێکیشم لەگەڵدا بوو هاوتەمەنی خۆم، بەڵام ئەو خوشکە پزیشکەکەی هاوەڵی بوو. ئەو لە سنگیدا گرێیەک هەبوو. بەڵام من هیچ، تەنیا خوێنی لێدەهات و مەترسی شێرپەنجەی لێدەکرا. کە چوومە ژوری نەشتەرگەرییەکە، دوو دکتۆر بوون وتیان، ئەم نەخۆشییەی تۆ زۆر دەگمەنە، بە پێکەنینەوە دکتۆر جەمال گوتی: کچێ ئەمە ژنێک توشی دەبێ هەشت کوڕی لە جەنگی قادسییە شەهید بووبێت. تۆ پاڵەپەستۆی دەروونیت لەسەرە. یەکەم جار بەنج نەیگرتم، وابزانم هی ئەو شەرمە زۆرەبوو کە دەمکرد. بۆ دووەم جاری بەنجەکە، ئیدی کاتێک بەئاگا هاتمەوە، لای راستم لە بن باڵمەوە تا ملم بە لەفاف پێچراوە. چەند هاورێیەکم لە دەورمن. گەزیزە زوو زوو دەیگوت بۆ بەنجەکە ناهێنیتەوە؟ ئێمە هەموو بێ ئەزموون بووین. هەر کە بەنجەکە بەریدام، بە خۆشیم گوت: دەتوانی سەر ڕوومەتەکانم پەمەیی بکەیت؟ هەمو پێکەنین. نازانم بۆ وام گوت:ڕەنگە هی ئەوە بێت، نەمدەویست کەس وەک نەخۆش سەیرم بکات. ئەو ڕۆژانە چ سەخت بوون، خەستەخانەیەکی پیس و پۆخڵ لە چەکمەچەی دۆڵابەکەی ژور سەرم کە کردمەوە، پڕپڕ بوو لە قالۆنچەی بچکۆلە بچکۆلە دەهاتن و دەچوون . قالۆنچەکان لەو چەکمەچانەدا بەچکەیان کردبوو. بۆ شەوەکەی کچە لاوەکەی تەنیشتم خوشکەکەی هاتە سەردانی. سەیرێکی کردم گوتی: دەتەوێ ببینیت چیان لە سنگتدا دەرهێناوە؟ بە دوو دڵییەوە گوتم: بەڵێ.
چووینە ژورێکەوە پڕ بوو لە شووشە، وەک شووشەی دۆشاوی تەماتەی ئەو کاتە. لەهەرشووشەیەکدا ئاوی زەرد و پارچە گۆشت و ماسولکەی تێدا بوو. ئەوەی ناوی منی لەسەر بوو. وەک ڕەشمار دوو گرێی بەیەکەوە بەستراو بە دەمارێکی دووروو درێژ، لە شوشەکەدا لولیان خواردبوو. لەگەڵ کۆمەڵێک وەک وردە بەرد و زیخ بوون. وەستام بەدیارییەوە، دیقەتم دا، لە خەونە سوریالەکانمی دەکرد. کچە پزیشکەکە بە من و خوشکەکەی گوت: ئەوە بەیانی دەیبەن بۆ تەشخیس بزانن گرێکە پاکە! دوای ئەوە گرێکە پاک دەرچوو.
ڕۆژی هەینی بوو، هاتمە دەرێ لە ژورەکەم و چوومە هۆڵی تیڤییەکە، تا تۆزێک دوور بکەومەوە لەو ژووره ناخۆشه. لە تیڤی ئاهەنگی میوزیک بوو، م. دڵشاد و گروپەکەی بوون و گۆرانی نێرگز نێرگز و ئەوانەی دیکە بوون. دانیشتم بە دیارییەوە. لە دڵی خۆمدا بە خەڵکەکەی دەورمم گوت: منیش کوردم. بیری ماڵەوەم دەکرد، بیری دایکم و باوکمم دەکرد. ئیتر بڕیارم دا بگەڕێمەوە سلێمانی.
پێش ئەوەی بڕیار لەسەر نەشتەرگەرییەکەم بدرێت، من و نیگار هەڵبژێردرابووین بۆ بەشداری کردنمان لە شانۆ نامەی (بعد ان یموت الملک) دەرهێنانی دکتۆر حسین علی هارف. نیگار ڕۆڵی سەرەکی هەبوو، منیش ئەکتەری ناوەندی و ڕۆڵی حیکایەت خوان بوو. ناچارانە وازم لێهێنا. قۆڵی ڕاستم لە ملمایەو چوومەوە سلێمانی، ئەمجارەیان بە پاسی کۆستەر نەچوومەوە،

تا بەزووترین و کەمترین کات بگەڕێمەوە، بە تاکسی ڕۆیشتمەوە، کە ئەوە یەکەم جار و دواجارم بوو لە بەغدادە وە بە تاکسی بڕۆمەوە بۆ سلێمانی. بیرم دێت من و خانمێک بووین لە دواوە دانیشتبووین و هاوسەرەکەیشی لە پێشی تاکسییەکدا بوو. تا سلێمانی ئەو خانمە نەجیبە دڵنەوایی ئەدامەوە و پەسنی دەکردم وا بوێرانە بەتەنیا چوومەتە ژوری نەشتەرگەرییەوە. هەر کە دایکم دەرگای حەوشەی لێکردمەوە و بینیمی، یەکسەر گوتی: ئەوە هاتیتەوە؟ ئەمڕۆ باوکت هات بۆلات بۆ بەغداد، بۆ و اپەلەت کرد؟ بۆ بەکەست نەگوت؟ ئەو منی بەو بێهێزییە نەبینی، هێندەی دڵی لای باوکم بوو. هاورێکانم ترسابوون شتێکم لێبەسەر بێت و پەیوەندیان کردبوو بە دایکم و باوکمەوە، کە من نەشتەرگەریم بۆ کراوە. هەر باوکم وا بە پەرۆشەوە نەهاتبوو بۆ بەغداد. بەڵکو خانمێکی زۆر میهرەبانیش، بەو پەرۆشییە چووبوو بۆ بەشەناوخۆییەکەم، دوای ئەوەی بیستبووی من نەشتەرگەریم بۆ کراوە، تا بمباتەوە ماڵێ یا بڵێم ماڵی خۆی لە سلێمانی. نزیکی مانگێک لە ماڵەوە بووم، کاتێکی زۆر سەخت بوو. خۆم تیماری برینەکەی خۆم دەکرد و لەفافم بۆ دەگۆڕی. بە ئیهمال و چاونەترس و جاروباریش بە کارێکی سەرەڕۆیی ئەم نەشتەرگەرییەم لە ماڵەوە لە قەڵەم درا. دوایی پێم گوتن: تەنیا لەبەر ئەوە پێم نەگوتن چونکە باوکم شەرمی لە نەخۆشییەکەم دەکرد.

بیری هاورێکانم و بەغداد و کۆلیجم دەکرد، خەریک بوو دڵم لە هەمووی دەتۆرا. گەرچی زۆر باش برینەکانم تیمار نەبووبوون. هێندە زۆر بوون بە مانگ و دوومانگ سارێژنەدەبوو. دکتۆر بەلایەنی کەمەوە شەش مانگێکیان بۆ دانابووم کە نابێت کاری قورس ئەنجام بدەم، تەنانەت کاتێکی زۆریش نابێت لە قژ وشککردنەوەدا دەست و قۆڵم بەکار بهێنم. وەرزش و ئیشی ماڵێشیان لێ قەدەخە کردم. بە هەمان قۆڵ کە لە ملمدا بوو گەڕامەوە بۆ بەغداد. بۆ بەیانییەکەی خۆم کرد بە ژوری موحازەرە دا. هاورێکانم تراکسودیان لەبەردا بوو، وەرزشیان دەکرد . دڵم پڕبوو لە گریان. وەرزشەکەیان جێهێشت و لە دەوری من کۆبوونەوە. خۆم باش نە گۆڕی بوو، سەروقژیشم باش بۆ دانەهاتبوو. بەشەرمەوە کشامەوە دواوە و گەڕامەوە بۆ بەشەناوخۆیی، لە پرسگەکە کچە قوتابییەکم بینی ناوی بشری بوو. لەهەمان قۆناخی مندا بوو. بەخێرهاتنەوەی کردم و

بشری گوتی: دەزانی من ڕۆڵەکەی تۆم وەرگرت و شانۆنامەکەیش بەشدار دەبێت لە فێستڤاڵی منتدی.

تاسەگرتمی، گیانم گەرم داهات. دڵم پڕبوو لە گریان.

من: ڕۆڵەکەت لێ دەسێنمەوە.

بشری: ناتوانی چونکە دە ڕۆژی تر نمایشە و فێستڤاڵەکەیە.

جێمهێشت. بە درێژایی ڕێگەکە من لەبەر خۆمەوە گریام و فرمێسکم دەڕشت. شەوەکەی تێلم بۆ باوکم کرد. بۆم باس کرد کە شانۆنامەیەکم لە دەست چوو. ئەو دڵنەوایی دامەوە.

بڕیارم دا ئەو ساڵە واز لە کۆلیج بهێنم. لە ناوەوەمدا تووشی شکست بووم. نەک هەر ئەوەی کەسێک ڕۆڵەکەی منی برد، بەڵکو لە وانەکانیشمدا زۆر دواکەوتبووم. دەرسێکی زۆر وەرگیرابوو، من فریایان نەدەکەوتم. بەیانیەکەی خەبەرم بووەوە، لەبری کراسە سپیەکەم،

کراسێکی خەنەیم لەبەر کرد، لە ژێر یەخەکەیدا گوڵێکی یەخەم لێدا، کەهەمووی مرووی ڕەنگاوڕەنگ بوو، تەنووره ڕەساسییەکەشم. لە پرسگە گەر پۆشاکی یەکەییت لەبەر نەبوایە نە دەکرایتە ژورێ. فەرمانبەری پرسگەکە گوتی: ناچیتە ژورێ برۆ قەمیسە سپییەکەت بپۆشە.
پێم گوت: من لە مۆڵەتدام و نەشتەرگەریم کردووە، ناچمە وانەکانەوە، هاتووم بۆ سەردان.
کردمیە ژورێ.
چووم بۆلای دکتۆر حسین علی هارف.

من: دەمەوێت ڕۆڵەکەم پێبدەیتەوە.
دکتۆر حسین علی هارف: فرمێسک بەداخەوە کە درەنگە، دەنا من هەر سەرەتا تۆم هەڵبژاردبوو.
من: دەمەوێ بەشداری بکەم لە فێستڤاڵەکە دا.
حسین علی هارف: درەنگە. دە ڕۆژێکی ماوە. تۆ نە تەکنیکی پرۆڤەت کردووە، نە عەرەبییەکەشت هێندە باشە وا زوو ئەو هەموو حیوارە لە بەر بکەیت. پەیمان بێت دوای فێسڤاڵەکە، تۆ ئەو ڕۆڵە ببینە.
من بە چاوێکی پڕ فرمێسک و دڵێکی پڕەوە: بۆ ناتەوێ متمانەم بدەیتێ؟ با بشری دوای فێستڤاڵەکە ڕۆڵەکە وەربگرێت. تکایە یەک هەفتە کاتم بەرێ. با لەگەڵتانان پرۆڤە بکەم. خراپ بووم خۆم دەکشێمەوە دواوە.
دوای تۆزێک وەستان، جانتاکەی کردەوە.
حسین علی هارف: ئەوە تێکستەکەی خۆمە، ئەمشەو با لات بێ، تا بەیانی ئەوەی خۆتت بۆ ئیستنساخ دەکەم. ئێوارە لە منتدی خۆی پرۆڤە دەکەین.
من : ئاخر منتدی نازانم لە کوێیە؟
حسین علی هارف: پێکەوە دەچین.
بۆ سبەینێ لەگەڵیدا بە پاس چووم بۆ پرۆڤە.
هەموو لە هۆڵەکە بوون، بشری منی بینی دڵنیا نەبوو چی ڕوو ئەدات. منیش لای خۆمەوە هەروابوو.
بە کچی ژورەکەمەوە و هەموو هاوڕێ بەشدار بووەکانم، سەروبۆری وشەکانیان بۆ کردم، لەگەڵمدا هەوڵیان ئەدا، بە زووترین کات بتوانم دەقەکە لەبەر بەکەم. لە ژورەکەمدا، هەموو کچەکان دەقەکەیان لەبەر کردبوو، تابەیانی لە ژورەکەدا دەهاتم و دەچووم و بەدەنگی بەرز حیوارەکانم دەگوتەوە. تا ڕۆژی فێستڤاڵ.
ئەو شەوەی بۆ بەیانییەکەی کە نمایشمان دەکرد، دکتۆر حسین بە ئەکتەرەکانی گوت کە هەریەکێک لەوان کاتێ دەچنە پشتی کالوسەوە، دەقەکانیان پێبێت تا ئەگەر من بیرم چۆیەوە، ئەوان پێمی بڵێنەوە. منتدی الشباب.ماڵێکی بچکۆلانە بوو. هۆڵەکەیشی هەروەها. کورسی بینەر و سەکۆکە لەیەک ئاستدا بوون. تێلیفۆنم کرد بۆ باوکم. دڵم پڕبوو. پێمگوت نازانم ڕاست بووم یان هەڵە کە ئەو هەنگاوەم نا و کەلەڕەقییەم کرد. باوکم دڵنەوایی دامەوە، گوتی: هەڵەت نەکرد، دەتوانی نمایش بکەیت.

سەرلە بەیانی کاتژمێر حەوت بوو. قوتابییەک هاتە ژوورەکەم، پێی ڕاگەیاندم لە پرسگە میوانم هاتووە و چاوەڕێمە. بیرم بۆ کەس نەچوو. بە پەلە پەل خۆم گۆڕی و چوومە پرسگەکە بینیم باوکمە. حەپەسام و بیرم لەوە کردەوە، ئێمە هەمووی پێش دە کاتژمێرێک بە تەلیفۆن قسەمان کرد، کەی نوستووە و کەی کەوتۆتە ڕێ؟

باوکم نوقڵی بایەمی بۆ هێنابووم. دەیزانی من حەزم لێیەتی. هەروەها چەند سێوێکی سلێمانیش. کە بۆنی بازاڕ و ماڵەکەمان و باخچەکەمان و دایکمی لێدەهات. بەدەم قسە کردنەوە چووینە چێشتخانەیەک نسکێنەمان خوارد، دوایی هەر بەدەم قسە کردنەوە گەیاندمیی تا بەردەرگای کۆلیج.

من بە زەدەخەنە و شانازییەوە: ئێوارە دێیت بۆ بینینی نمایشەکە؟

باوکم: نا دەبێت بڕۆمەوە. ناتوانم بمێنمەوە، مەسرەفە.

خەمبارییەک دایگرتم.

باوکم: بەڵام ئەبێت لەوە دڵنیا بیت کە سەردەکەویت.

هێزێکی گەورەی پێبەخشیم و ڕۆیشتەوە.

کە ئەم هەڵوێستە بۆ کڵپەی برام باس کرد. زۆر پێی سەیر بوو. باوکم هەرگیز قسەی لەگەڵ نەکردبووین. دەتگوت لوغزە و گرێیەکی گەورەبوو بۆ ئێمە. لێی نەدەگەیشتین. ئەوەی دەمانزانی دەبوو، ئیتاعەتی بکەین. هەر یەکێک لە خوشک و براکانیشم یاخییەک بوون بۆ خۆیان. نەماندەزانی چۆن یاخی بوون و ئیتاعەتی باوک لەیەک کاتدا پەیڕەو دەکرێت!

کات کاتی نمایشە، دەبێ یەکەم دەرکەوتن من بم. لەسەر کورسییەکی جوڵاوە دەوەستم و باسی یەکەمین دیمەنی شانۆنامەکە دەکەم. هەر گڵۆپەکەی ژوورسەرم داگیرسا. باوکم بینی لە نێوانی بینەرەکاندا دانیشتبوو. لەبەردەمیشیدا عەزیز خەیون بوو. بە هەموو ئەو هێز و وزەیەی هەمبوو ڕۆڵم بینی. کەسیش دەقەکەی پێنەگوتمەوە، یەک وشەش چییە لە خۆشی باوکم کەلەوێ بوو، بیرم نەچۆیەوە.

دوای تەواو بوونی نمایشەکە، گڵۆپی هۆڵەکە داگیرسا باوکم لەوێ نەبوو، باوکم هەر دوای ئەوەی خواحافیزی لێکردبووم گەڕابۆیەوە بۆ سلێمانی. ئەی من بۆ باوکم بینی لە پشتی عەزیز خەیونەوە دانیشتبوو؟ ئێستایش دوای ئەو هەموو ساڵە کە بیرم دەکەوێتەوە ڕێک دەزانم لە کوێدا دانیشتبوو!

دوای تەوا بوونی فیستڤاڵەکە، ڕۆژێک لەسەر قەراخی شۆستەی گۆڕەپانی کۆلیج بەتەنیا دانیشتبووم، دکتۆر میمون الخالدی بەلاما تێپەڕی و

گوتی: ئەم ئێوارەیە وەرە بۆ مسرح الو×نی، لەوێ ئاهەنگی کۆتایی فێستڤاڵەکەیە، کراسێکی جوانیش لەبەرکە.

من: بۆ کراسی جوان لەبەر بکەم؟

میمون الخالدی: لەبەرئەوەی خەڵات وەردەگریت!

من: خەڵاتی چی؟

میمون الخالدی: باشترین ئەکتەر لە ڕۆڵی ناوەندیدا و نیگاریش لە ڕۆڵی سەرەکی.

من و نیگار براوەی خەلاتی ئەو ساڵەی فێستڤاڵەکە بووین.
کراسە سوورەکەم لەبەر کرد، ئەوەی یەکەم ڕۆژی هاتنە ناو کۆلیجەوە لەبەرمدا بوو. لەگەڵ هەمان پێڵاویش.
ئەو کراسە سوورە، پورە نەجیبەی ڕەوانشادم دایکی ژاڵەکۆ بۆی درووبووم. پورە نەجیبەم ژنێکی خان و مان و بەسەلیقە بوو، خۆشکی گەورەی دایکمە. لە بەر ئەوەی کاکە نوری پێشمەرگە بوو، هەمیشە لە جێ گۆڕکێدا بوو لەگەڵ کاکە نوریمدا. لە پێش دروست بوونی کۆماری مەهاباد و تا دوای نسکۆیش، دەمێک لە شار و دەمێک لەو گوند و سنور و وڵاتانەی دروسێدا بوو، بەتایبەتی ناوچەی مەهاباد و زەردەشت. بەڵام کاتێک کاکە نوری چووە ئەڵمانیا، پورم لە سلێمانیدا مایەوە و خۆی بە دروومانەوە خەریک دەکرد، بەڵام درووماێکی لێزان و بەسەلیقە.
ئێوارەکەی من و نیگار چووینە هۆڵی مسرح و×نی. وەزیری ڕۆشنبیری ئەو کات کە ل×یف ن×یف جاسم بوو. گوتبووی چۆن دوو کچە کورد دەبێ پێکەوە خەڵات بکرێن! مامۆستاکانمان و لیژنەی دادوەر بەرگرییان لێکردبووین. هەردووکمانیان هێشتەوە، بەڵام هەریەکەمان کچێکی عەرەب وەک منا×فە لەگەڵمان دانرا. بۆ نیگار دالیا ی کچی بدری حسون فەرید بوو. بۆ منیش دەستگیرانەکەی حیدر منعثر بوو. ئەوانیش دوو کچە قوتابی لێهاتبوو بوون.
هەموو پۆلەکەم لەوێ بوون، کە ناویان خوێندمەوە،(دیسانەوە بەهەڵە) تەپڵی بچوکی عەرەبیان پێبوو، کوڕەکان کردیان بە تەپڵ لێدان. تا سەرکەوتمە سەر سەکۆکە و خەلاتەکەم لە وەزیر وەرگرت، قاچەکانم بە ناو یەکتردا تێکەڵ ببون وام هەست دەکرد لەیەکتر نابنەوە.
ئەو ساڵە بەرهەمێکی ترمان ئەزموون کرد، لە دوا چاوەڕوانی گۆدادا بوو. من و نیگار و شەماڵ عمر. لە هۆڵی ستین کرسی بەزمانی عەرەبی پێشکەشمان کرد. وەک کارێکی قوتابی و دوو کچ ڕۆڵی فلادمیرو وستراگۆن ببین، شێوازی دەرهێنان و نواندنی ئێمە، بووە جێی سەرنجی زۆرێک لە مامۆستا و بینەرمان. وەک کاری قوتابی بە کارێکی تەواو هونەری و سەر بە میتودی شانۆی ناماقوڵمان تێیدا بەرجەستە کردبوو. داوایان لێکردین ببینە ئەندام لە تیپێکدا کە ئیبراهیم جەلال سەرۆکی تیپەکە بوو، ئێستا ناکەوێتەوە خەیاڵم ناوی چی بوو! شەوێک لە ماڵێک داوەت کراین، لەگەڵ کۆمەڵێک لە ڕابەرەکانی شانۆی عەرەبی لە بەغداد لەو سەردەمە دا. نانخوانێکی شاهانەیان بۆ ئامادە کردبووین. لە ماڵێکی زۆر شاهانەشدا. نهۆمی خوارەوەی ماڵەکە، جێگەی وەرزش و یۆ تێراپی بوو، هەموو ئامێرێکی وەرزش و عیلاجی سروشتی لێ بوو. ژورەکەی لێی دانیشتبووین، هۆڵێکی هێچگارگەورە بوو، دوو بەش بوو، بەشێکیان بەرزتر بوو لەوەی دیکەیان، بە پێپلیکانە دەهاتیتەوە سەرئەو بەشەی ئێمە لێی دانیشتبووین. هەردوو بەشەکەیش بە پەیکەرسازی و تابلۆی هونەریی و کەلوپەلی ئەنتیک ڕازابۆیەوە خاوەن ماڵ دکتۆرێکی وەرزشی بوو. عیلاجی سروشتی دەکرد بۆ ئەو کەسانەی گرفتی ئێسقانیان هەیە، ژنەکەی بەڕەچەڵەک ئەڵمان بوو، خۆیشی خوێندنی دکتۆرای لە ئەڵمانیە تەواو کردبوو، بەداخەوە ناوەکەیم لە یاد نییە، لە تیڤیشدا بەرنامەیەکی هەبوو، کە باسی لە گرفتەکانی ئێسک وچارەسەریەکانی دەکرد. لە ناوەراستی نەوەتەکان ئەم دکتۆرە لە لایەن ڕژێمی سەدامەوە لە

سێداره درا، بەتاوانی ئەوەی سیخوڕی بۆ وڵاتی ئەڵمانیا کردووه.
ئێمه رازی نەبووین لەو تیپه شانۆییه ببینه ئەندام. هەر ئەوشەوە کۆتا بینینی ئەو کەسانه و ئەو دکتۆره بوو.
دوا چاوەڕوانی گۆدۆمان برده کەرکوک و لەوێ نمایشمان کرد. هەروەها بەشداریمان له فێستڤاڵی ئەزمونگەری پەیمانگای هونەره جوانەکانی سلێمانی پێکرد. نیگار و من لەسەر سەکۆیەکی یەک مەتری ڕۆڵمان دەبینی. جلوبەرگەکەمان کراس و پانتۆڵێکی خامی سپی بوو. چەندین رەخنه و شرۆڤەی بۆ کرا له ڕۆژنامەکانی ئێراقدا.
مامۆستایەکی نوێمان بۆ هات له ڕۆمانیا دکتۆرای تەواو کردبوو، ناوی محمد بوو، ویستی شانۆ نامەی سەمای ئاگرەکەی سترنبێرگ بکات، من ڕۆڵم هەبوو لەو شانۆ نامەیەدا، دوای چەند جارێک خوێندەوەی دەقەکه. کارەکەی وەستان.
چالاکییه شانۆییەکانی مامۆستاکانمان وەک ساڵی پێشوو زۆر نەبوون، بووه تاکوتەرا.
دۆخی جەنگ و هێنانەوەی ئەو هەموو شەهیده بە ڕۆژ. ترسی ڕژمێک که ببوه سێبەری دیوار و کورسی و دەرگا ودرەخت و کەوچک و قاپی نانخواردنەکانیشمان. جومگەکانی پەروەرده و کلتوری بەرەو نائومێدی دەبرد.
من زۆربەی بەیانیان درەنگ خەبەرم دەبۆیەوە موحازەرەیەک یان دووانم دەپەڕاند. بەیانییەکیان زوو هەستام، که خۆم کرد بە حەوشەی کۆلیجەکەدا، کۆمەڵێک قوتابیم بینی دەوری بەشێکی باخچەکەیان دابوو. هەموو تۆقیبوون. سامیان لێنشتیبوو. که چوومه پێشێ، سەیرم کرد، سەری سەربازێکه چەقیوەته قوڕەکەوە،له سەر ئەژنۆیه و خودەکەی سەریشی لەولایەوە کەوتووه. هەموو وەک ئەو پەیکەرەیان لێهاتبوو. وا دروست کرابوو هیچ لەپەیکەری نەدەکرد، چونکه جلوپۆشاکی سەربازیان لەبەر کردبوو. سەیرێکی سەربانەکەم کرد، بزانم نەکەوتۆته خوارەوە. ڕەنگه سەرەتا هەموو وەک من سەیری سەربانەکەیان کردبێت. زۆر بەپەله ئەمنی کۆلیجەکه هاتن و بڵاوەیان پێکردین . دوایش پەیکەرەکەیان لابرد. قوتابییەک شەو به دزییەوە مابۆیەوه و ئەوەی وەک پرۆتێستێک دژی سەدام و ڕیژێمەکەی و جەنگی قادسییه دروست کردبوو. گوتیان قوتابییەکه هەڵهاتووه. دوایش گوتیان له سێداره درا. بەڵام له ڕاستیدا نازانم هەقیقەتەکه کامیانه.
قوتابییەکی زۆر هەبوون دژی رژێم له ژێرەوە کاریان دەکرد. بەهەمان شێوەش ژمارەیەکی زۆر سیخوڕو ئەمنی تێدا بوو.خ×یر میری یەکێک بوو لەو چەپانەی هەمیشه لەژێر چاودێریدا بوو. هاورێیەک و دۆستێکی نزیکی کوردەکان بوو.
دونیا رۆژێک خۆی کرد به ژورا. پێی وتم: فرمێسک لەچکه سورەکەت نەکەیته ملت بەیانی یادی حزبی شیوعییه، ئەمرۆ کۆبوونەوەیان پێکردین. من بەتایبەتی دانراوم سیخوڕی بکەم بەسەرتەوه، بەڵام من رێز له باوکی رەحمەتیم دەگرم، ناتوانم خیانەت لەویش و له تۆش بکەم. لەبەرئەوه تکایه سبەی لەچکه سورەکەت مەکەره ملت و ئاگاداری خۆت به. نەک تۆ هەموو قوتابییه کوردەکان ئاگادار بکەوە، سبەی پێکەوە کۆنەبنەوه. نه له کافتریاکه نه له باخچەکه. وه هەوڵبده که ئەوان هەموو پێکەوە بوون، تۆ جیابەرەوه لێیان.

دونیا دایکی خەڵکی بەعقوبە بوو، باوکیشی خۆشناوەتی بوو. کچێکی ێسک سوکی قسەخۆش وەدەسڕەنگین بوو. هەمیشە ژورەکەمان بە قسەکانی ئەو و بەسەرهاتەکانی پێکەنین و شادی لێنەدەبڕا.

جەنگی ئێران و ئێراق درێژەی کێشا و پێی نایە ناو شەشەمین ساڵییەوە. خەڵکی بە تەواوەتی ماندوو ببوو. ڕژێمی بە عسیش بە تەواوی خوێنڕێژتر ببوو. کوردەکان دەیانتوانی هەڵبێن و نەچنە بەرەکانی جەنگەوە. لێ بۆ عەرەبەکان دەرفەت کەمتر بوو. سزای هەڵهاتنیشیان لەسەر کەسوکاریان بە زەبرتر بوو. ئەو گەنجانەی لە جەنگدا دەکوژران، ئەوانەی لە کاتی هەڵهاتنیاندا بەر دەستی ڕژێم دەکەوتن ورەمی دەکران. ئەوانەی بە لێشاو دەسگیر دەکران. ئەوانەی بە دیل دەگیران لە لایەن ئێرانەوە، ئەوانەی خۆیان بەدەستەوە ئەدا. سەدام و دەسوپێوەندەکەی تا دەهاتن، بەزەبرتر دەبوون لەگەڵ میلەتدا. هونەرمەندانی خستبووە خزمەت جەنگە دۆڕاوەکەیەوە، نەک هەر هونەرمەندە عەرەبەکانی بەغداد، بەڵکو ئەوانەی دەرەوەی ئێراقیش بە پارەیەکی زۆر گۆرانیان بەسەرسەدامدا دەگوت. کێ دەیوێرا بڵێ ناتوانم. لە پشووی هاویندا. کوڕە قوتابییەکان دەبوو بچنە سەربازگەی قوتابیان، بە ناوی جیش الشعبی. کوردەکان نەچوون، ساڵێک فەسڵ کران. ئەوانەی لە ژێرەوە پاساوێکیان بۆ خۆیان هێنابۆیە، ئەو ساڵە بە ملکەچی وەرگیرانەوە. بەڵام ژمارەیان زۆر کەم بوو، بە پەنجەی دەست دەژمێردران.

برسێتی و نەبوونی و کەم دەرامەتی هێواش هێواش ڕووی کردە ئێراق بە گشتی. سەدام لەهەر ماڵێک بە زۆرە ملێ پارچەیەکی بچوک گەر ئەنگوستیلەیەکیش بێت، دەبوو پێشکەشی جەنگ بکرێت. هەموو ماڵێک هەیبێت یان نا، دەبوو پارچەیەک ئاڵتوون تەبەروع بکات بۆ جەنگ. بۆ یەکەمین جار باوکم ئەڵقەیەکی باریکی هەرزانبەهای کڕی. هاتن لە دەرگاکەیان داین و بردیان. کچەکانی ژورەکەم دەیانگوت: تەنیا لە توالێتەکانماندا رەسمی سەدام هەڵنەواسراوە. بە تەنز و تەوسەوە لە ناوخۆیاندا باسیان دەکرد. هەموو بەگشتی نا، بەڵام زۆربەی زۆری گەلی ئێراق ڕقی لە سەدام بوو. تا دەهات پۆشاکی ڕەش زۆرتر دەبوو، لافیتەی ڕەشی دیوارەکانیش. شەوان تیڤییەکانمان تەنیا گواستەنەوەی بەرەکانی جەنگ بوو، یان دەرکردن و بەیانی جەنگ و خوێندنەوەی لە لایەن سەدام حسینەوە خۆیەوە بوو. تیڤییەکانمان بەشەو دابەش کرابوون بەسەر بەشێکی گەورەو چارەکێک. چارەکە کە هەمەرەنگ بوو، بۆ پێشکەش کردنی چەند بەرنامەیەکی هەمەڕەنگی کورت، سێ بەشەکەی تریش تەرخانکرابوو بۆ جەنگ. تەنانەت لە گۆڕەپانی کۆلیجەکەشمان بە رادیۆ و تۆماری دەنگ، بەرەکانی جەنگیان بۆ دەگواستینەوە، بەتایبەتی ئەو ڕۆژانەی هێرش بکرایەتە سەرئێراق یاخود پێچەوانەکەی بووایە. ئەوا دەتگوت ئێمەش بەشێکین لەو جەنگە و لە کۆڵانەکەی پشتییەوەین. ئێستا نا تۆزێکی تر یان دەبێ ئێمە هیرش بکەین، یان ئەوان هێرشمان بۆ دەکەن.هەواڵی جەنگ لەهەموو هەواڵەکانی تری دیکە گرنگتر بوو. بە درێژایی شەو لاشەی ئەفسەری مردوویان پێشان ئەدایین. دەبابەی بە جێ ماوو و دوکەڵ و روخساری دیلی سەرتاپا خڵ لێنیشتوو و، سەروقژ درێژ . دڵەڕاوکێی بۆهەمووومان دروست کردبوو، ئیتر دەبێ هونەر یاخود ژیان کردن بە گشتی چ ئومێدێکی هەبووبێت. کورەکانی سەدام هەموو دەسەڵاتێکیان هەبوو. لە زانکۆکاندا چ کچێک جوان بوایە

هی ئەوان بوو، بەتایبەتی عودەی دەستی گرت بەسەر هەموو جومگە هەستیارەکانی بەغداد دا وەک ڕاگەیاندن و وەرزش. تەنانەت ژنی زابت و دەوروبەری خۆشی بۆ خۆی حەڵاڵ کردبوو. گەر یاریزانی تۆپی پێ بیاندۆراندایە لە یارییەکدا، سەری دەتاشین و ئیهانەی دەکردن. زۆر بەسەر هاتی دیکەی تۆقێنەری دیکە.

ئێمەی قوتابییە کوردەکان، نەماندەتوانی زوو زوو سەفەر بکەین و بگەرێینەوە سلێمانی یان هەولێر.نەک هەر لەبەر دووروو درێژی ڕێگە و بان و نەبوونی پارەیەکی وا پێمان بەشی ئەو هەموو سەفەرە بکات!! بە ڵکو لێپرسینەوە و بنکە سەربازییەکانی بۆ کۆنترۆڵ دانرابوون، زۆر هەراسانکەر بوون. بەڵام کچەکانی تر کە لە دەوروووبەری بەغداد دەژیان، هەموو پێنج شەممانێک سەفەریان دەکرد، کە دەگەڕانەوە، خواردن و میوەی بێستانەکانیان بۆ دەهێنانین و دەبوژاینەوە. قوتابی زانکۆکانی ئەو کاتە، تەنیا قوتابی بوون، بە هەژاری و دەستکورتی ئەو چوارساڵەیان بەڕێ دەکرد، گەر کاریشیان بکردبایە، کاری کەم و نیوەچڵ بوو. وەک ئێستاکە نەبوو، نیوەی قوتابی زانکۆکان فەرمانبەر بن. ئەوانەی فەرمانبەر بوون یان بە مەکرەمەی سەدام حسین وەگیرابوون و دەبوایە بە جلی عەسکەرییەوە دەوامیان بکردایە، تا لە ئێمە جیا بکرانەیەتەوە، یان ئەوانە بوون کە قوتابی خوێندنی باڵا بوون. ئێراق زیندانێکی گەورەبوو، ئێستایشی لەگەڵ بێت هەروایە.سەدام ئێراقی کردبووە زیندانێکی وەها، کە سەرمان لە تەیارەی گەشت و گوزار بسوڕمێ کاتێک بە ئاسمانەوە بیبینین. من خۆم کە کچە قوتابییەکانی وڵاتە عەرەبییەکانم دەبینی، باسیان لە فڕۆکەخانە و سەفەرەکانیان دەکرد، بۆمن وەک ئەوە بوو باسی سەر مانگم بۆ بکەن. بە حەسرەت و ئاهەوە سەیری خۆیان و ژیانیانم دەکرد، ئەو ئازادییەی لە هەڵسوکەوت و روخسار و جەستە و کەسایەتییاندا دەبینرا، هەقیقی بوو، ئەوەی ئێمە دروستکراو بوو. کێ هەیە لە زینداندا هەست بە ئازادی و یاخی بوون بکات و چێژ لە ڕاستی ژیان ببینێت!

لەو ماوەیە دا زۆر کەسی جیاوازم ناسی، لە چەپە عەرەبەکان، لە وانەی ساڵانێکی زۆر بوو، خێزانەکانیان لە ماڵێکدا خۆیان شاردبۆیەوە. ئەوانەی بە ناوی خوازراوەوە دەژیان. ئەو کۆڵانانەی هەژار نشین بوون. ئەوانە لە ئەهوارەکانەوە سەدام هێنابوونی لە بغداد و هەندێکی تریشیانی لە کەرکوک نیشتەجێی کردبوون. ئەهوارەکان ناوچەیەکی جوگرافی مەترسیدار بوو بۆ ڕژێمی سەدام . جارێک لە ماڵی هاورێییەکمان داوەت کرابووین. دایکی لە مەتبەخەکە بە دەنگێکی نزم پێی گوتم: کە لە ئەهوارەکان بووین، باس هەر باسی مامە ریشەی کورد بوو. زۆرمان خۆشدەویست. ئێمەش دانەیەکمان هەبوو. بەس نانم ئێستا چی لێهاتووە. ئێمەیان هێنا بۆ بەغداد و لێرە نیشتەجێیان کردین. عەرەب هەر هەمووی مامە ڕیشەی دەناسی. هەر کەسێکیش ریشی هەبوایە، بەویان دەچواند. سەدام قینی لە ریش بوو، لە سلێمانی قەدەخە کرابوو کوڕان ریشیان هەبێت. چونکە سیمبۆلی مامە ڕیشە و پێشمەرگە بوو. گەر کورێکیان لە ناو بازاڕدا بەریشەوە ببینیایە ریشیان بە چە رخ دەسوتاند. یان لە پڕ گۆرەوی سپی قەدەغە دەکرا، نەدەبوو کوڕان لە پێیاندا بێت. لە ڕاستیدا ئەوەیان نانم. بۆ سەدام و دارودەستەکەی کەیفیان بە گۆرەوی سپی نەدەهات کوڕان لە پێی بکەن!! یان هەر دەمەوە و بیانوویەکیان

دەدۆزییەوە.
چالاکییە شانۆییەکان کەمتر بوونەوە. چوومە ناو سێهەمین ساڵی خوێندمەوە. هاوینی دوای سەمستەری سێهەم، بەیانییەک شەماڵ و نیگار هاتن بۆ ماڵی خۆمان و دەقێکی شانۆییان پێبوو، پێیان ڕاگەیاندم کە کارێکی نوێ هەیە، هی تیپی سالارە، کامەران ڕەئوف کاری دەرهێنانی بۆ دەکات. هاوینێکی سەخت و ژیانێکی تایبەتی سەختی خۆم. بەگشتی ئەو ساڵە ساڵێکی ۆر نەهامەتی بوو لە ژیانی تایبەتی خۆمدا. دوای پێنج ساڵ لە کارێکی تیپێکی سلێمانیدا نواندن دەکەم و بەشدار دەبم، شانبەشانی کەڵەهونەرمەندەکانی سلێمانی.
ئەم کارەیان لەگەڵ مامۆستا ئەحمەد سالار، ڕەوانشاد فوئادی حەمەومین ئاغا، عومەری کەریم ئاغا، زاهیر جەلال، بورهان ئەحمەد، مامۆستا شەفیق محمود، نیگاری شێخ حەسیب. کۆمەڵێکی زۆریش لە ئەکتەرە لاوەکانی ئەندامی تیپی سالار بوون و دەرچووی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغداد بوون.
شانۆنامەی چرا کارێکی ناوازەی ئەو سەردەمە بوو، من ڕۆڵی نەزیرەم هەبوو، کە سیمبۆلی چوارپارچە بەشکراوەکەی کوردستان بوو. کارێکی جدی بوو، ئەکتەر دەیتوانی هەموو تواناکانی خۆی تێدا بخاتەگەڕ.
ئەو کارە شانۆییە، بۆ من دەروازەیەک بوو، توانای من وەک ئەکتەر بناسرێت، فرمێسکێکی دیکە ببینرێت وەک ئەوەی لە کەلە سەردا هەبوو. ئەوکات وەک ئارەزەوومەندێکی شانۆ بووم، ئێستاکە وەک ئەکتەرێکی ئەکادیمی ناسرام. ئەو هاوینە، کارم کرد بە دزی ماڵەوەمان بەتایبەتی باوکم. باوکم نەیدەهێشت کاری دەرەوە بکەین. لەگەڵ ئەوەی دەرامەتیشتمان وا باش نەبوو، پێی خۆش نەبوو منداڵەکانی لە دەرەوە کاربکەن. بەڕای ئەو جارێ کامڵ نین و نایەوێت بچینە ناو بازاڕەوە. باوکم کەسێکی زۆر زیاد لە ڕێژەی خۆی پەروەردەیی بوو. من وەک کڵپە ئەو سنورەم شکاند، بە هۆی هۆکارێکی تایبەتەوە ویستم بۆ مەسرەفی کۆلیجم خۆم پارە پەیدا بکەم. جلوبەرگ دروویەکم هەبوو، بە سوتفە رۆژێک لەگەڵ پورمدا لەوێ بووم، شاگردەکەی کچ بوو. بووە دەمەقاڵێیان و دەری کرد، من یەکسەر بیرۆکەی ئەوەم بۆ هات، بۆ ئەم هاوینە کار نەکەم؟ بەکاک عومەری بەرگ درووم گوت: من شانۆ دەخوێنم دەمەوێت فێری دوورین بم و پێویستەمە بۆ جلوبەرگی شانۆ و لەهەمان کاتیشدا دەتوانم شاگردیت بۆ بکەم. ئەو بڕوای نەکرد و یەکسەر گوتی باشە!! زۆر بەیانیان خۆم دەڕابەی دوکانەکەم دەکردەوە. دوکانەکەم پاک دەکردەوە و قوماشەکانم دەخستە ناو ڕەفەکانەوە. دوکانەکە لە سابونکەران بوو، بەرامبەر ئەوقافی ئەو کاتە. هەرکاتێکیش بۆردوومان دەبوو، ڕامدەکردە ژێرەمینی باڵەخانەکەی ئەوقافەوە. هەموو دوکانە دراوسێکان پێیان سەیر بوو، کچێکی گەنج و جوان و بێت دوکان بکاتەوە. من شانازیم بە کارەکەم و خۆمەوە دەکرد، کە دەتوانم پارەی گیرفانم پەیدا بکەم. وەک لە کتێبەکانی گەنجیدا باسی ڕەنج و بەهای کارم دەخوێندەوە لای پرۆلیتارەکان. بڕوام بە هەموو وشەیەک بوو، کە زاناکان وەک تیۆری ژیان بۆیان نوسیبووین، من دەموست لای خۆمەوە، ئەو تیۆریانە هەر باس نەکەم، بەڵکو پەیڕەویشی بکەم لە ژیانی تایبەتی خۆمدا. بەیانییەکیان وەک هەموو بەیانییەکانی تر، دوکانەکەم شوشت و

تەلەفیزۆنەکەم داگیرساند و ئووتوی چەند پارچە قوماشێکم دەکرد کە دانرابوون بۆ پەراوە. قوماشی ڕەفەکانم ڕێکدەخست و پشتم لە دەرگاکە بوو. هەستم کرد یەکێک هاتە ژورەوە. زانیم باوکمە. لە کورسییەکە دابەزیم و ئاوڕم دایەوە، باوکم بوو.
سەیرێکی یەکترمان کرد، گوتی: پرسیارم کرد، هەموو بەیانییەک بۆ دەچیتە دەرێ بۆ کوێ؟
دایکت وتی لێرەیت. لەو کاتەدا وەستاکەم هاتە ژورێ، بە باوکمم ناساند.
گوتم: دەموێ فێری دروومان بم، بۆ وانەی جلوبەرگ .
بڕوای پێنەکردم. هیچی تری نەگوت، یا بیرم نایە شتێکی گوتبێ و ڕۆیشتە دەرێ.
هەناسەیەکی قوڵم هەڵکێشا و لەسەر کورسیە درێژە تەختەکە دانیشتم و پێڵاوەکانم لە پێ کرد.
شاگردی دوکانەکانی دراوسێم هەموو پیاو و کوڕ بوون، ڕەنگە من نەتیا کچ بوبێتم، یان سەر بە ژمارە دەگمەنەکان بووبێتم کە لە سلێمانی وەک کچێک شاگردی بکەم و بەیانیان دەڕابەی دوکانێک بکەمەوە. نیوەڕوان وەستاکەم دەچووە چێشتخانە بۆ نان خواردن، سینییەک خواردنی بۆ دەناردم بۆ دوکانەکە، سینیەکەیان بۆ دەڕازاندمەوە لە خواردن و خواردنەوە و میوە. بەیانیانیش کاتژمێر دەورووبەری دە، دوکانی شەربەت فرۆشەکەی تەنیشتمان پەرداخێکی گەورە شەربەتی مێوژی بۆ دەناردم و نانەواخانەکەیش نانێکی برژاوی تایبەتیان بۆ دەناردم. لەوێ نازیان هەڵدەگرتم. وەستاکەم بە دیاری جلی جەژنی وەک جەژنانە بۆ دووریم، قاتێکی پرتەقاڵی بوو، گوتی: کچێک تەنوورەیەکی بۆ هێناوم لە ئەوروپاوە بە دیاری بۆی هاتووە، دەیەوێ هەمانشتی هەبێتەوە، وەک ئەوە تەنورەکەیت بۆ دەرووم، کراسەکەی سەرەوەیشی، خۆم هەڵمبژارد لە یەکێک لە بوردە یابانییەکانی ئەو کاتە مۆدێلی بوو. ئەو قاتە پرتەقاڵییە، ڕەنگە زۆربەی کچەکانی هاوڕێم لەبەریان کردبێت. پێی دەگوتم: برۆ بۆ ناوبازاڕ بە دڵی خۆت قوماش هەڵبژێرە و نمونەکەیم بۆ بهێنە. دوای خۆم دەچم دەیکڕم. منیش وام دەکرد. وەستا عومەری خەیات، لە سلێمانی یەکێک بوو لە خەیاتە دەسڕەنگینە بەناوبانگەکان. مەعمیلێکی زۆر زۆری هەبوو، یەک عەیبی هەبوو، قوماشەکەی هێشتا نەبڕیبوو، دەیگوت: ناردوومە بۆ ئوتوو و تەواو بووە هاهاها.
کاک عمر کێشەی نخاع الشوکی هەبوو، هەر بەزگماکی کەم ئەندام ببوو، هەرکەسێکی دیکە بوایە خۆی بە خاوەن پێداویستی تایبەت دەزانی، بەڵام ئەو زانا و لێهاتوو، بەهرەمەند بوو. زۆر کارامە ولێهاتوو کاری دەکرد و کارەکەی خۆیشی زۆر خۆشدەویست.

کۆلیجەکەمان وەک زۆربەی کۆلیجەکانی دیکەی بەغداد و شارەکانی دیکەی ئێراق و مەکتەب و فەرمانبەرایەتییەکان، هەر ڕۆژە ناڕۆژێک پاسی کۆستەر دەهاتە بەر دەرگای کۆلیجەکە و بەرەو خۆپێشاندان دەیانبردین. خوێندن ئەو کوالیتییە بەرزەی نەما وەک ساڵەکانی پێشوو. سەدام کیمیا بارانی هەڵەبجەی کرد، ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفالی دەستپێکرد. بزوتنەوەی سیاسی کورد کەوتە مەترسییەوە و پێشمەرگە وەک جاران نەیان دەتوانی، بێنە ناو شارەکانەوە. شکستی

دەروونی تاکی ئێراقی و کورد لە باڵادا بوو.
دکتۆر سەلاح قەسەب کارێکی شانۆیی نوێی دەسپێکرد. زۆربەی ئەکتەرەکانی کورد بوون. میدیا، نیگار، ئارام، من. ماوەیەک لە پرۆڤەدا لە گەڵیان بووم و دوایی وازم هێنا. هیچ خۆم لە کارەکتەرەکەدا نەدەدۆزییەوە. ئیتر من وەک شانۆکار ستایلی خۆم دۆزییەوە. هەر لەو ساڵەدا دەرگایەکی دیکە بۆمن کرایەو، ئەویش درامای ئێراقی بوو. لە شانۆوە بۆ تەلەفزیۆن. لەوێ لە درامای نادییە ڕۆڵم پێدرا.
نەک هەر ئەوە بەڵکو وەک روخسارێ نوێ بۆ سینەمای ئێراقی بۆ دوو فیلم هەڵبژێردرام کە ڕۆڵیان تێدا ببینم. یەکێکیان کاری دەرهێنەر عبدالهادی الراوی بوو، ئەویدیکە هی حسین ئەمین بوو. ئەو ڕۆژەی چاوپێکەوتنم لە گەڵدا کرا و پرۆفایلم وەرگیرا. عەبدللهادی الراوی، پرسیاری ئەوەی لێکردم کە شوم کردووە؟ گوتم : نەخێر.
عبدالهادی الراوی: گەر نواندنت خۆشدەوێ، دەتەوێ تا مردن بۆی بژیت، واز لە شووکردن بێنە، چونکە خێزان دروست کردن گەورەترین ڕێگرە لەبەردەم کاری هونەریدا. من لەو بۆچوونەی ئەو لەو کات و تەمەنەدا تێنەگەیشتم بۆ دەبێ وابێت.
کە گەڕامەوە بۆ بەشە ناوخۆیی و بە دڵێکی خۆش و پڕ شانازییەوە ئەو هەواڵەم دا بەکچانی ژورەکەم. داخەکەم یەکێک لە نزیکەکانم بە قاقایەکی زۆر ئیهتزازییەوە گاڵتەی پێکردم، گوتی: ئیتر لەسەر دەرگای سینەماکان وێنەی فرمێسک دەبینین لەگەڵ راسم جمیلی و چەند ناوێکی دیکەی گوت، کە ئەکتەری کۆمیدی سینەما و درامای ئێراقی بوون.
کۆتایی ساڵەکانی کۆلیج نیوەی باڵەخانەکانیان داخست و ئێمەیان بردە باڵەخانە بەرزە پێنج نهۆمییەکە. لەوێ هۆڵێکی گەورەیان چۆڵکردبوو بۆ نەک شەش قوتابی بەڵکو هەشت کەس بووین لە هۆڵێک پێشتر کتێبخانە یاخود ژوری دورووما‌ن بوو. لەوێش هەرحەوت کچەکە دەڕۆیشتن بۆ دەوام من لە شیرینی خەودا بووم، بەیانی وا هەبوو سەرم دەخستە ژێر ئاوێکی سارد ساردەوە تا خەبەرم بێتەوە، هەندێ کات لە ژێر بەلوعەی ئاوە ساردەکە دا خەو بەری نەئەدام. تەنیا ڕۆژی پێنج شەممان ئاوی گەرممان هەبوو دەبووە شەڕ لەسەر خۆشتن، چونکە ئاوەکە زوو سارد دەبووەوە. یەکێک لە کچە هاورێکانم فێڵێکی دۆزییەوە، قفڵی دووشەکانی لێ دەکردەوە، تا خۆی و جلەکانی دەشوشت. دوایی بە دزییەوە قفڵی دەدا بەو کەسانەی هاورێی نزیکی بوون. هەموو پێنج شەممەیەک زەرفێکی عەلاگە قفڵی پێبوو. کە دەگەڕامەوە لە سلێمانییەوە، هەر ئەو هاورێیەم خاولییەکی پەمەیی لە بالکۆنەکە دا هەڵدەواسی تا من لە هێڵی خێراوە بیبینم. دەیگوت: ها دەی تۆ گێژی ناتوانی بەشە ناوخۆییەکەت بدۆزیتەوە. شەوێکیان گەرما زۆری بۆ هێنابووین. لە بالکۆنەکە دا دەنوستین. ئەو شەوە گرەوم کرد، لە نێوان بالکۆنەکانەوە باز هەڵبدەم بۆ بالکۆنەکەی تر. تا چەند بالکۆنێکم برِی و وازم هێنا. ئێستا بێت ڕەنگە لە بیرکردنەوەکەیشی سڵ بکەمەوە. ڕۆژێکیان دەبوو بچمە دەرێ، ئاویشمان نەبوو، هاورێی خاوەن قوفڵەکان، گوتی: گوێ مەدەرێ، تەشتی جل شوشتنەکەم دەهێنم و ئاوی موبەردیدەکە دەردەهێنم بە سۆندە و خۆت بشۆ. بە قسەیم کرد. کەفاو چووە خوارەوە بۆ هۆڵەکەی ژێرمان. ئەوەنەمان زانی پاسەوانی بەشەناوخۆییەکە بە دارێکەوە لە دەرگای

ژورەکەمانی دا. من عاسی بووم لە بالکۆنەکە لە ناوتەشتەکەدا، هاوڕێ میهرەبانەکەیشم، دەرگای بالکۆنەکەی گرتبوو، نەیهێشت بێتە ژورەوە. ئیتر هەر ڕۆژێک و شەوێکمان بە ڕووداوێکی سەیر و سەمەرە دەبردە سەر، هەر ئەو هاوڕێیەم گەر توڕەمان بکردبایە، رادیۆکەی دەخستە سەر خۆپێشاندان. ڕژێمی سەدام هەر بەوە نەدەوەستایەوە بەزۆرە ملێ خۆیمان بۆ نمایش بکات لە تیڤییەکاندا، رادیۆکانیش خۆپێشاندانە ناقۆلاکانی دەگواستەوە. بەلام بەیانیان پێش کاتژمێر هەشتی بەیانی گۆرانی فەیروز پەخش دەکرا تا هەشت و چارەک. ڕۆژێک تاقیکردنەوەمان هەبوو، بەیانی زوو هەستام، فریای کاتژمێر هەشت کەوتم گوێ لە فەیروز بگرم، هێندەم گۆرانییەکانی خۆشدەویست نەچوومە تاقیکردنەوە تا گۆرانییەکانی تەواو بوون لە پەخش کردن. هەر لە قۆناخی یەکەممەوە، رادیۆیەکی ڤیثارەم هەبوو، کە قەبارەی هێندەی مۆبایلێکی ئێستاکە بوو، هەمیشە لە ناو جانتاکەما بوو، بە ڕێوە گوێم لە رادیۆ دەگرت. لە پۆلدا هەر وانەکە بێزارکەر بوایە لە جانتاکەمدا دامدەگیرساند و گوێم شۆڕدەکردەوە بۆ ناو جانتاکەم. گەر گۆرانی بوایە گوێم لێ دەگرت. شەوێکیان من و نیگار لە پرۆڤە گەڕاینەوە، زۆر ماندوو بووین. مەنجەڵە برنجە سوورەکەمان هێنا، بێ ئەوەی برنجەکە بکەینە قاپەوە، هەر لەسەر مەنجەڵەکە دەمانخوارد و سەوزەشمان لە تەنیشت خۆمانەوە دانابوو. بەدەم قسەکردن و قاقاوە نانمان دەخوارد. من و نیگار لە تەمەنی لاوێتیمانەوە ئەوە حاڵمان بوو، هەر خۆمان لە خۆمان دەگەیشتین کە بەدەم پێکەنینەوە قسەمان دەکرد. کچێک هات بە میوانیمان، وتمان دانیشە تا لەخواردن دەبینەوە. پرسیاری هەبوو دەربارەی یەکێک لە وانەکان. ئێمە هەر نانمان دەخوارد و پێدەکەنین و سەوزەمان دەخوارد. دوایی هیچ نەمایەوە، تەنیا سەوزەکە نەبێت، زۆریش تێر بووین، وەک هەموو جارێک بەشەکەی ترمان کردە دیمەنی شانۆیی. سەوزەکەمان دەکردە کونە گوێمانەوە و محاوەلەمان دەکرد ببینە دار. خۆی لە ڕاستیدا مەبەستمان لەو کچە بوو، چونکە لە زۆربەی دیمەنەکانی ئامادەمان دەکرد بۆ وانەی نواندن، ئەو یان ڕۆڵی درەختێکی دەبینی یان ڕۆڵێک هیچ حیوارێکی نەبێت. ئەو کچە لە گوندێکەوە هاتبوو لە خوارووی ئێراق. بە پێکەنینەوە دەیگوت: باوکم ئێستایش وا دەزانێت کۆلێجی شەریعە دەخوێنم. دوایی ئاو و ماستاو و سەوزەکانمان کردە ناو مەنجەڵەکەوە. کچەکە خۆی پێنەگیرا بە هێڵنج لێدانەوە ڕایکردە دەرێ. دوای کە هاتەوە گوتی: بەڕاستی پێم بڵێن ئێوە بۆ وا دەکەن؟ پێمان گوت: ئەوە سیحرە!! گوتی: یانی چۆن؟ گوتمان: دەی وەرە چی لە دڵتایە بیکە نیاز و بیخە دڵتەوە. دواجار باز هەڵبدە بەسەر مەنجەڵکەدا دوو سێ جار. من بەدەنگی بەرز لە خۆمەوە بە کوردی شتم دەگوت، نیگاریش بە عەرەبی بازەکانی دەژمارد و بە ئاماژەیەکی هونەری جوان، ئەوەی دەگەیاند کە بازەکانی دووبارە بکاتەوە. کچێکی زۆری عەرەب دەهاتن، تا نیازیان حاسڵ بێت. ئێمەی کچە کوردەکان زۆر چەتوون بووین. بەسەرهاتەکانمان تەواو نابن. گەزیزە زۆربەی گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانی دەگۆڕییە سەر دیالێکیتی میلی کە پێیان دەگوت عەرەبی جلفی. ئێمە لە گۆڕەپانەکەدا پێکەوە گۆرانییەکانمان دەگوت. هاوڕێکەم چی بە دڵ نەبوایە لەبەر خۆیەوە بە کوردی جنێوی ئەدا. زۆرترینیان سەگباب بوو. ڕۆژێک لە وانەیەکدا نمرەیەکی خراپی وەرگرتەوە بە مامۆستاکەی گوت: سەگباب. ئەویش چوو دەرگاکەی پێوە دا. وای زانی

پێی دەڵێ (سد الباب) واتە دەرگاکە دابخە.
دڵخۆش و پڕ وزە و پڕ کار بووین.
زۆر پێدەکەنیم، زۆر زۆر. زۆریش دڵشاکاو بووم زۆر زۆر.
ڕۆژێک لە کۆلیج مامۆستایەکم بە ناوی ریاض الشهید پێی گوتم: با بچین بۆ دائیرەی سینەما و مەسرەح. لەوێ داوایان کردوویت. من لەگەڵیدا چووم، چووینە ژوری بەڕێوەبەر و ئەو فۆرمولایەکی لێ وەرگرت و پڕی کردەوە. هەر هەمان ڕۆژبوو کە پرۆفیلەکەمیان وەرگرت بۆ فیلم و دراماکانی تیڤی و سینەمای ئێراقی. لە ڕێگە وتی: ئێ! چیت دەوێ لەوە زیاتر.
من : چی؟
ریا× الشهید: داوایان لێکردم فۆرمولایەکت بۆ پڕکەمەوە، ئامادەی بکەن، هەر کۆلیجت تەواو کرد لەوێ ببیە فەرمانبەر.
من: بەڵام من کە کۆلیجم تەواو کرد دەمەوێ بگەرێمەوە سلێمانی.
ریا× الشهید: جارێ پێش ڕووداوەکان مەکەوە. ئەوە بۆ قوتابییەکی تازە دەرچوو، خەوە و دەگمەن شتی واڕووی داوە، لێ من دەمویست بچمەوە شارەکەم.
هاورێیەکی زۆر نزیک و خۆشەویستم هەبوو، باسم عبدالقهاری ناو بوو. لە کاری تەواو کردنی کۆلیجیدا، من ڕۆڵم بۆ بینی. ئەو کارە جێگەی سەرنجی مامۆستاکانمان بوو. بەشداری فێستڤاڵی ساڵانەی زانکۆکانی کرد. ئەو خەڵاتی باشترین دەرهێنەر و من باشترین ئەکتەری ئەو ساڵە.
چوار ساڵ لە خۆشی و چەتوونی و ئازایەتی و دەستکەوتی بەرز بەرز. چوار ساڵ دڵشکاوی و نشوستی و هەژاری و گوزەرانێکی قورس. پێمان خستە ناو حەوت ساڵی ڕەبەقی جەنگ، کە داهاتووی ئێمەی گەنج هیچ ڕوون نەبوو.
لە سلێمانی فیستڤاڵی ساڵانەی پەیمانگە بوو، بڕیارمدا بچمەوە سلێمانی بۆ دیتنی فێستڤاڵەکە جانتایەکم پێیە پڕە لە کتێب کە لە پێشانگەی ساڵانەی کتێبی بەغداد، هێنابووم و کڕی بوومن. لەگەڵ شەهادەی باشترین ئەکتەرەکەی وەرم گرتبوو، بیبەمەوە بۆ باوکم و پێشانی ئەوی بدەم.

لە لای چەمچەماڵەوە نەیانهێشت بچینە سلێمانی، گوتیان قەدەخەی هاتووچۆیە لە سلێمانی. نابێت کەس بچێتە سلێمانی. ئێمەیان داگرت لەگەڵ یەک دوو پاسی تردا، ئەوەی گەڕایەوە بەغداد گەڕایەوە. دوو پاسی کۆستەر مانەوە. یەکێک لە پاسەکان ئەوە بوو کە من پێ هاتبووم . بووە لای ئێوارە. دوو شۆفێری پاسەکە مۆقیان بوو و سەیری منیان دەکرد. من سام گرتمی، چوومە لای ژن و پیاوێکی گەنجەوە لە ژن و مێردیان دەکرد. کە بڵێن من لەگەڵ ئەوانم. ئەوان نەیانگرتمە خۆیان. لاوێکیش لەوێ بوو. کە لە پاسەکەدا لە تەنیشتمەوە بوو، لە دوورەوە لەسەر گردەکە سەیری دەکردم، لە دلی خۆمدا لە خوا دەپاڕامەوە بلێ لەگەڵ منە، یاهیچ نەبێ بێتە نزیکمەوە. من تەنیا بووم. یەکێک لە پاسەکان گوتی: من دەچمە کەرکوک کێ دێت لەگەڵما؟ خێرا من گوتم: بەڵێ. لەوێ ناسیاومان هەبوو، بە خۆمم گوت دەچمە ماڵی

ئەوان، هەر وەک جارەکەی پێشوو کە دووچاری هەمان شت بوومەوە.

لەو کاتەی تریاندا دەستم سوتا بوو. ئێوارەیەک لە بەشە ناوخۆیی زۆر دڵشکاو بێ هیوا بووم لە ژیان. بێ ئومێد بووم لە هاورێیەتی. هەستم کرد ئەو پەڕی دڵتەنگیمە، من رقم لە دڵتەنگییە و بەرگەی ناگرم. لە مەتبەخەکە خەریکی هێلکە و رۆن بووم، رۆنەکە داخ ببوو، پێش ئەوەی هێلکەکەی تێبکەم، دەستم خستە سەر مەخسەلەکە و رۆنە قرچاوەکەم کرد بە دەستی چەپمدا، پەنجە گەورەم و نێوان پەنجە گەورەو پەنجەی شایەتمانم زۆر بەخراپی سوتا. خێرا بردیانمە خەستەخانە و لەوێ دەرزیان لێدام و بە لەفاف بەستیان. دەمویست ژانێکی فیزیکم هەبێ، نەک دڵم هێندە تەنگ و بێ هیوابم. ژانی سوتاوییەکەم هێندە زۆر بوو، دڵتەنگییەکەم بیرچووەوە. لەبەرئەوەی پلەی سوتاوییەکەم زۆر بوو دەبوو بچمەوە بۆ سلێمانی، بەڵام رێگە داخرابوو، چوومە کەرکوک و گوتم ئەمجارەیش هەروا دەکەم، دەچمەوە ماڵی کاک کەمال. ماڵی کاک کەمال وەک ماڵە مام وا بوو بۆ ئێمە. کاک کەمال و خێزانەکەی، کاتێک باوکم زیندان دەبێت لە ئەمنی کەرکوک، کاک کەمالیش یەکێک لە برادەرەکانی زیندانی دەبێت. لەوێ هاوکاری دایکم دەکەن و لەگەڵ باجی مریەمی خێزانی، خزمەتێکی زۆری دایکم وکڵپەی برام کە ساوا دەبێت دەکەن. کاتێک باوکم لە زیندان ئازاد دەبێت، هاموشۆیان بەهێزتر بووە. خۆشترین ساتەکانی منداڵیمان ئەو کاتانە بوو کە هاوینان دەچووینە کەرکوک بۆ ماڵی کاک کەمال، ئەوان دوو کوڕ و چوار کچیان هەبوو، ئێمەش پێچەوانەی ئەوان بووین.

ئەو ئێوارەیە بڕیارم دا بچمە ماڵی کاک کەمال. کە سەرکەوتم، هەردوو شۆفێرەکە بووە شەڕیان بە دەرنەفیس لەیەکتر دەرهێنا. ئەو دەیگوت: تۆ نابێت بیبەیت. ئەویتریان دەیگوت: من دەیبەم. تومەس شەڕەکە لەسەر من بوو. منیان بۆخۆیان هەڵگرتبوو. لە پەنجەرەکەوە شۆفێری پاسەکەی تر هات و پێی گوتم: وەرە لای من چیت دەوێ بۆتی دەکەم. وەک پەیکەرێکم لێهاتبوو لە ترسا تۆقی بووم و کەسیش هەڵی نەئەدایی لەسەرم. من رۆیشتمە ناو گەراجی کەرکوک . شۆفێرەکە پێی گوتم لە گەڵیدا بچمەوە بەغداد. لەوان وابوو کە گەر بێتو کچێک بە تەنها بێت، بە ئاسانی دەتوانن ببنە خاوەنی، بەڵام خاوەنێکی پیسی ناخ پیسی دەماخ پیس. منێک تەنیا قوتابی کۆلیج نەبێ هیچی تر نەبووم، کچی خێزانێک بووم، دەمویست بچمە فێستڤاڵێکی شانۆیی لە شارەکەم ساز دەکرێ. شۆفێرەکان کوردیش بوون، کورد!
هەر لە گەراجەکە دابەزیم بە پەلە خۆم گەیاندە ئۆتۆمبیلێکی نەجدە، کە پۆلیسی ئێستان. شکایەتم لە شۆفێرەکە کرد. ئەویان دابەزاند و منیشیان بردە ژورەکەی خۆیان لەوێ تەلیفۆنم کرد بۆ ماڵی کاک کەمال و کوڕە گەورەکەیان بە ناوی فەلاح لەگەڵ یەکێک لە خوشکەکانیدا هاتن بەشوێنمدا و ژمارەی تەلیفۆنی خۆیان دا بە پۆلیسەکان.
گرێبەستم کرد لەگەڵ دەزگای بابل بۆ بەرهەمهێنانی فیلم ودراما. دەرهێنەری دراماکە ×لاح کرم بوو. کۆمەڵێکی زۆر لە ئەستێرە بەناوبانگەکانی ئێراق بەشداریان تێدا کردبوو. لەگەڵ کۆمەڵێک گەنج، کە هەڵبژاردەی دواڕۆژێک بوون بۆ سینەما و درامای ئێراقی، من یەکێک

بووم لەو روخسارو بەهرەمەندانە. گۆرانی زنجیرە تەلەفیزیۆنییەکەیش کازم ساهر، گۆرانی بۆ گووت. کە یەکەم جار بوو، گۆرانی بێژ گۆرانی بۆ دراما بڵێت. کازم ساهر وەک هاوڕێمان بوو، ئەو خۆی بە کورد دەزانی. هەمیشە قاتێکی سپی هەبوو، لەبەری دەکرد و بۆ ئاهەنگەکانی سەرەتای کۆلیج دەهات و گۆرانی بۆ دەگوتین. کەسێکی شەرمن و دڵفراوان و متەوازع و روح سوک بوو.

چوارساڵی کۆلێجم تەواو کرد. مامۆستاکانم داوایان لێ کردم نەگەرێمەوە سلێمانی. د.فازل خلیل سوێندی خوارد، گەر نەچمەوە سلێمانی، ماستەر و دکتۆرام پێ تەواو دەکەن. لە ناوچەی ساڵحیە شوقەیەکم پێ دەدەن. دکتۆر شەفیق مەهدی، پێی گوتم: فرمێسک تۆ بەتەمای کورد بتکاتە وەزیر!! مەڕۆرەوە لامان بمێنەرەوە، ئێرە جیهانی بەرهەمهێنانی ئەکتەر و هونەرمەدانە. سەیری کە زۆربەی ئەستێرەکانی گۆرانی و نواندن لە ناوچەکانی خواروی ئێراقەوەن و لێرە مانەوە. گەر بچونایەتەوە شارەکانی خۆیان نەدەگەیشتنە ئەم پلەو پایە و ئەستێرەیەی ئێستاکەیان. بمێنەوە تکایە بمێنەوە.
گوتم: دەمەوێ بچمەوە لای دایکم و باوکم.
پێویستم بە باوەشێک بوو بمپارێزێت. پێویستم بە دڵێکی گەرمی ڕاستەقینە بوو خۆشی بوێم. پێویستم بە دڵنیا بوون بوو. بیرم لە ناوبانگ و پلە و پۆست نەدەکردەوە. ئەوەی بیرم لێدەکردەوە، دەبێ بگەرێمەوە ماڵەوە. تەنانەت خودی شەهادەکەیش بۆ من گرنگ نەمابوو. لەو چوار ساڵەدا وەک چل ساڵ بووبۆ من لە کەڵەکەکردنی ئەزموون و شانۆکردنەوە. کاری کۆتاییم لە شانۆی ناماقوڵ بوو. شانۆ نامەیەکی یونسکۆم دەرهێنا. هەڵەم نەکردبێ بە ناوی ئەکادیمیستەوە بوو. لەسەر سەربانی کۆلیج پێشکەشم کرد.

دکتۆر بەدری حسون فەرید، کە مامۆستای دەنگ ودوو بوو. تاقیکردنەوەی دەرسی پراکسیسی پێ نەکردم هەروەها نواندنیشم نەکرد، بەڵام لە تیۆریدا دەری نەچاندم، گوتی: با بۆشاییەک بهێڵینەوە کە لە پشوی هاویندا بیربکەیتەوە، بمێنیتەوە لە بەغداد یان نا؟
نامەوێت باسی ئەو ڕۆژانەتان بۆ بکەم، بە دڵی شکاوەوە تا دەگەڕامەوە بەشەناوخۆیی دەگریام و بە شۆکەوە دەگەڕامەوە. نامەوێ باسی ئەو کەسانەتان بۆ بکەم، شەوانە تێلیان بۆ هاورێکەم دەکرد و لە ماڵی کچێکی کوردی هاوڕێم کۆدەبوونەوە و قسەیان بە تەلەفۆن بە من گوتووە لای هاورێکەم. دەستیان دەخستە ژیانی تایبەتیمەوە. نامەوێت باسی ئەو کوڕە کوردانەتان بۆ بکەم، لە ژێر دارەکاندا لە کاتی پشووی نێوان موحازەرەکاندا، جەریدەی کون کردووە و چاودێری منی کردووە لەگەڵ کێ قسە دەکەم و لەگەڵ کێ لە گوڕەپانەکە دادەنیشم. نامەوێ باسی ئەو گەلەکۆمەکانە بکەم کە لێم دەکرا. باسی خیانەت و درۆ و چەقۆکانی پشتم بکەم. باسی جەنگ و هەواڵە شومەکانی بکەم. لە دەستدان و بێ ئومێدی لە ئەشقدا بکەم. ئەو لاوانە بهێنمەوە یادی خۆم کە گوزارشتیان لە خۆشەویستی خۆیان بۆ دەکردم. ئەو شاعیرەی نەمدەناسی و لە فێستڤاڵی مەربەد دا بێ ئاگایی خۆم، بوومە ئەستێرەی فێستڤاڵەکە و

هۆنراوەیەکی درێژی بەسەر مندا هەڵدا بوو، منی تێکەڵ بە ڕووداوە گەورەکەی چوارتا کردبوو، کە ئێران هێرشێکی گەورەی کردە سەری. بەناوی فرمیسکەوە وە بوو. لە خوارەوە و کۆتایی هۆنراوەکە دا نوسیبووی ی فرمێسک تعنی دمعە. وهی اسم فتات کوردیە لا تو×ف فی رقە و الجمال. شاعیرەکە ناوی استناد حداد بوو. بەشدار بووانی فێستڤاڵەکە کە هەندێکیان لە کۆلیجی هونەر بوون، ڕۆژنامەکەیان بۆ هێنام . منی تورە کرد، نەک دڵخۆشم بکات. دەترسام وا بزانن من و ئەو کورە یەکتر دەناسین نە بینیبووم نە دەمناسی و نە لە کۆلیجی هونەرەجوانەکان قوتابی بو، نە لە ژیانیشمدا ناویم بیستبوو. دیاربوو ئەو منی لە یەکێک لە کارە شانۆییەکاندا بینیووە.

دەمەوێ ئەو ساتانە بێنمەوە یادی خۆم، کە دەستکەوتم هەبوو. خۆشەویستی مامۆستا و زۆربەی هاورێکانی ئەوێ بووم. د. فاضل خلیل هەر کاتێک منی دەبینی سڵاوی بۆ باوکم دەنارد. جعفر السعدی دەیگوت: دەبێت هەموو بەیانییەک بێیتە ژورەکەم بەیانی باشم لێ بکەیت. کە دەتبینم گەشبین دەبم، ڕۆژەکەم باش دەبێ. صلاح قصب بە ناوی زینەوە بانگی دەکردم و باوەشی پێدا دەکردم و دەیگوت: باباتی خوما محتاجە شی. (باوکەکەم خۆ هیچت پێویست نییە؟) دەمەوێت بیر لەوە بکەمەوە لەو چوار ساڵە توانیم ببمە ئەستێرەیەکی ئێراقی. پەیمانم لەگەڵ خودی خۆم و شانۆ نەشکاند. ئەوەش ڕاستگۆیی و بڕوای ڕێگەکەم بوو کە هەڵمبژاردبوو. ئەوەش هەقیقەتی من بوو. هەموو ئەوانەی بە رۆژگاریش دەمبینی و لێم بەسەر دەهات، ناوم نا ئەزموونی ژیانکردن و بەئاسماندا چوون. ئەوانی تر چوون و نەمان و شانۆ مایەوە!

(کۆتایی بەشی دووەم)